

# بەربەستەکانی بەردەم چارەسەرە بەردەوامەکان کە ئاوارەو گەڕاوە کەمئەندامەکان لە عێراقدا ڕووبەڕووی بونەتەوە: ڕاوێژێکی خیرا

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بەو بنەمایەی کە کۆچکردن بەشێوەیەکی مرۆڤانە و ڕێکخراو سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگەکانیش هەیە. وەکو ڕێکخراوێکی نێوحکوومەتی، ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ لەگەل هاوبەشەکانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار دەکات بۆ: هاوکاریکردن لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە کارگێڕییەکانی کۆچ؛ باشترکردنی تێگەیشتن لە پرسەکانی تایبەت بە کۆچ؛ هاندانی پێشوەچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەڕێگەی کۆچ؛ هەروەها پابەندبوون بە کەرامەتی مرۆڤ و خۆشگوزەرانیی کۆچبەرانەوە.

ئەو بیر و ڕایانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕاون هی دانەرەکانیانن و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بێت. ئەو زانیارییانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە تەنیا بۆ مەبەستی زانیاریی گشتییە. ناو و سنوورەکان بەمانای پەسەندکردنی فەرمی یان قبووڵکردن لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەت.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵ دەدات ئەم زانیارییە بەوپەڕی دروستییەوە بهێلێتەوە، بەڵام بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئەو زانیارییە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە بێ کەموکوڕییە و گونجاوە – جا ئاماژە پێ کرابێت یان نا.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

ناونیشان: کۆمەڵگەی یونامی (دیوان ٢)، ناوچەی نێودەولەتی، بەغدا\عێراق

ئیمەیل: iomiraq@iom.int

ماڵپەڕ: Iraq.iom.int

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کاتتەرخانکردن و بۆچوونەکانی ئەو کەسانە بەرز دەنرخێنێت کە چاوپێکەوتنی لەگەل کردوون بۆ زانیاری.

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و بازرگانی حکومەتی ئوستراليا لەژێر پرۆژەی "پشتیوانیکردنی چارەسەرە بەردەوامەکان، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یەکگرتنەوە لە عێراق" دابینکراوە.

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢١

هەموو مافێک پارێزراوە. لەبەرگرتنەوە، هەڵگرتن یان گواستنەوەی هەر بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بە هەر شێوازێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی یان کۆپیکردن، بەبێ وەرگرتنی ڕێپێدانی نووسراوی پێشوەختە لەلایەن بڵاوکەرەوەکە، ڕێگە پێدراو نییە.

# ناوەرۆک


**پێشەکی** ٤

**کورتکراوەکان** ٥

**پوختەی جێبەجێکردن** ٦

ڕاسپاردەکان لە ڕێگەی چارەسەرە بەردەوامەکان ٦

ڕاسپاردەکان بە گوێرەی کۆسپی بەردەم گەڕانەوە ٦

**پێشەکی** ٨

پاشخان ٨

**میتۆدۆلۆجی** ٩

سنوورەکان: ١٠

**دەرەنجامە سەرەکیەکان** ١١

١. ئەو ئاستەنگانەی کە ئاوارە ناوەخۆیی و گەڕاوە کەمئەندامەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە لە دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکاندا ١١

٢. نیازی گواستنەوە ٢٢

**ڕاسپاردەکان** ٢٤

**پاشکۆی ١: داتای لاوەکی پێداچوونەوەی بۆ کراوە** ٢٦

**پاشکۆی ٢: وەی داتائامرازەکانی کۆکردنەوە** ٢٧

پرسیارنامە - ئاوارە ناوەخۆییەکان و گەڕاوەکان ٢٧

پرسیارنامە - لایەنی پەیوەندیداری سەرەکی دەرەوە ٣٣

# پێشەکی

زانیاری لەسەر بەربەستەکانی بەردەم دابینکردنی چارەسەری هەمیشەیی کە ئاوارەکانی ناوخۆ و گەڕاوە لە کەسانی کەم ئەندامان لە عێراقدا ئەزموونی دەکەن، لەڕادەبەدەر کەمن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق شانبەشانی حکومەتی عێراق و هاوبەشەکانی تر کاردەکات بۆ دروستکردنی هەلومەرجێک کە ڕێگە بە ئاوارەکان بدات بگەڕێنەوە و بگوازنەوە یان لە ناوخۆدا تێکەڵاو ببن بە شێوەیەکی خۆبەخشانە و سەلامەت و شکۆمەندانە – لە ڕێگەی پاکێجێکی گشتگیرەوە کە بۆ چارەسەرکردنی بەربەستەکانی بەردەم چارەسەرە بەردەوامەکان داڕێژراوە.

بە پشتیوانی بەخشندەیی حکومەتی ئوسترالیا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق بەردەوامە لە بەهێزکردنی ڕێبازی خۆی بۆ تێکەڵاو کردنەوەی کەمئەندامان. لە ساڵی ٢٠١٩دا، ستراتیژیەتی تێکەڵاو کردنەوەی کەمئەندامان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ - عێراق ٢٠١٩-٢٠٢١ دەستپێکرد، کە چەند بناغەیەکی بەهێزی بۆ پراکتیک و بەرنامەکانی کردنەوەی کەمئەندامی دانا. لە ساڵی ٢٠٢٢دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ستراتیژی وڵات ٢٠٢٢-٢٠٢٤ وە ستراتیژی تێکەڵاوی کەم ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ سەرنجی کۆتایی بە زیادکردنی بەرپرسیارێتی لە نێوان هەموو پرۆژەکان و بەشەکانی پشتیوانی پرۆژەکان لە سەرانسەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق بۆ کەمکردنەوەی ئەو بەربەستانەی کە کەسانی کەم ئەندام ئەزموونی دەکەن، لەوانەش دەستڕاگەیشتن بۆ چارەسەری هەمیشەیی.

ئەم ڕاپۆرتە ڕێگای کۆنکرێتی بۆ ئەندامانی حکومەتی فیدراڵی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیاریکردنی چارەسەری هەمیشەیی بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەزموونی کەسانی کەم ئەندام و گەڕاوە کەسانی کەم ئەندام لە عێراق..

لە کۆتاییدا، هیواداریین پشتگیرییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لەو لێهاتوویی و سەرچاوە و هاودەنگییانە وەربگرین کە کەسانی کەم ئەندام لە عێراقدا دەریانبڕیوە، بە ئامانجی بەرزی بەشداریکردن لە عێراقێکی گشتگیرتر.

جۆرجی جیگاوری

سەرۆکی ئەرک

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| CCCM | هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کامپەکان |
| CRPD | پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی کەسانی کەمئەندام |
| GBV | توندوتیژی جێندەری |
| HLP | شوێنی نیشتەجێبوون و زەوی و موڵکەکان |
| IDP | ئاوارەی ناوخۆیی |
| IOM | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران |
| IQD | دیناری عێراقی |
| ISIL | دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| MOMD | وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران |
| MCNA | هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی فرە-کۆمەڵ |
| OPD | ڕێکخراوی کەسانی کەمئەندام |
| WASH | ئاو و ئاوەڕۆ و پاک وخاوێنی |
| SS-WG | گروپی واشنتۆن، سێتێکی کورتی پرسیارەکان |
| WHO | ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی |

# پوختەی جێبەجێکردن

زانیاری لەسەر کەسانی کەمئەندام و ئەو بەربەستانەی کە لە عێراق روبەڕووی دەبنەوە لەو ناوچانەی لێی ئاوارەبوونە و بۆی گەڕاونەتەوە زۆر دەگمەنە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەسانی کەمئەندام باشترین توانایان هەیە زانیاری بدەن سەبارەت بەو ئالینگاریانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران لە عێراق هەوڵیدا ڕاوێژێکی خێرا لەگەڵ کەسانی کەمئەندامی ئاوارەی ناوخۆیی و گەڕاوەکان ئەنجام بدات لە پێناو قووڵکردنەوەی تێگەیشتنی بەربەستەکانی بەردەم ئەم چارەسەرە بەردەوامانەی کە کەسانی کەمئەندام روبەڕووی دەبنەوە، ودڵنیا ببینەوە لەوەی دەنگی ئەو کەسانەش دەبیسترێت.

ئەو ڕاوێژە خێرایە لەنێوان مانگەکانی کانوونی یەکەمی 2021 و کانوونی دووەمی 2022 ئەنجامدرا وە لەگەڵ 39 کەسی کەمئەندامی نیشتەجێی کامپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان(IDP) و شوێنە نافەرمییەکان و ئەو ناوچانەی بۆی گەڕاونەتەوە و هەروەها ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ 15 کەس کە خاوەنی زانیاریە سەرەکیەکانن وەک ( ئیدارەی کەمپەکان، نوێنەرانی دەستەڵاتە خۆجێییەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کەسانی کەمئەندام). داتا و زانیاریەکان لە کامپی حەسەن شام و کەمپی 5ی جەدە (پارێزگای نەینەوا)، کامپی کەبەرتۆ (پارێزگای دەهۆک)، شوێنی نافەرمی کیلۆ حەوت(٧)ی (پارێزگای ئەنبار) و هەروەها لە موسڵ و شەنگال و ڕومادیدا کۆکراونەتەوە.

ڕاپۆرتەکە 5 دەرئەنجامی سەرەکی دەخاتەڕوو کە بریتیین لە پۆڵێنکردنی بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە[1] هاوکات لەگەڵ مەبەستەکانی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان:

### شـوێنی نیشتەجێبوون:

1. ئاوارە ناوەخۆییە کەمئەندامەکان بە زەحمەت دەتوانن بگەن بە شوێنی حەوانەوەی گونجاو هەروەها کێشەی دابینکردنی کرێی شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە. سەرەڕای ئەمەش زۆربەیان بە سەختی دەتوانن لە ناوخانووەکانیان دا هاتوچۆ بکەن یانیش لە ماڵەکانیاندا بچنە دەرەوەو بێنە ژوورەوە.

### بژێوی ژیان:

2. ئاوارەناوخۆیی و گەڕاوە کەمئەندامەکان زۆر بەکەمی دەستیان بە هۆکارەکانی بژێوی ژیان و هەلەکانی وەدەستهێنانی داهات دەگات. ئەوان حەزدەکەن داهاتێکیان هەبێت، و کاتێک ناتوانن ببنە خاوەن داهاتی خۆیان زۆرجار واهەست دەکەن کە بوونەتە بارێکی گران بەسەر خێزانەکانیانەوە.

### خزمەتگوزارییـە بنەڕەتیەکان:

3. ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوە کەمئەندامەکان تێدەکۆشن بۆ خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانیان بەهۆی سنورداری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان، و بێتوانایی لە دەست گەییشتنی ماددی بە خزمەتگوزاریەکان، سنوردارێتی داهات و گەییشتن بەزانیاریەکان. سەرەڕای ئەوەش، کەسانی کەمئەندام هەست دەکەن کە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری ئاگاداری پێداویستی و نیگەرانییەکانیان نین و کەمئەندامان لە گەیشتن بە زانیاری دەربارەی خزمەتگوزاری و یارمەتییە بەردەستەکاندا تووشی کێشە دەبنەوە .

### یەکانگیری کۆمەڵایەتی و سـەلامەتی و ئاسـایش:

4. ئاوارە ناوەخۆییەکان و گەڕاوە کەمئەندامەکان هەست بە دوورخستنەوەی خۆیان دەکەن لە ژیانی کۆمەڵگا بەهۆی هەڵوێستی نەرێنی کۆمەڵگا و نەبوونی ڕێگای پێویست و گونجاو بۆ پەیوەندی پێکەوەکردن. ئەندامانی خێزان زۆربەی کات سەرچاوەی سەرەکی پشتگیرین بۆ کەسانی کەمئەندام.

### مەبەستەکانی جووڵانەوە

5. زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکەمئەندامەکان ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەڕەسەنەکانی خۆیان، بەڵام بەهۆی وێرانبوونی خانووبەرە و هەروەها بوونی کێشەکانی پەیوەندیدار بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی و ئاسایش و نەبوونی تۆڕەکانی پاراستن و پشتگیریکردن. ڕێگرییان لێ دەکرێت. بەم شێوەیە، داخستنی کەمپەکان دەتوانن کەمئەندامان ناچار بکەن کە بە شێوەیەکی پێشوەختە بچنە دەرەوە لە ژیانی ئاوارێتی و ئەمەش دەبێتە هۆکاری مەترسی زیاتر.

ئەم دەرەنجامانە بوونەتە هۆکاری وەبەرهێنانی کۆمەڵێک ڕاسپاردە و ڕێکار و چالاکی پێشنیار کراو کە بە تەواوی لەنێو ڕاپۆرتەکەدا شیکراونەتەوە. ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر راسپاردە سەرەکیەکان لە ڕێگەی ڕێنماییکردنێکی گشتی لە لایەن حکومەتی عێراق و دامودەزگا مرۆییەکان و گەشەپێدانی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا.

## ڕاسـپاردەکان لە ڕێگەی چارەسـەرە بەردەوامەکان

أ. ڕێگەخۆشکردن بۆ بەشداریکردنێکی مانابەخش وچالاکانەی کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی ئاوارەیی و لەم شوێنانەشدا کە بۆی گەڕاونەتەوە.

ب. دڵنیابوون لەوەی کە زانیاری سەبارەت بە هاوکاری و خزمەتگوزاریەکان لەبەردەستن بۆ کەسانی کەمئەندام لە شوێنەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەیاندا.

ت. پاڵپشتیکردنی کەسانی کەمئەندام لەپێناو بڕیاردانێکی بەئاگایانە سەبارەت بە ڕێچکەی چارەسەرە بەردەوامەکانی بەردەستیان.

ث. بونیادنانی بەڵگەی زیاتر لە سەر ئەزموونەکانی کەسانی کەمئەندام و سوودوەرگرتن لە راوێژکردنی تەکنەلۆژی لە پێناو بەهێزکردنی چارەسەرە بەردەوام و گشتگیرەکانی کەمئەندامان

## ڕاسپاردەکان بە گوێرەی کۆسپی بەردەم گەڕانەوە

### نێشتەجێبوون:

ج. لابردنی ئەم کۆسپانەی کە کەسانی کەمئەندام ڕووبەڕووی دەبنەوە لە بەردەم دەست تێوەردانەکانی شوێنی حەوانەوەدا.

### بژێوی ژیان:

ح. پێدانی ئەولەویەت بە مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی باو و هەلەکانی وەدەستهێنانی کار و بژێوی بۆ کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا.

1 پۆلێنی بەربەستەکان لە چوارچێوەکانن: پۆڵێنی بەربەستەکانی گەڕانەوە لە IOMی عێراقی "Protracted Displacement in Iraq: Revisiting Categories of Return Barriers report

## خزمەتگوزارییە سـەرەکیەکان:

**خ.** چارەسەرکردنی  ئەو کۆسپ و بەربەستانەی کە کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە دەست گەییشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکاندا.

## یەکانگیـری کۆمەڵایەتی

**د.** گرینگی و ئەولەویەتدان بە گەییشتن بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی گشتی و بەرنامەڕێژی بەشدارییپێکردنی کۆمەڵایەتی.

## ئارامی و ئاسایش:

**ذ.** گرینگی و ئەولەویەتدان بە هۆکارەکانی توانابەخشین کە هاوکاری کەسانی کەمئەندام دەکەن لە فەراهەمکردنی ئاسایش و سەلامەتی خۆیان.




وێنەی 1: ئەندامانی کۆمەڵگەی خاوەن پێداویستی تایبەت و بێ کەمئەندام کە بەشداری دانیشتنێکی هۆشیاری تەندروستی دەروونی و پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی دەکەن لە کەمپی حەسەن ئەلشام

# پێشەکی

لە ساڵی ٢٠١٩دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆچبەران لە عێراق ستراتیژیەتی ڕێکخراوەکەی بۆ تێکهەڵکێشپێکردنی کۆچبەرانی بەکۆمەڵگای عێراقی ڕاگەیاند ٢٠١٩-٢٠٢١. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وکۆجبەران لە عێراق ڕاپۆرتێکی بەناوی "کەسانی کەمئەندام و ئەم ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن لە عێراق: کۆسپەکان، ئالێنگاریەکان و ئەولەویەتەکان" بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە پشت بەو چاوپێکەوتنانە دەبەستێت کە ئەنجامیداون لەگەڵ کەسانی هەواڵدەری سەرەکی و بریتین لە ٨١ نوێنەری ٥٣ ڕێکخراوی تابیەتمەندا لە بواری کەسانی کەمئەندام لە ١٨ پارێزگای عێراقدا. یەکێک لە کار وچالاکیە ڕاسپێردراوەکان بریتیە لە دیاریکردنی ئەم کۆسپانەی کە کەسانی ئاوارەی کەمئەندام لە نێو کامپ وخیوەتگەکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەروەها ئەو کۆسپانەی کە ئەو کەسە کەمئەندامانە ڕووبەرووی دەبنەوە کە بڕیاریانداوە لە دۆخی ئاوەرەیێتی بێنە دەرەوە و بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان بۆ گەڕان بەداوی چارەسەری بەردەوامتردا.

زانیاریەکان ڕاستەوخۆ لە ئاوارە ناوخۆییە کەمئەندامەکانەوە کۆکراونەتەوە سەبارەت بەم کۆسپ و تەگەرانەی کە ڕووبەروویان دەبنەوە لە عێراق لە میانی هەوڵدان بۆگەییشتن بە خزمەتگوزاریەکان و هاوکاری و هۆکارەکانی ژیان و ژیانێکی کۆمەڵایەتیانە کە بەدەگمەن وەدەستی دەهێنن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەسانی کەمئەندام باشترین توانایان هەیە زانیاری بدەن سەبارەت بەو ئالینگاریانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە ، ڕێکخڕاوی IOM لە عێراق هەوڵیدا ڕاوێژێکی خێرا لەگەڵ کەسانی کەمئەندامی ئاوارەی ناوخۆیی و گەڕاوەکان ئەنجامبدات لە پێناوی قووڵکردنەوەی تێگەیشتنی بەربەستەکانی بەردەم ئەم چارەسەرە بەردەوامانەی کە کەسانی کەمئەندام روبەڕووی دەبنەوە، ودڵنیا ببینەوە لەوەی دەنگی ئەو کەسانەش دەبیسترێت.

## پاشخان

عێراق لەم ساڵانەی دواییدا چەندین شەپۆلی ئاوارەیی ناوەخۆیی بەخۆوە بینیوە بەهۆکاری ململانێ چەکداریەکان و توندوتیژی تایەفیەوە. شەپۆلێکی بەرفراوانی ئاوارەیی بەهۆی شەڕ وململانێ لەگەل ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)ەوە ڕوویدا، کاتێک نزیکەی ٦ملیۆن هاوڵاتی عێراقی لە ناو وڵاتی عێراقدا ئاوارەبوون لە نیوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧[2]. لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ وە، نزیەکی ٤،٩٣٩،٠٧٤ کەسی گەڕاوە دەستنیشانکران کە پەرت و بڵاو ببونەوە بەسەر ٨ پاریزگادا[3]. لەگەڵ ئەوەشدا سەدان هاوڵاتی عێراقی بەئاوارەیی مانەوە. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا، ١،١٨٦،٥٥٦ هاوڵاتی هەربەئاوارەیی مانەوە لە سەرانسەری عێراقدا، کە لە کامپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان دەمانەوە هەروەها لە شوێنە نافەرمیەکان و کۆمەڵگە مێواندارەکاندا[4].

بەگوێرەی مەزەندەکانی هەریەک لە ڕێکخراوی (WHO)و بانکی جیهانیەوە نزیکەی لە ١٥٪ ی دانیشتوانی جیهان کەمئەندامن[5] .دۆخی ئاوارەییە زۆرەملێکان و حاڵەتە لە ناکاوەکان دەتوانن ڕێژەیەکی باڵاتری سەدی کەسانی کەمئەندام بەرهەم بهێنن بەهۆی زۆربوونی مەترسی تووشبوونەکان و نەگەییشتن بە خزمەتگوزاییێکی باشی تەندروستی و خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانەوە[6]. لە ساڵێ ٢٠١٩دا، لێژنەی مافەکانی کەسانی کەمئەندام ڕایگەیاند کە عێراق زۆرترین ژمارەی کەسانی کەمئەندامی هەیە لە جیهاندا[7].

ڕەنگە قەیرانە مرۆییەکان سەربکێشن بۆ هەڵکشانی ئاستی لاوازی کەسانی کەمئەندام، بەئەندازەیەک کە کاریگەریەکی گەورە دادەنێتە ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکەیان، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پشت بە کەسانیتر ببەستن[8].لە حاڵەتی بوونی تەنگژەکان و ئاوارەییدا کەسانی کەمئەندام ڕووبەڕووی حاڵەتی بێتوانایی دەبنەوە لە رووی دەستگەییشتن بە ئاسانکاری و خزمەتگوزاریەکان و ڕەنگە دەووربخرێنەوە لە هەوڵ و کۆششەکانی هاوکاریکردن. ڕەنگە دوور لە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بمێننەوە، و ڕووبەڕووی گەڵێک ئاستەنگ دەبنەوە لە گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکان بەهۆی نەبوونی ئامێری هاوکار یان بەرزی و نزمی نەگوونجاوی شوێنی ژیان هەروەها نەبوونی ڕەمپی هات وچۆی تایبەت بە کەمئەندامان[9].

کەسانی کەمئەندام کۆمەڵەیەکی یەکڕەنگ نین، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵەیەکی هەمەرەنگ لە کەسانی خاوەن خەسڵەتی کەمئەندامی جیاواز و پێداویستی هاوکاری کە لە رووی تەمەن و جێندەر ناسامەکانی تریانەوە لێک جیان.

> چەمک و تێگەی کەمئەندامی بەبەکارهێنانی ڕێبازێکی مافگەرایی لەسەر بنەمای ماف و بەسوود وەرگرتن لە مەفهوومی ڕێککەوتن نامەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە گەڵالەکراوە لە پێناو مافی کەمئەندامان ((CRPD.لە دەقی ماددەی ٣ ی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە کەسانی کەمئەندامدا هاتوە کە کەمئەندامان بریتین : " لەوکەسانەی کە بەدەست کۆمەڵێک کەمئەندامی جەستەیی یان ئەقڵی یان بیرو هۆشی یان هەستەوەری دوورودرێژەوە دەناڵێنن بەجۆرێک کە بەشداریکردنی تەواو و کارایان لە نێوە کۆمەڵگە و بەشێوەیەکی یەکسان لەگەل ئەوانیتردا پەکدەخات". کەسانی کەمئەندام کۆمەڵەیەکی یەکڕەنگ نین، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵەیەکی هەمەرەنگ لە کەسانی خاوەن خەسڵەتی کەمئەندامی جیاواز و پێداویستی هاوکاری کە لە رووی تەمەن و جێندەر ناسامەکانیتریانەوە لێک جیان

2 سەردانێک بۆ عێراق: ڕاپۆرتی بڕیاردەری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئاوارەبووە ناوخۆییەکان، ٢٠٢٠، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

3 ڕاپۆرتی ئاوارەکانی عێراق ١٢٣(مانگەکانی ئاب – ئەیلولی ٢٠٢١)، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆچبەران لە عێراق.

4 IOM DTM، کانوونی یەکەمی ٢٠٢١.

5 ڕاپۆرتی جیهانی سەبارەت بە کەمئەندامی، WHO و بانکی جیهانی،٢٠١١.

6 ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی لێژنەی مافەکانی کەمئەندامان سەبارەت بە کاریگەریەکانی ململانێ چەکداریەکان لەسەر کەمئەندامان لە عێراقدا.

7 کەمئەندامی لە چوارچێوە مرۆییەکاندا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کەمئەندامان، ٢٠١٥.

8 هەمان سەرچاوە.

9 کەسانی کەمئەندام زۆر پەرت وبڵاون لە کاتی ئاوارەبوونی ناوەخۆییدا: ڕاپۆرتی پەیامنێری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ئاوارەبوونی ناوەخۆییدا، ئاياری ٢٠٢٠، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.

# میتۆدۆلۆجی

کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە ماوەی ٣.٥ هەفتەدا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵێ ٢٠٢١ و کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢دا. هەڵبژاردنی شوێنی ئاوارە و گەڕاوەکان لەسەربنەمای لەبەرچاوگرتنی چەند پێوەرێک دانراوە، لەمانەش،١) ژمارەی ئەم گەڕاوانە وئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێن.٢ ) ڕێژەی سەدی ستافی پڕۆگرامی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆچبەران، ئەوانەی کە هاوکاریدەکەن لە ناسینی خێرای ئەو کەسانەی کە کەمئەندامن هەروەها خاوەن بەرژەوەندیە دەرەکیە سەرەکیەکان ٣) بوونی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کەمئەندامان لە شوێنەکانی گەڕانەوە بۆ هاوکاریکردن و دیاریکردنی کەسانی کەمئەندام بۆ ئەوەی بتوانن داتا و زانیاری کۆبکەنەوە هاوکات لەگەڵ ناسینێکی خێرای کەسانی کەمئەندام.




چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکانێکی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە لە کەسانی کەمئەندامی ئاوارەی ناوەخۆیی و گەڕاوەکان، و لەنێویشیاندا ئەوکەم ئەندامانەی کە بەشێوازی ناتەواو نوێنەرایەتی کراون وەک کەسانی نابیست و کەمئەندامی عەقڵی و ژنانی کەمئەندام. بەشێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتن لەگەڵ ٣٩ ئاوارەو گەڕاوەی کەمئەندام ئەنجامدراوە (١٨ ژن و ٢١ پیاو و ١٥ گەڕاوە و٢٤ ئاوارە). سەرەڕای ئەمەش، کۆمەڵێک چاوپێکەوتنیش لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندیە دەرەکیەکانیشدا ئەنجامدراون (وەک ئیدارەی کامپەکان، نوێنەری دەسەڵاتە خۆجێییەکان و نوێنەری ڕێکخراوەکانی تایبەت بەئاوارەکان). چاوپێکەوتنەکان لە کەمپ وشوێنە نافەرمیەکان ئەنجامدراون وەک (کەمپی حەسەن شام وکەمپی جدە ٥- گم پارێزگای موسڵ- و کەمپی کەبارتۆ –لە پارێزگای دهۆک- و شوێنی نافەرمی کیلۆ ٧- پارێزگای ئەنبار)، هەروەها لە ناوچەکانی گەڕانەوە لە (موسڵ، شەنگال و رومادی).

دوو پرسیارنامە (پاشکۆی ٢) بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان بەکار هاتوون. یەکێک لە پرسیارنامەکان پەرەی پێدراوە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوارەکان و گەڕاوە کەمئەندامەکان و کۆمەڵێک پرسیاری دیمۆگرافی و پرسیاری تایبەت بە نیاز ومەبەستەکانی جۆڵەی ئاوارە و گەڕاوەکانی لەخۆ گرتبوو، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە بەربەستەکان هۆکارە توانابەخشەکان کە کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەویاندا ڕووبەڕووی دەبوونەوە[10]. فۆرمی ڕاپرسیەکەی تر بەمەبەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندیە دەرەکیە سەرەکیەکان ئامادەکراوە وەک (پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری ، ئیدارەی کەمپ و نوێنەرانی دەستەڵاتە خۆجێییەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئاوارەکان). سەرجەم ئەم زانیاریانەی لەم جاوپێکەوتنانەدا کۆکرانەوە لە کەسانی خاوەن بەرژەوەندیە دەرەکییە سەرەکییەکان بەکارهێندراون بۆ دڵنیابوونەوە لەو زانیاریانەی کە لە کەسانی کەمئەندامەوە کۆکرابوونەوە.




ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان و شیکردنەوەیان پشتیان بە کۆمەلێک جۆری بەربەست بەستوە لە چوارچێوەی: جۆری بەربەستەکانی تایبەت بە گەڕانەوە لە" ئاوارەیی ماوەدرێژ لە عێراقی سەربە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆچبەران: پێداچوونەوەی جۆرەکانی کۆسپ و تەگەرەکانی تایبەت بە گەڕانەوە[11]. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە دەتوانین کۆسپ و بەربەستەکانی گەڕانەوە دابەش بکەین بۆ ٥ جۆری سەرەکی: ١) نیشتەجێبوون (وێرانکردنی ماڵەکان، کێشەکانی تایبەت بە نیشتەجێبوون و زەوی و زار و موڵکدارێتی)؛ ٢) بژێوی ژیان (بوونی ئاستەنگ لەبەردەم گەییشتن بە هەلی کارکردنی بەردەوام)؛ ٣) خزەمەت گوزاریە سەرەکیەکان ( بێبەش بوون لەدەست گەییشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان)؛ ٤) یەکانگیری کۆمەڵایەتی ( مەترسیەکانی پەیوەندیدار بە هەبوونی ئینتیما بۆ داعش، دینامیکیەتە تایەفی و عەشایەری وسیاسیەکان)؛ ٥) ئاساییش وئارامی( دەرکەوتنەوەی داعش، ڕێکخستنەوەی هێزەکانی ئاساییش، بوونی مەترسی تەقەمەنی و تەقینەوەکان). ئەم جۆرە بەرفراوانانە بەکارهێندران بۆ تێگەییشتن لە کۆسپ وتەگەرانەی کە دەبنەهۆکاری پەکخستنی گەڕانەوەی کەسانی کەمئەندام بۆ ناوچە وشوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان، هەروەها بۆ پۆلێنکردنی ئەو ئالێنگاریانەی کە کەسانی کەمئەندام رووبەروویان دەبنەوە لە رووی دەست گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوەدا.

10 کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی WG-SS ئەنجامدراوە. سەرجەم ئەوانەی کە چاوپێکەتنیان لەگەڵدا کراوە و "هەندێک ئاستەنگیان هەبووە"، یان "ئاستەنگی زۆریان هەبووە" ، یان "بەهیچ شێوەیەک نەیان توانیوە وەڵامی هیچ یەک لەم پرسیارانە بدەنەوە، بە کەسانی کەمئەندام هەژمار کراون.

11 https://iraq.iom.int/resources/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers

سەرەڕای ئەمەش، ڕەنگە كەسانی كەمئەندام ڕووبەڕووی هەندێك ئاستەنگی دیاریكراویش ببنەوە كە ڕێگرەبن لە بەردەم بەشداریكردنیان لە كۆمەڵگادا بەشێوەیەكی تەواو و كارا هەروەها بەشێوەیەكی هاوتا و یەكسان لەگەڵ ئەوانیتردا. دەتواندرێ ئەم ئاستەنگانەش دابەشبكرێن بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە: ئاستەنگە فیزیكیەكان (وەكو ئاستەنگەكانی گەییشتن بە خزمەتگوزاریەكان بەهۆی نەبوونی ڕەمپەكانەوە)، و ئاستەنگە ڕەفتاریەكان ( هەستكردن بەنەنگی و شەرم وجیاكاریكردنیان لە لایەن پێشكەشكارانی خزمەتگوزاریەكان و كۆمەڵگاوە)؛ ئاستەنگە ئیداری و یاساییەكان( وەكو هەبوونی ئاستەنگ لەبەردەم خۆتۆماركردنیان وەكو كەسانی كەمئەندام)؛ ئاستەنگەكانی پەیوەست بەزانیاری و پەیوەندیكردنەوە (وەكو ئاستەنگی گەییشتن بەزانیاریەكان سەبارەت بە هاوكاریە بەردەستەكان بەهۆی كەمئەندامییەوە یانیش بەهۆكاری ئاستەنگی پەیوەندیكردنەوە). ئەم پۆلێنكردنە لەكاتی شیكردنەوەی داتاو زانیاریەكاندا بەكار هاتووە، و هەركاتێك لە تواناندا هەبوويێت، جیاوازیكراوە لەنێوان ئەو ئاستەنگانەی كە پەیوەستن بە كەمئەندامییەوە(وەكو ئەم ئاستەنگانەی دەبنە هۆكاری پەكخستنی بەشداری تەواو و گەییشتن بەخزمەتگوزاریەكان بۆ سەر جەم چین و توێژەكانی دانیشتوان)؛ ، ئەم ئاستەنگانەش كەتایبەتن بە كەمئەندامییەوە ( كە دەبنە هۆكاری پەككخستنی تەواو لە گەییشتنی كەسانی كەمئەندام وپەككەوتە بە خزمەتگوزاریەكان ).

هەر تیمێكی كۆكردنەوەی داتاو زانیاریەكان كەسانی كۆكەرەوەی زانیاری پەككەوتە وكەمئەندامی تێدا بەشدار بووە لە هەر چاوپێكەوتنێكدا[12]. بەرلە چاوپێكەوتنەكان پرسیار لە كەسە كەمئەندامەكان كراوە سەبارەت بەوەی ئەگەر پێویستیان بەهەر هاوكاریەكیتر بێت بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری چاوپێكەوتنەكە بكەن. نموونەكانی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاوی دابینكراو بریتی بوون لە شوێنی چاوپێكەوتنی بەردەست و ئامادەبوونی كەسی چاودێر. بەزانینی ئەوەی كە ئەگەری ئامادەبوونی كەسی چاودێر كاریگەری دەخاتە سەر وەڵامدانەوەی كەسی كەمئەندام، ئەم شوێنەی كە چاوپێكەوتنەكەی تیادا ئەنجامدرا بریتیە لە شوێنێكی ا*ا ئەگەر هاتوو لە تواناندا هەبوو، كۆكەرەوەكانی زانیاریەكان لە نێو دەقی چاوپێكەوتنەكاندا ئەو زانیاریانەیان جیادەكردەوە كە كەسی چاودێر پێشكەشی دەكرد لە و زانیاریانەی كە لە لایەن كەسی كەئەندامەوە پێشكەش كرابوون. ئەو داتایانەی كە چاودێران پێشكەشیان كردبوو لە هەندێك شوێندا بەكارهێنرابوون بۆ ڕوونكردنەوەی دەرەنجامەكان بەشێوەیەكی گەورەتر.

پرۆسەی زانیاریە مەیدانیەكان لە چوارچێوەی قۆناغی پێداچوونەوەی نێو نووسینگەدا بە زانیاریە بەرەست و هەنووكەییەكان پاڵپشتی لێكرا، كە كۆمەڵێك بابەتی وەكو هەڵسەنگاندنی پێداویستیەكان و ڕاپۆرتەكان و هەندێك بەڵگەنامەی توێژینەوەی گرتبووەخۆ كە لایەنە كارا جۆراوجۆرەكانی ئامادە لە عێراق ڕێكیان خستبوون. دەكرێ لە پاشكۆی ا دا چاوێك بەلیستی ئەم بەڵگەنامانەدا بخشێنینەوە كە لە قۆناغی پێداجوونەوەی نووسینگەییدا شیكراونەتەوە.

شیكردنەوەی جۆری زانیاریەكان لەرێگەی بەكارهێنانی ڕێبازێكی بابەتیەوە ئەنجامدرا. زانیاریەكان بەشێوازێكی بەكۆمەڵ شیكرانەوە، سەرجەم دەرەنجامەكان لە ناوونیشانی سەرەبابەتەكاندا كۆكرانەوە بۆ هاوكاریكردنی خستنەڕووی ئەم ڕاپۆرتە.

## سنوورەكان:

ئەم پرۆسەی ڕاوێژە خێرایە ئەم سنور و كۆت و بەندانەی خوارەوەی هەبوو:

- كۆت و بەندەكانی كات كاریگەرییەكی زۆریان هەبووە لە سەر ئامادەكردنی ڕاپۆرتەكەدا و لەمانەش سنووردراركردنی ئەم چاوپێكەوتنانەی كە لەهەر شوێنێكدا ئەنجامدراون. كە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تەنها یەك شوێنی نافەرمی ئاوارەكان لە پرۆسەی كۆكردنەوەی داتاو زانیاریەكاندا بەكار بهێندرێ، ئەمەش بەو مانایەیە كە توانراوە چاوپێكەوتن لەگەڵ ژمارەیەكی سنووورداری كەسانی كەمئەندامی عەقڵی و دەروونی-كۆمەڵایەتیدا ئەنجام بدرێت، چونكە ناسین و دۆزینەوەیان پێویستی بەكاتێكی زیاتر بوو. سەرەڕای ئەمەش، كۆت و سنورە كاتیەكان بوونە هۆكاری ئەوەی كە چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەم تەنها ئاوارانەدا بكرێت كە گەڕابوونەوە ناوچە شارنشینە ڕەسەنەكانی خۆیان.
- پرسیارەكان تەنها تیشكیان خستبووە سەر ئەو كۆسپ ئاستەنگە گشتیانەی كە كەسانی كەمئەندام ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، بێئەوەی هەوڵبدرێت زانیاری وورد كۆبكرێتەوە سەبارەت بە كاریگەری كۆبوونەوەی هەردووك حاڵەتی كەمئەندامێتی و جێندەری لە كەسی كەمئەندامدا.
- هیچ جیاوازیەك نەكرابوو لە نیوان ئەم كەسانەی كە دووچاری حاڵەتی كەمئەندامی هاتبوونەوە بەر لە شەڕ وململانێكان لەگەڵ ئەوانەی كە دووچاری حاڵەتی كەمئەندامێتی هاتبوونەوە لە ئاكامی شەڕوململانێكاندا یانیش لەكاتی ئاوارەبووندا، زیاتر لەمەش، راپۆرتەكە هەوڵێنەدابوو لە وە تێبگات ئاخۆ كەسێكی كەمئەندام كە لە ناوخێزانێكدایە كە ئەندامێكیتریان كەمئەندامە هەردووكیان بەشێوازی جیاواز هەست بە كۆسپ و ئاستەنگەكانی بەردەمیان دەكەن یان بەشێوەیەكی قورستر دووچاری ئاستەنگەكان دەبنەوە.
- چاوپێكەوتنەكان بەهەردووك زمانی عەرەبی و كوردی ئەنجامدراون دواتر بۆ مەبەست شیكردنەوەیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی. هەرچەندە وەرگێڕانەكە لە لایەن ئینگلیزی زانە خۆجێییەكانەوە ئەنجامدراون ، بەڵام لە وانەیە بە بێمەبەست تێگەییشتنێكی نادروستیان بۆ ڕەنگدانەوە كەسیەكان پێشكەش كردبێت و(وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی ئینگلیزی).



وێنەی 2: سەیف (چەپ)، كۆكەرەوەی زانیاری كە پێویستی تایبەت هەیە لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ زانیاریدەرێكی سەرەكی لە كەمپی جدە 5 © IOM Iraq

12 لەهەر شوێنێكدا یەك بۆ دووكەسی كۆكەرەوەی داتاو زانیاری كەمئەندام دەستنیشان كران. ئەمان بەر لە پرۆسەی كۆكردنەوەی داتاو زانیاریەكان هەواڵ زانیاریەكانیان وەردەگرت و رۆڵەكەیان بریتی بوو لە پێشوازیكردن لە هەواڵدەری سەرەكی، دەرخستنی داواكاریە بینراوەكان هەركاتێ كە پێویست بێت لەپێناو پاڵپشتیكردنی دیالۆگدا، هەروەها هاندانی هەواڵدەرە سەرەكیەكان لەسەر پێشكەشكردنی نموونە، هەروەها هاوكاریكردن لە دەستنیشانكردنی كەسانی هەواڵدەری سەرەكی و كەمئەندام ئەگەر هاتوو هەر گۆڕانكاریەك هەبوو لە دوا چركەساتەكاندا.

# دەرەنجامە سەرەکیەکان

## 1. ئەو ئاستەنگانەی کە ئاوارە ناوەخۆیی و گەڕاوە کەمئەندامەکان ڕووبەرووی بوونەتەوە لە دەست گەییشتن بە خزمەتگوزارییەکاندا

زۆربەی جار کەسانی کەمئەندام هەلی دەستگەییشتنی یەکسانیان بە خزمەتگوزاری و هاوکاریەکان نییە و لە حاڵەتی سەرهەڵدانی کارەساتە مرۆییەکانیشدا لە هەوڵەکانی بەهاناوەچوون و هاوکاریکردن دووردەخرێنەوە[13]. بەگوێرەی MCNA VIII کە لە عێراقدا ئەنجام دراوە، نزیکەی ٤٧٪خێزانە ئاوارەکانی نێو کەمپەکان کە ئەندامێک یان زیاتری خێزانەکەیان کەمئەندام بووە نەیانتوانیوە دەستیان بگاتە خزمەتگوزاریەک یان زیاتر لە خزمەتگووزاریەک بەهۆی "کەمئەندامیەوە". [14] [15] [16]دەرەنجامەکانی نێو ئەم ڕاوێژە خێرایەی خوارەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە کەسانی کەمئەندام دووچاری گەلێک زەحمەتی جۆراوجۆر دەبنەوە لەکاتی هەوڵیان بۆ دەست گەییشتن بە خزمەتگووزاریەکان لە شوێنەکانی ئاوارەییدا و تەنانەت لەو شوێنانەی خۆشیاندا کە بۆیان گەڕاونەتەوە.

هەندێک لەم ئاستەنگانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم گەییشتن بە خزمەتگوزاری و زانیاریەکان لە شوێنەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا ڕاستەخۆ پەیوەست نین بە کەمئەندامێتیەوە، دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریانخستوە کە کەمئەندامان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست و کۆسپی جۆراوجۆرتر دەبنەوە کە دەبنە ڕێگر لە گەییشتنیان بە خزمەتگوزاریەکان و هۆکارەکانی بژێوی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی هەم لە شوێنی ئاوارەیی و هەمیش لە شوێنی گەڕانەوەیاندا.

### 1.1 ئاستەنگەکانی تایبەت بە نیشتەجێبوون/ شوێنی حەوانەوە

**ئاوارەکەمئەندامە ناوخۆییەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ دەبنەوە لە رووی گەییشتن بە شوێنێکی گونجاوی نیشتەجێبوون هەروەها کێشەی زۆریان هەیە لە دانی کرێی خانوو و شوێنی مانەوەدا. سەرەڕای ئەمانەش زۆرینەیان کێشەی هاتو چۆو گواستنەوەیان هەیە هەم لە ناو ماڵەکانیاندا و هەمیش لە کاتی دەرچوون و گەڕانەوەیان بۆماڵەکانیان[17].**

**کەسانی کەمئەندام بەزەحمەت دەستیان بە خاونوو/شوێنێکی حەوانەوەی گونجاو دەگات بەهۆکاری خراپی بارودۆخی خانووبەرە و دابینکردنی کرێی خانووەوە**

ئاوارە کەمئەندامەکان رووبەرری گەلێک ئاستەنگی تایبەت بە شوێنی حەوانەوە دەبنەوە، و لە نێویشیاندا بەنموونە قەبارەی خیوەتەکە هێندە گەورەنییە کە هەموو ئەندامانی خێزان لە نێویدا کۆببنەوە، یانیش خانووەکە یان خێمەکە زۆر خراپن یانیش هەندێک جار لە نێو خیوەتەکاندا بەزەحمەت کارەبایان دەست دەکەوێت. هەندێک لەم کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەدا ئەنجامدراوە لە نێو خیوەتەکاندا دەژین، کە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا بەهاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی تری خێزاندا(وەک هاوسەر، دایک و باوک و منداڵەکان) لەنێو یەک خێوەتدان. ئاوارەکەم ئەندامەکانی هەندێک لە شوێنەکان گلەیی زۆریان لە سنووردارێتی دەست گەییشتنیان بەکارەبا و بێتواناییان لە گەرمکردنی خیوەتەکانیان هەبوو.

"هەندێک جار لە شەواندا من ناتوانم بەباشی ببینم، و لەهەمانکاتیشدا کارابامان نەبووە، کە ئەمە دۆخەکەی بۆمن زۆر سەختتر کردوە". یەکێک لەم ژنانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە کە کێشەی بینین و بیستنی هەبووە، لە کەمپی حەسەن شام.

لە شوێنی نافەرمی کیلۆ ٧ کە ئاوارە کەمئەندامە ناوەخۆییەکانی تێدا نیشتەجێن، هەندێک لە کەمئەندامان باسیان لەوەدەکرد کە شوقەکانیان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە. ئەم باڵەخانانەی لە ئێستادا لە ناوچەی کیلۆ ٧ دا هەن زۆرینەیان بەندازەیەکی گەورە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شەر و ململانێکان و زەرەر و زیانی گەورەیان پێگەییشتووە. ئەم خەڵکانەی پێشتر لە باڵەخانانەی نیشتەجێبووندا بوون ئەم شوێنەیان بەجێهێشتووە، دوای ئەمان ئاوارە ناوەخۆییەکانی تێدا نیشتەجێ بوون واتە لەلایەن ئەم کەسانەی کە هیچ شوێنێکیان نەبوو بۆی بچن ئەم شوێنەیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ستانداردەکانی ژیانی خۆیان بەگوێرەی دۆخی شوێنەکە بگونجێنن لەبەر ئەوەی ناتوانن لە شوێنەکانیتردا کرێی خانوو بدەن. سەرەڕای ئەمەش هەندێک لەم ئاوارە کەئەندامانەی کە لە شوێنی کیلۆ ٧ ی نافەرمی دەژین گلەییان لە گرانی نرخی مانگانەی کارەبا دەکرد کە پێویست بوو بیدەن لە پێناوی ئەوەی دەستیان بگات بەکارەبا .

هەروەها باسی زەحمەتی و ئاستەنگەکانی دەستکەوتنی شوێنێکی نیشتەجیبوونی گونجاو کراوە لەو شوێنانەی کە ئاوارەکان بۆی گەڕاونەتەوە. یەکێک لە وەڵامدەرەوەکان کە گەڕاوەتەوە بۆ شاری موسڵ کاتێک دەگەڕێتەوە دەبینێ کە خانوەکەی لە ئەنجامی شەروپێکدادانەکاندا وێران بووە بۆیە لە خانوویەکی بەکرێدا دەژێیت لەگەل خێزانەکەیدا. سەرەڕای ئەمەش، بەهۆی بێتواناییان لەوەی کەکرێیەکی بەرزتر بدەن هەروەها بەهۆی کەمی سەرچاوەکان بۆ دووبارە بونیاد نانەوەی خانوەکەی ئەو تەنها توانیویەتی دەستی خانویەکی نیشتەجێبوونی ئەوتۆ بگات کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیەکی سەرەکی هەیە. بەشیوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی گەڕانەوەدا، ئەو ئاوارە کەمئەندامانەی گەراونەتەوە شوێنە ڕەسەنەکانی خۆیان باسیان لە هیچ کێشەیەکی دیاریکراو نەکردووە لە رووی دۆزینەوەی خانوو بۆ گەڕانەوەیان ( کێشەکانی وەک نیشتەجێبوون و موڵکدارێتی و کێشەکانی تر). زۆربەی ئەو ئاوارانەی کە گەڕاونەتەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە توانیویانە بگەڕێنەوە خانوەکانی خۆیان یان خێزانەکانیان ئەوانەی لە ئاکامی شەڕ و ململانێکاندا دووچاری زیان وێرانکاری گەورە نەبوونەتەوە. بەپێچەوانەشەوە ئەو ئاوارە گەڕاوانەی کە خانوەکانیان بەهۆی شەڕەوە وێران بوونە، یان ئەوانەی بەر لە ئاوارەبوونیشیان کرێچی بوونە، رووبەرووی گەڵێک کۆسپ و تەگەرە بوونەتەوە لە هەوڵیاندا بۆ دەست گەییشتن بە شوێنێکی نیشتەجێبوونی گونجاو لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە کرێی خانوو دابین بکەن یانیش بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و کەرەستەی پێویست بۆ دووبارە بونیادانانەوەی خانوەکانیان. کۆمەڵێک لەو ئاستەنگانەش کە کەسانی کەمئەندام ڕووبەرووی بوونەتەوە لە ڕووی دەست گەییشتن بە هۆکارێکی بەردەوامی بژێوی ژیان(هەوەک لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە بە وردەکارییێکی زۆرترەوە) ڕێگرن لەبەردەم توانایان لە دابینکردنی کرێی خانوو یان کرینی کەرەستەت و پێداویستی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی خاونووەکانیان[18].

13 CRPD/C/HTI/CO/1, para. 20 (c) and CRPD/C/UKR/CO/1, para. 22

14 MCNA VIII, October 2020, REACH

15 (MCNA VIII)باسی لە ڕێژەی ئەم خێزانانە نەکردوە کە یەکێک لەئەندامەکانیان پەککەوتە یان کەمئەندامە.

16 (The MCNA III) زاراوەی کەمئەندامی وەک سنوردارێتیەک بەکاردەهێنێت لەجیاتی بەکارهێنانی ڕێبازی ماف لەسەر بنەمای بەربەستەکانی پەیوەست بە کەمئەندامێتی وەک سنووڕێک.

17 ئەم پرسیارانەی خراونەتەڕوو: " ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕوویان دەبیتەوە لە کاتی گەرانەوەت بۆ ماڵەکەت/ شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت بەخۆت و تیایدا بژیت؟ کام لەم ئاستەنگانە لە هەموویان گرینگترە؟ تکایە بەنموونە بەشداری بکە. ئەم هۆکارانە چین کە گەییشتنەوەت بەماڵەکەت/ شوێنی نیشتەجێبوونەکەت ئاسان دەکەن.

18 بەنموونە، ڕاپۆرتەکانی MCNA VIII ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم خێزانانەی بەلایەنی کەمەوە یەک کەمئەندامیان هەیە، دەردەکەوێت کە بەهای قەرزەکانی سەر شانی بەرزترن لە ٥٠٥٠٠٠ دینار (٧٦٠ دۆلار) (٧١٪)، بەبەراورد بە ڕێژەی گشتی قەرز کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی هەژمارە دەکرێت بۆ سەرجەم خێزانەکان کە (٥٥٪).

**نەبوونی توانایێکی ماددی بۆ گەییشتن بەشوێنەکان ڕێگرە لەبەردەم ئاوارە ناوخۆییەکان و کەسانی کەمئەندام کە ماڵەکانی خۆیان بەجێبهێڵن**

لە هەردووک شوێنەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا، کەسانی کەمئەندام ڕووبەڕووی کۆسپ و ئاستەنگی فیزیکی دەبنەوە کە ڕێگرن لەبەردەمیان لە وەی بەئازادی بجوڵێنەوە لە نێو ماڵ / شوێنەکانی حەوانەوەیان هەروەها لە چوونەدەر و هاتنەژوردا. هەندێک لە وەڵامدەرەوە کەمئەندامەکان هیچ کەرەستەو ئامێرێکی یارمەتیدەریان نەبوو، وەک کورسی بە تایە، و دەست و قاچی دەستکرد، کە ڕێگرن لەبەردەم جوڵەیاندا. سەرەڕای ئەمەش، دایکی دوو کچ کە لە ڕووی عەقڵیەوە کەمئەندام بوون لە کەمپی جەددە باسی لەوەکرد کە کچەکانی نەدەتوانن برۆن و نەدەشتوانن قسە بکەن هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا وتی تاکو ئێستا کچەکانم خێمەی ماڵی خۆیان بەجێ نەهێشتوە.

ژمارەیەکی زۆری کەو کەسانەی کە کەمئەندامن لە ڕووی فیزیکیەوە هەروەهاڕئەوکەسانەی کە کەمئەندامن لەڕووی بینین وبیستنەوە وکەسانی نابیستن وتەنها پشت بە ئەندامانی خێزان دەبەستن بۆئەوەی چاودێریان بکەن لە دەرەوە. ئەم ژینگەیە نەگونجاوە لەگەڵ کەسانی کەمئەندام لەکاتێکدا هیچ ڕێگەوبان و شوێنێک نییە پێی بگەن، هەروەها کەمی زانیاری و ناوەند و هۆکاری پەیوەندی کە کەسانی کەمئەندامی نابیست و نابینا بتوانن پێی بگەن، و ئەمەش بۆ خۆی جوڵەکانیان سنوردار دەکات.

> "من ناتوانم بە ئازادی بچمە دەرەوە و بێمە ژوورەوە چونکە جوڵانەوە بۆ من زۆر قورس و زەحمەتە. ناتوانم بچمە نەهۆمی سەرەوە هەروەها ناتوانم لە ماڵەوە بە ئازادی بچم و بێم چونکە قاچەکانم ئازاری زۆرم دەدەن.
> وەڵامدەرەوەیێکی مێ کە کێشەی ڕۆییشتنی هەیە، شاری موسڵ

> "من گوێم لە خەڵك نابێت، ئەوە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەمی من. هەندێک جار خەڵک لەبەردەم دەرگای ماڵەکەم وەستاون و بانگی من دەکەن، بەڵام من گوێم لێیان نابێت، ئەمەش من زۆر بێزار دەکات".
> وەڵامدەرەوەیەکی مێ کە کێشەی بیستنی هەیە، شاری موسڵ

**هۆکارەکانی ئاسانکردنی شوێنی حەوانەوەی گونجاو/نیشتەجێبوون کە کەسانی کەمئەندام دەستنیشانی ئەکەن، بریتین لە کەرەستە وئامێرە هاوکارەکان و چاودێری تەندروستی وهاوکاری ئەوانیتر و چارەسەرکردنی بارودۆخی شوێنە خراپەکانی نیشتەجێبوون[19]**

کاتێک پرسیاریان لێکرا سەبارەت بەم هۆکارنەی کە پاڵپشتی کەسانی کەمئەندام دەکەن لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگ و بەربەستەکانی تایبەت بە شوێنی حەوانەوەو نیشتەجێبوون، وەڵامدەرەوە کەمئەندامەکان باسیان لەوەکرد کە دەست گەییشتنیان بە ئامێر و کەرەستەی هاوکار و دەست و قاچی دەستکرد، و چارەسەری تەندروستی، ئەمانە هاوکاریان دەبن لە باشتر کردنی جووڵەیان و زاڵبوونیان بەسەر بەربەستە ماددیەکانی پەیوەست بە هاتن و چونیان و بەجێهێشتنی ماڵەکانیان. یەکێتر لە وەڵامدەرەوان ووتی ئەگەر یەکێک لە تاکەکانی خێزانەکەی لەگەڵێدا بێت بۆ چاودێریکردنی ئەوا هاوکاری دەبێت لە زاڵبوون بەسەر زەحمەتیەکانی هاتن و چوون لە نێو شوێنی حەوانەوەدا. هەروەک هەندێک لە ونێردراوانەی کە لە شوێنی نافەرمی کیلۆ ٧ هەروەها لەو ناوچانەدا دەژین کە ئاوارەکەم ئەندامەکان بۆی گەڕاونەتەوە باسیان لەوەکرد کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان هەیە. سەرەڕای ئەمەش،

هەندێک لەم وەڵامدەرەوانەی کە لە کەمپەکاندا دەژین باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە دۆخی خانو و شوێنی نیشتەجێبوونە نەگونجاوەکانیانەوە کرد (بەنموونە کیشەکانی وەک بچوکی قەبارەی خیوەتەکان، نەبوونی کارەباو هۆکارەکانی خۆ گەرمکردنەوە).

## 1.2 بەربەست و ئاستەنگەکانی تایبەت بە بژێوی ژیان

**ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوە کەمئەندامەکان دەستیان ناگاتە هەلێکی بەردەوامی هۆکارەکانی بژێوی ژیان و هەلێک بۆ وەدەستهێنانی داهات، ئەوان دەیانەوێت داهاتێکی مانگانەیان هەبێت، و کاتێک ناتوانن ئەمە بکەن، زۆربەی کات واهەست دەکەن کە بارگرانین بەسەر خێزانەکانیانەوە.**

کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەستی تایبەت بە وەدەستهێنانی سەرچاوەی داهات وبژێوی ژیان دەبنەوە . لە نێو ٣٩ کەسی کەمئەندامی ئاوارە و گەڕاوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام درابوو ، هیچ کەسێک وەک فەرمانبەر دانەمەزراوبوو یان بەشدار نە بوو لە بەرنامەیەکی بژێوی ژیان یان ئیدارەکردنی بزنزێکدا.

ئاوارە و گەڕاوە کەمئەندامەکان دەیانەوێت داهاتێک وەدەست بهێنن، دەستیان بە مەشق وڕاهێنانی لێهاتووییەکان بگات و واهەست نەکەن کە بارێکن بەسەر خێزانەکانیانەوە.

کەمئەندامان تاکوئێستاش بێبەشبوون لە دەست گەییشتن بە هەلی کارکردن و دامەزراندن ئەمانەش یەکێکن لە ئالێنگارییە هەر گەورەکانی بەردەم ئاوارە و گەڕاوە کەمئەنداکان لە عێراقدا[20]. ئەمە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە سەر ئاوارە و گەڕاوە کەمئەندامەکان. و کاریگەریشی لەسەر تەنگژەی ئابووری ئێستادا هەیە، بۆتە هۆکاری لەدەستدانی وەزیفەکان لە کاتی ئاوارەبووندا[21]، سەرەڕای بوونی کۆت و بەندەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا(کۆڤید- ١٩) لەسەر سەرچاوەکانی داهات و بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی هەلەکانی وەدەست هێنانی هۆکارەکانی بژێوی ژیان لە عێراقدا، و لە نێویشیاندا کەسانی کەمئەندام.

وەڵامدەرەوەکان باس لەوە دەکەن کە هیچ پاڵپشتیەکیان لە لایەنە حکومی و ناحکومیەکاندا پێشکەش نەکراوە لە ڕووی هەوڵی وەدەست هێنانی سەرچاوەیەکی بەردەوامی داهات. بەشێک لە ئاوارە کەمئەندامەکان پەیوەندیان بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و نوێنەرە حکومیەکانەوە کردوە لە پێناوی وەدەست هێنانی وەزیفەیەک بەڵام تاکو ئێستا سەرکەوتوو نەبوونە.

> " من لە هەوڵدام قسە لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکانمان بکەم بۆ ئەوەی پاڵپشتیم بکەن تەنانەت لە پێدانی مانگانەیەکی کەمیش یان کارێک بۆ ئەوەی بتوانم خەرجیەکانی دکتۆرم دابین بکەم، بەڵام تاکو ئێستا هیچ وەڵامێک نەبووە. لە ڕاستیدا بوونی کارێک یان مانگانەیەکی کەمم زۆر هاوکار دەبێت بۆمن". وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کیشەی بیستنی هەیە، کەمپی کەبارتۆ

> " من کوێرم، من بەردەوام لە هەوڵدام کارێک بدۆزمەوە کە بگونجێ لەگەڵ جۆری کەمئەندامێتی مندا وەک وێنەکێشان یان بازاڕ، بەڵام هیچ کەسێک پاڵپشتیم ناکات. من زۆر پێویستیم بەوە هەیە کە سەر لە نوێ دووکانی وێنەکێشانەکەم بکەمەوە"
> وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کێشەی بینینی هەیە، شاری مووسڵ

19 وەڵامدەرەوەکان هیچ وەڵامیکیان سەبارەت بە نەخشە و شێوازی خانوو / شوێنی حەوانەوە نەدایەوە. شتێکی ڕوونە کە کەسانی کەمئەندام هیچ زانیاریەکیان سەبارەت بە ئیمکانیەتی دەست گەییشتن بە نەخشە و گونجاندنە تواناراوەکان نیە، بەتایبەتیش ئەگەر هاتوو پێشتر هیچ نموونەیەکیان نەبینیبێت.

20 ڕێژەی ٢٨٪ خێزانە ئاوارەکانی نێو کەمپ و خیوەتگەکان بەلایەنی کەممەوە ئەندامێکی خێزانەکەیان(لە ١٨ ساڵ بەسەرەوە) بێکارو بەدوای کاردا دەگەڕێت، ئەمە حاڵی نزیکەی ٣٠٪ خێزانە ئاوارەکانی ناوخۆی عێراقە کە لەدەرەوەی کەمپەکاندان هەروەها حاڵی نزیکەی ٢٥٪ خێزانەگەڕاوەکان. MCNA IX, June-August 2021, REACH.

21 پێداویستییە مرۆییەکانی عێراق، OCHA, 2021.

هەندێکیتر لە وەڵامدەرەوەکان ئارەزووی خۆیان نیشانداوە لە بەشداریکردن لە هەلی مەشق و ڕاهێنانی وەدەستهێنانی لێهاتووییەکان. هەندێکیان کۆمەڵێک بیرۆکەی وردیان هەبوو لەسەر ئەو لێهاتووییانەی دەیانەوێت وەدەستی بهێنن، وەک دوورمان، وێنە و نیگار کێشان، بەڵام باسیان لەوە دەکرد کە ئەم هەلانە لەو ناوچانەدا نەبوون کە تیایدا دەژیان. یەکێک لە وەڵامدەرەوەکان باسی لەوەکرد کە وەک خۆبەخشێک لە قوتابخانەیەکی زمانی کوردی کاری کردوە لە نێو خیوەتگەکەدا، ئەم ڕۆڵەی هەندێک جار بۆتەهۆکاری وەدەست هێنانی برێکی کەمی پارە.

وەڵامدەرەوەکان پشت بە هاوکاریە دەرەکیەکان دەبەستن بۆ زامناکردنی هۆکارەکانی بژێوی ژیانیان هەروەها پشت بە هاوکاری چاودێر و بەخێوکارەکانیان دەبەستن. هەندێک لە وەڵامدەرەکان باسیان لەوە کردووە کە تەنانەت ئەوانەش کە چاودێریان دەکەن و بەخێویان دەکەن هەندێک جار ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەستکەوتنی داهاتێکی ڕێکوپێک دەبوونەوە. هەندێک جار ئەم هەڵوێستە دەبووە هۆکاری ئەوەی کە خۆیان وەک بارێکی گران ببینن بەسەر خێزانەکانیانەوە و هەستیان دەکرد کە تەنها دەتوانن پشت بەخێوکارەکانیان ببستن.

> " وەک کەسێکی نابیست، ناتوانم قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەم هەروەها ناشتوانم کاربکەم، هەروەک دەستیشم ناگات بە هاوکاریە کۆمەڵایەتیەکان، من واهەست دەکەم کە بارێکی قورسم بەسەر شانی خیزانەکەمەوە".وەڵامدەرەوەیەکی مێ کە کیشەی بیستنی هەیە، کەمپی کەبارتۆ

**هەستکردن بە کەمی و شەرمەزاری، داب و نەریت وکەمی خوێندن و پەروەردەکردن سنورێک دادەنێت بۆ هەلەکانی وەدست هێنانی هۆکارەکانی بژێوی ژیان، کە ئەمیش بۆ خۆی کاریەگەریەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی گەورەی هەیە.**

هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان باسیان لەوەکرد کە ئەوان بەتەواوەتی لێهاتو و ئامادەنین بۆ ئەم وەزیفانەی کە لەئێستادا لەبەر دەستن، بەتایبەتیش بەهۆی نەبوونی هیچ پاشخانێکی پەروەردە و فێرکردنەوە کە بۆتەهۆکاری ئەوەی نووسین و خوێندنەوە نەزانن. سەرەڕای ئەمەش، ئەم نەبوونی پاشخانە پەروەردەییە سەرباری ئەم ئاستەنگانەیتر کە ڕووبەڕووی کەمئەندامان دەبنە بۆ تە هۆکاری ئەوەی کە بۆچوونێک سەبارەت بە خۆیان گەڵاڵە بکەن بەوەی کە ئەوان ناتوانن کار بکەن یان گەیشتوون بەو بڕوایەی کە بەهیچ جۆرێک ناتوانن دەستیان بە وەزیەفەیەک بگات.

هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان باس لەوە دەکەن کە ئەوان بەدرێژایی ژیانیان هیچ کارێکیان نەکردووە. ژمارەیەکی زۆری ئافرەتە کەمئەندامەکان، ئەوانەی گەیشتوونەتە بڕوایەک کە ئەوان تەنها ئافرەتی ماڵەوەن، هەرگیز ناتوانن کاربکەن، ڕەنگە کاریگەری عادەتەکان و داب ونەریتە جێندەریەکانی تایبەت بە کارلێکی نێوان ئەندامانی خێزان لە نێر و مێ کاریگەریەکی گەورەتریان هەبێت لەسەر ژنانی کەمئەندام لە ڕووی وەدەست هێنانی هەلی کارەوە، بەجۆرێک کە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی پێویستی ئەنجامدانی چالاکی توانا وەبەرخستنی ئابووری ژنانی کەئەندام و ئەولەویەت پێدانیان[22]. لە هەمانکاتدا، هەندێک لە ژنە کەمئەندامەکان گلەیی ئەواياندەکرد کە لە لایەن خیزانەکانیانەوە ناچار دەکرێن بەرپرسیارێتی زۆر و بەدەر لە توانای خۆیان سەبارەت بە چاودێرکردن و کاروباری ماڵەوە لە ئەستۆ بگرن، بۆیە هەست بە فشارێکی زۆری ئەندامانی تری ماڵەویان دەکەن.

تێڕوانینی خاوەنکارە ئەگەریەکان کارمەندانی بەرنامەی هۆکارەکانی بژێوی و پەرەپێدانی ژیانی مرۆڤ بەجۆرێکەکە کەسانی کەمئەندام ناتوانن کار بکەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زۆرێک لە خاوەنکارەکان حەزنەکەن بەشداری بە کەسانی کەمئەندام بکەن لە کارەکانیاندا، سەرەڕای ئەمەش دەست نەگەییشتنی کەسانی کەمئەندام بە ئامێرە هاوکارەکان و دەست و قاچی دەستکرد کاریگەری هەبوو لە سەر توانای زۆرێک لە ئاوارەو گەڕاوەکان بۆ وەدەست هێنانی داهات.

> "من بێکارم، و حەزدەکەم کارێکم دەستکەوێت، هەوڵمدا کارێک بدۆزمەوە، بەڵام کاتێک بینیان من نابیستم، هیچ کەسێک کارم پێناکات". وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کیشەی بیستنی هەیە، ڕومادی

> " حەزدەکەم کارێک بدۆزمەوە، بەڵام من ناتوانم بڕۆم، ئەمەش وایکردوە کە زۆر بە زەحمەت بتوانم کارێک بدۆزمەوە، هیوادارم بتوانم کورسیەکی بەتایەبەدەست بهێنم و توانای خۆم بۆ کارکردن بسەلمێنم". وەلامدەرەوەیەکی نیر کە کێشەی ڕۆیشتن و بیرچوونەوەی هەیە، کەمپی جەددە.

بەشیوەیەکی گشتی، کەمی یان نەبوونی داهاتی کەسانی کەمئەندام ڕێگر دەبێت لە وەی خەرجی پێداویستیە سەرەکیەکانی خۆیان دابین بکەن و ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ژیانیان، چ لە ڕووی دارایی و چ لە ڕووی دەرونیەوە. نەبوونی هەلی بەدەست هێنانی داهات دەبێتە هۆکارێک بۆ هەستکردنی کەمئەندامان بە دڵەرواکێ و گۆشەگیری تەنانەت ئەگەر هاتوو خێزانەکە زۆریش هاوکاربن بۆ کەسە کەمئەندامەکانیان، هەمێشە ڕێگری لە کەسانی کەمئەندام دەکرێت کە هاوسەرگیری بکەن و خێزانی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن[23]. یەکێک لە وەلامدەرەوەکان ئاماژەی بەوەدا کە بە بڕی ١٠ ملیۆن دینار قەرزی لەسەرە، ئاماژەی بەوەدا کە هەست بە نیگەرانیەکی زۆر دەکات کاتێک هەست دەکات ناتوانێ قەرزەکەی بداتەوە، کاتێک کەسی کەمئەندام دەبێتە بارگرانی بەسەر شانی خیزانەیەکەیەوە و ناتوانێت داهاتێکی جێگیر دابینبکات ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی کەمئەندام بکەوێتە ژێر فشارێکی زۆر و هەست بەدڵەڕاکێ و نیگەرانیەکی زۆر دەکات.

کەسانی کەمئەندام دووچاری ئاستەنگی زۆر دێنەوە لە گەییشتن بەو بڕەپارەی بۆیان تەرخانکراوە لە چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا بەهۆکاری ناڕوونی شێوازی گەییشتن بەم بڕە پارانە و پرۆسەیەکی دوورودرێژ و ئاڵۆزی  پێشکەشکردن و ڕایینەکردنی مامەڵەکان. زۆربەی جار ئەم ئاستەنگ و کۆسپانە دەبنە هۆکاری هەستکردن بە نائومێدی و بێهیوایی لە نێوان کەسانی کەمئەندامدا.

> "هەوڵمدا دەستم بگات بە مانگانەکەی (پاراستنی کۆمەڵایەتی) لە ڕێگەی نووسینگەی پاراستنی کۆمەڵایەتیەوە. وەفدێکی فەرمی لە بەغداوە هاتبوون بۆ خیوەتگەکەمان و واژۆیان لەسەر ناوەکانی ئێمەکرد بۆ وەرگرتنی ئەم هاوکاریەی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوە٦ مانگە تیئەپەڕی بەبێئەوەی هیچ وەڵامێک هەبێت، من زۆر بێهیوام و لەو بڕوایەدا نیم کە هێچ شتێک بگۆڕدرێت". وەڵامدەرەوەیەکی ئافرەت کە کێشەی بیستنی هەیە، کەمپی کەبارتۆ

22 کەمئەندامان وریێکخرواە نوێنەرەکانیان لە عێراقدا: ئاستەنگەکان، ئالێنگاریەکان وئەولەویەتەکان، IOM، ٢٠٢١.

23 هەمان سەرچاوە.

**هۆکارە یارمەتیدەرەکان بۆ وەدەستهێنانی هەلی بژێوی ژیان کە لەلایەن کەسانی کەمئەندامەوە دەستنیشان کراون و بریتین لە دروستکردنی هەلی گشتی بژێوی ژیان کە بتواندرێت وەدەست بهێندرێت هەروەها مەشق ڕاهێنانی توانا و لێهاتوییەکان.**

کاتێک پرسیاریان لێکرا سەبارەت بەو هۆکارانەی کە دەشی پاڵپشتی کەسانی کەمئەندام بکەن لە زاڵبوون بەسەر کۆسپ وئاستەنگەکانی تایبەت بە وەدەست هێنانی هۆکارەکانی بژێوی ژیان، وەڵامدەرەوەکان باسیان لە دروست کردنی هەلی کاری بەردەوام و کاتی کرد لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا(بۆ کەسانی کەمئەندام هەروەها بۆ چاودێر و بەخێوکارەکانیان)، هەروەها هەلی مەشق و ڕاهێنانی گونجاو لەگەڵ پێداویستیەکانی کەسانی کەمئەندام ، و پێشکەشکردنی پەیوەست بە وەدەست هێنانی هاوکاریەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی. دوو لە وەڵامدەرەوەکان کە پێشتر لە موسڵ ئەژیان بەر لە ئاوارەبوونیان کاری (خاوەن دوکانی نیگار کێشی و فرۆشیاری سیمکارتی مۆبایل)یان دەکرد، ئەوان باسیان لەوەکرد کە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی پرۆژەکانیان پێویستیان بە هاوکاری و پاڵپشتی هەیە. هەروەک یەکێک لە وەڵامدەرەوەکان ئاماژەی بەوەدا کە بڵاوکردنەوەی هەلی کاری گونجاو لەگەڵ کەمئەندامەکان لەسەر ماڵپەر وسایتە حکومیەکاندا کارێکی یارمەتیدەر دەبێت بۆیان. دواجار، هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان باسیان لەوەکرد کە دەست گەییشتنیان بە ئامێرە هاوکارەکان و چاودێری تەندروستی تەواو یارمەتیدەریان دەبێت لە زاڵبوونیان بەسەر ئەو بەربەست و ئاستەنگە مادیيانەی کە ڕێگەیان لێدەگرن لە گەییشتن بەهەلی کار وبژێوی ژیان .

### 1.3 ئاستەنگەکانی گەییشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان

**ئاوارەو گەڕاوە کەمئەندامەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ دەبنەوە لە ڕووی دەستگەییشتنیان بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بەهۆی سنوردارێتی خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان، لاوازی گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکان وسنوردارێتی داهات و گەییشتن بە زانیاریەکان. سەرەڕای ئەمەش، ئاوارە کەمئەندامەکان واهەست دەکەن کە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان ئاگادارنین و تێناگەن لە پێداویستی و نیگەرانیەکانیان، کەمئەندامان هەمیشە ڕووبەڕووی زەحمەتی و ئاستەنگ دەبنەوە لە کاتی هەوڵدان بۆ گەییشتن بە زانیاریەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاریەکان و هاوکاریە بەردەستەکان.**

لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕاوەکاندا ، ئەم خێزانانەی کە بەلایەنی کەمەوە کەسێکی کەم ئەندامیان هەیە و پشت بە ستراتیژیەتەکانی خۆگونجاندن لەگەل فشارەکان دەبەستن ئەگەر بەراوردیان بکەین دەبینین کە ژمارەیان زیاترە لەو خێزانانەی هیچ کەمئەندامێکیان نییە. سەرەڕای ئەمەش، ئەو خێزانانەی بەلایەنیکەمەوە کەمئەندامێکیان هەیە بەئەندازەیەکی گەورەتر موعەرەزن بۆ پشت بەستن بە ستراتیژیەتەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ حاڵەتە لەناکاوەکاندا لەپێناوی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکاندا[24]. بەگوێرەی MCNA VIII ، لە نێو ئەم خیزانانەی کە ڕاپانگەیاندوە بەلایەنیکەمەوە کەمئەندامێکیان هەیە، نزیکەی ٣٨٪ یان باسیان لەوەکردوە کە بەلایەنی کەمەوە کەسێکیان نەیتوانیوە دەستی بگات بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بەهۆکاری "کۆسپ و ئاستەنگە جەستەیی و هۆشیەکانەوە"[25].

#### 1.3.1 گەییشتن بە بازاڕ و بنکەکانی دابەشکردن

**ژمارەیەکی زۆری کەمئەندامان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە گەییشتن بە مارکێت و بنکەکانی دابەشکردنەوە، پێوستە زۆربەی جارەکان پشت بە بەخێوکار و چاودێرەکانیان ببەستن بۆ گەییشتن بەم شوێنانە[26].**

لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی کەمپ و خیوەتگەکان و کەمبوونەوەی سەرچاوە مرۆییەکاندا، ڕێژەی وەبەرهێنانەکانیش لە بواری ژێرخان و خزمەتگوزاریەکان و چاککردنەوەیاندا بەئەندازەیەکی گەورەتر ڕووی لە کەمبوونەوە کردوە[27]. سەرەڕای ئەمەش، وادەبینرێت کە ئەگەری داخستنی خیوەتگەکان کاریگەری دەکاتە سەر ئاستی ئەم هاوکاریەی کە پێشکەش دەکرێت. لە ناوچەکانی ئاوارەییدا، جۆر و ڕێژەی دابەشکردنە پێشکەشکراوەکانی ناوچە جیاوازەکانیش دەگۆردرێن لەبەر ئەوەی خێوەتگەکانیش لەلایەن ڕێکخراوە نیودەوڵەتییە جیاوازەکانەوە ئیدارە دەکرێن. لەهەندێک شوێندا، ئاوارە کەمئەندامەکان باس لەوە دەکەن کە ماوەی چەند مانگێک دەبێت هیچ هاوکاریەکیان پێنەگەییشتوە و واهەست دەکەن کە ئەوان لە هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانی هاوکاریکردنەوە دوورخراونەتەوە. لە هەندێک شوێنیتریشدا، وەڵامدەرەوەکان وایان هەست دەکرد کە ئەم هاوکاریانە لە سەر بنەمایەکی دادپەروەرانە و یەکسان دابەش ناکرێن، و پەیوەندیە کەسیەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە گەییشتن بە هاوکاریەکان.

> " من بینیم هەندێک خەڵک دووجار هاوکاریەکانیان بۆ هاتووە لە کاتێکدا ئێمە یان یەکجارمان بۆ هاتووە یان هەر بۆمان نەهاتووە. لە مانگی ئایاری سالی ٢٠٢١ وە هیچ بڕە خۆراکێکمان بەسەردا دابەش نەکراوە. من لەم بڕوایەدام کە واستە[28] ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەمەدا. پێویستە بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین هەمان شتومەکەکان وەربگرین بەبێ جیاوازی.وەلامدەرەوەیەکی ئافرەتی نابیست کە کیشەی بینینی هەیە، کەمپی حەسەن شام

> "نەخێر، تاکوئێستا هیچم وەرنەگرتووە، تاکە شت ئەوەیە من دەبینم زۆرێک لە خێزانەکان وەریدەگرن، هەندێک خێزانی تریشیان داخیل کردوە، وهەندێکیشیان دوورخراونەتەوە، بەدرێژایی کات پرسیاریان لێدەکەین بۆچی کەس پەیوەندی بە ئێمەوە ناکات، بەڵام هیچ وەڵامیکمان دەستناکەوێت. وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کێشەی ڕۆییشتنی هەیە، کیلۆ ٧ ، شوێنی نافەرمی ئاوارەکان.

بەپێچەوانەوە، ئەم وەڵامدەرەوانەی کە لە کەمپی کەبارتۆدا دەژین باس لەوەدەکەن کە ئەوان مەوادی خۆراکی و ناخۆراکی و هاوکاری دارایی لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و دەزگای بارزانی کە بەرپرسیارێتی و ئیدارەی خیوەتگەکان دەکات. لەشوێنی گەڕانەوەشدا، هەندیک لە وەڵامدەرەوەکان وتیان کە هاوکاری خۆراکی و مەوادی ناخۆراکیان پێگەییشتوە لە (وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران)ەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی وەڵامدەرەوەکان باسیان لەوەکرد کە هاوکاریەکان کەمن و نارێکن و گونجاو نین لەگەڵ پێداویستیەکانی کەسانی کەمئەندامدا[29].

24 MCNA VIII, October 2020, REACH

25 هەمان سەرچاوە

26 پرسیارە ئاراستەکراوەکان: " ئایا هیچ جۆرە پاڵپشتیەکی تایبەت بە خواردن و کەرەستە وکەل و پەلە ناخۆراکیەکانت پێدەگات لەم شوێنەی کە لە ئێستادا لێی دەژیت؟ ئایا ئەم ئالێنگاریانە چێن کە لەکاتی دەستگەییشتن بە شتومەکە دابەشکراوەکان(بەنموونە ، خواردن، پارە، قەسائم، دابەشکردنی کەل وپەلە ناخۆراکیەکان) ڕووبەڕووی دەبنەوە؟ کام لەم ئالێنگاریانە لەهەموویان گرینگترە؟ تکایە بەنموونە وەڵام بدەرەوە. ئایا لە گەییشتن بە بازاڕدا ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگ و ئالێنگارییێک دەبنەوە؟ کام لەم ئالێنگاریانە لە هەموویان گرینگترە؟ تکایە بەنموونە وەڵام بدەرەوە. ئایا ئەم هۆکارانە چین کە پرۆسەی گەییشتنٹ بە بازار و دابەشکردنەکان ئاسان دەکەن؟"

27 پێداچوونەوەیەک بە پێداویستییە مرۆییەکان، 2021 ، ,OCHA

28 واستە ووشەیەکی عەرەبیە و بەشێوەیەکی نارێک تەرجەمە دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی کەسەکان لە سەر بنەمای خزمایەتی و یەکترناسین و ئاماژەیە بۆ پەیوەندیەکانی تاک و / کاریەگەریان لە ئەنجامدانی کارەکاندا.

29 MCNA VIII ڕایدەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتوە کە ئەم خێزانانەی کەسێکی کەمئەندامیان هەیە زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی ئەساییشی خۆراکی دەبنەوە و بۆ ئەمەش ئاماژە بەئەگەری پێویستبوونی هاوکاری ئامانجدار دەکات.

هەبوونی مەودایەکی دوور لە بنکەکانی دابەشکردن، شەقامی خۆڵ و قیرنەکراو و بەرزی و نزمی و نارێکی زەوی و نەبوونی ئامێری هاوکاری رێگرن لەبەردەمی کەسانی کەمئەندام لە گەییشتن بە بنکەکانی دابەشکردن و بازارەکان لە ناوچە هەرەمەکی و خێوەتگەکان و ناوچەکانی گەڕانەوەدا. ژمارەیەکی زۆری وەڵامدەرەوەکان پشت بە پێشکەشکارانی چاودێری دەبەستن بۆ گەییشتن بە بنکەکانی دابەشکردن و بازارەکان لە شوێنەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا.

> " من ناتوانم بەتەنها برۆم، پێویستە کەسێکم لەگەڵدا بێت. ئەگەر جادەکە خۆش یان قیرتاوکرابێت من دەتوانم رێگای بازا لەبەر بکەم بەبێ هیچ کیشەیەک. قیرتاوکردنی شەقامەکە زۆر هاوکارم دەبێت لە گەییشتن بە بازار".وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کێشەی بینینی هەیە، موسڵ

کەسە نابیستەکان باس لەوەدەکەن کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ئاستەنگ و زەحمەتی دەبنەوە لە پیوەندی کردندا کاتێک دەگەنە بازار و بنکەکانی دابەشکردنەوە و بۆیە ئەوان ناچنە بازار ئەگەر بێت و کەسێکی خێزانەکەی خۆیانیان لەگەڵدا نەبێت . باوکی یەکێک لە وەڵامدەرەوەکان ئاماژەی بەوەدا کە کوڕەکەی کەمئەندامە لە رووی ئەقڵەوە بۆیە هەمیشە بە قسەکانی خەڵک هەراسان دەکات کاتێک دەچێتە دەرەوەی خێوەتەکە، ئەو ناچێتە بازارەوە بۆ ئەوەی بتوانێ رێگە لەم هەراسانکردنانە بگرێت. هەروەک کەمی داهات لە ئەنجامی سنورداری دەست گەییشتن بە هەلی کارکردن و بژێوی ژیان رێگە لە کەسانی کەمئەندام دەگرێ کە بچنە بازارەکانەوە.

> " من ناچمە بازاڕەوە چونکە پارەم نییە تاکو لەوێ سەرفی بکەم، ئێمە هەندێک مەوادی خۆراکی وەردەگرین یان هەندێک نان لە جیرانەکانمان وەردەگرین. بوونی مووچەیەک هاوکارم دەبێت کە بچمە بازار، دەتوانم هەندێک بە پێ بڕۆم بۆ ئەوەی بگەمە بازاڕ". وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کێشەی رۆیشتنی هەیە، کیلۆ ٧ ، شوێنی نافەرمی ئاوارەکان.

ئەو کەمئەندامانەی کە کەسیان لەگەڵدا نییە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی مەترسی گەورەتر دان لە بەر ئەوەی ناتوانن ئاساییشی ژیانی خۆیان بپارێزن، هەروەها ناتوانن پێداویستیە سەرەکیەکانی خۆیان دابین بکەن و دەستیان بگات بە مەوادە خۆراکی و ناخۆراکیەکان[30].

> " من هەر گیز ناچمە بازاڕ لەبەر ئەوەی هیچ پارەیەکم نییە تاکو خەرجی بکەم. هەندێک خەڵک هەموو رۆژێک بڕێک خواردن یان هەندێک نانم بۆدەهێنن". وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە لە رووی جەستەییەوە ناتەواو و کەمئەندامە، کەمپی جەددە

**هۆکارەکانی توانا وەبەرخستن بۆ گەییشتن بە بازارەکان و بنکەکانی دابەشکردن، بریتین لەو دابەشکردنانەی کە لە خێوەتگەکاندا دەدرێت، وهەروەها داهاتێک لە پێناوی توانا پێبەخشین بۆ پرۆسەی کرینی ئامێرە هاوکارەکان و ئیمکانیەتی گەییشتن بە خزمەتگوزاری و پەیوەندیەکان.**

کاتێک پرسیاریان لیکرا سەبارەت بەو هۆکارانەی کە پالپشتی کەسانی کەمئەندام دەکەن لە زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان بەردەم گەییشتن بە بنکەکانی دابەشکردن و بازارەکان. ژمارەیەکی زۆری وەڵمدەرەوەکان باسیان لە پێویستی زامنکردنی مامەڵەکردنێکی یەکسانانە کرد لەگەڵ ئاوارەکاندا هەروەها بتوانن بگەنە بنکەکانی دابەشکردن لە سەر بنەمای پێداویستیەکانیان، نەک لەسەر بنەمای دەسەڵاتی شەخسیان. هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان باسیان لە پێویستی بەدەست گەییشتنی هاوکاریەکی زێدەگی لە مەوادی ناخۆراکی و ئەوراقی دارایی و پاڵپشتیکردنێکی نەختینەیی کرد. سەرەڕای ئەوەش، هەندێک لە کەسانی کەمئەندام جەختیان لەوەکردەوە کە دەستگەییشتنیان بە بەداهاتێکی مانگانە دەتوانی هاوکاریان بێ لە گەییشتنیان بەبازارەکان . هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان هەستیان بەوەکرد کە پێویستە دەستپێشخەری سەرخستن هەبێت بەرامبەر بە حکومەت و رێکخراوە ناحکومییەکان لە پێناوی جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە دەنگی داواکاری کەسانی کەمئەندام سەبارەت بە گەییشتنیان بە بنکەکانی دابەشکردن دەبیسترێت[31].

هەروەها کەسانی کەمئەندام پێشنیاری پاڵپشتیکردنێکی تایبەت بە کەمئەندامێتی و لەنێویشیاندا گەییشتن بە ئامێرە هاوکارەکان و کارکردن لە سەر گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکان(بەنموونە لە رێگەی رەسیفکردنی شەقامەکانەوە) کە ئەمە هاوکاریان دەکات لە زاڵبوونیان بەسەر ئەو بەربەستە ماددیانەی کە پەیوەستن بە گەییشتن بە بازارەکان و بنکەکانی دابەشکردن. سەرەڕای ئەمەش، هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان باسیان لەوەکرد کە ئەم دەستپێشخەریانەی ئامانجیان پێشکەشکردنی هاوکاریە یان شتومەکە بەشێوەی ڕاستوخۆ بە ماڵی کەمئەندامەکان و ئەوانەی کە رووبەرووی زەحمەتی دەبنەوە لە گەییشتن بە بنکەکانی دابەشکردن و بازارەکان، جێگای رێزو پێزانینن. بەگوێرەی وتەی هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان لەرێگەی ئەم جۆرە دەستپێشخەریانەوە کەمئەندامان هەر تەنها هاوکاریەکانیان بەدەست ناگات، بەڵکو باری گرانی سەرشانی چاودێر و پێشکەشکارانی چاودێریشیان زۆر سوک دەکات.

دواجار، هەندێک لە وەڵامدەرەوە نابیستەکان ئاماژەیان بەوەدا کە ئەو دەستپێشخەریانەی کە ئامانجیان چارەسەرکردنی بەرەبەستەکانی تایبەت بە پەیوەندیکردنە، لە نێویشیاندا بوونی خاڵێکی جەوهەری کە لەرێگەیەوە بتواندرێت پەیوەندی بە کەسانی نابیستەوە بکرێت لەکاتی دابەشکردندا یان هەندێک لافیتەی بینراو لەسەر کۆڵانی خێوەتگەکان هەڵبواسرێت کە دەشێت هاوکاری کەسانی نابیست بکات بۆ ئەوەی بۆخۆیان بچن و بێن بۆ شوێنی دابەشکردنەکان، ئەمش سودێکی زۆری ئەبێت.

### 1.3.2 دەست گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و زێراب و پاک و خاوێنی و تەندروستی

**هەندێک لە کەسانی کەمئەندام چ لە ناوچەکانی ئاوارەییدا و چ لە ناوچەکانی گەڕانەوەدا رووبەرووی کۆمەڵێک ئالێنگاری دەبنەوە لە کاتی بەکارهینانی ئاو بۆ مەبەستە تەندروستیەکان، پشت بەوانیتر دەبەستن لە خۆششتن وحەمامکردندا[32] [33]**

30 لە راپۆرتی "گەییشتن بە خزمەتگوزاریە مرۆییەکان بۆ کەسانی کەمئەندام: شیکردنەوەی حاڵەت لە شوێنی پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە بنتیو، باشوری سودان" (مرۆڤایەتی و شمول و رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچکردن) تیشک خراوەتە سەر ئەم دەرەنجامە. هەروەها ڕاپۆرتەکە تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە ئەو کەسە کەمئەندامانەی کە هیچ ئەندامێکی خێزانەکەی خۆی لەگەڵدا نییە لە هەموو توێژەکانیتری کۆمەڵگا لاوازترن و ڕووبەڕووی مەترسی چەوساندنەوەی گەورەتر دەبنەوە.

31 پێداویستیەکانی بەکار هێنانی ووشەکە: پێداویستیە مرۆییە جیهانیەکانی کەسانی کەمئەندام کەسانی تەندروست، هەندێک جار کەسانی کەمئەندام پێویستیان بە ئەنجامدانی رێکاری دیاریکراو هەیە بۆ دابینکردنی پیداویستیە مرۆییە جیهانیەکان. زۆربەی جار ئەولایەنانەی کە کار لەسەر مافەکان دەکەن هەلدەستن بە گۆڕینی ووشەی "پێداویستیەکان" بە ووشەی "داواکاریەکان" کاتێک پەیوەست دەبێت بە ئەنجامدانی هەندێک رێکاری تایبەت بە کەمئەندامی، چونکە ئەو تەرکیز دەخاتە سەر کاراکردنی مافەکانیان.

32 پرسیارە ئاراستەکراوەکان: "ئەو ئالێنگاریانە چین کە رووبەروویان دەبنەوە لە کاتی وەدەسست هێنانی ئاوی خاوێن، ئەگەر هەبوو؟ تکایە بە نموونە وەڵام بدەرەوە. ئایا ئەم ئالێنگاریانە چین کە رووبەروویان دەبنەوە لە کاتی بەکارهێنانی ئادەستخانە/ یان خزمەتگوزاری حەمام؟ تکایە بەنموونە وەڵام بدەنەوە. ئایا ئەم هۆکارانە چین کە گەییشتنت بە خزمەتگوزاری ئاو و زیرابی تەندروست و پاک و خاوێنی ئاسان دەکەن؟"

33 دەست گەییشتن بە ئاوی پاک لەلایەن وەڵامدەرەکانەوە وەک ئالێنگاریەک ئاماژەی پێنەدرا بوو. تاکە وەڵامدەرەوەیەک کە رووبەرووی ئەم ئالێنگاریە دەبێتەوە لە کاتی گەییشتن بە ئاو لە گەڕەکێکی دوورەدەستی شاری مووسڵ بوو کە بەسنووورداری دەست گەییشتن بە خزمەتگوزاری ئاوی خاوێن جیادەکرێتەوە.

وەڵامدەرەوەکان ئاماژەیان بەوەدا کە خزمەتگوزاریەکانی ئاو وئاوەڕۆ و پاک و خاوێنی تەندروستی لە هەندێک حاڵەتدا ناوچەکانی ئاوارەییدا لە دۆخێکی زۆر خراپدان. دەست گەییشتن بە خزمەتگوزاری ئاو ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی کەسی و گرینگیدان بە پاکوخاوێنی بۆ کەسانی کەمئەندام یەکێکە لە ئالێنگاریە گەورەکان بەهۆی دووری و کەمی ئامێرە هاوکارەکان و بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە کەمئەندامی جەستەیین یان نابینان. بەشێکی زۆر لە کەسانی کەمئەندام کە لە خیوەتگەکاندا دەژین باسیان لەوە کرد کەخزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پاک و خاوێنی لە خیوەتەکانیان دوورن. هەندێک لەکەمئەندامە جەستەییەکان باسیان لەوە کرد کە ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبنەوە لە کاتی هەوڵدان بۆ دەست گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکانی ئاو ئاوەڕۆ و پاکو خاوێنی تەندروستیدا تەنانەت کاتێک کە لە ناو ئەم شوققەیەشدا هەیە کە تیایدا دەژین، چونکە ناتوانن بگەنە خزمەتگوزاریەکانی ئاو ئاوەڕۆ وپاکو خاوێنی تەندروستی. لەهەردووک ناو چەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەشدا، زۆربەی کەسە کەمئەندامەکان کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە پشت بە چاودێر و پێشکەشکارانی چاودیری خۆیان دەبەستن بۆ هاتن و چوون و گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکانی ئاو وئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی تەندروستی وگرینگیدان بە خاوێنی کەسی.

" دایکم دەمشوات و دەشمبات بۆ توالێت. من ناتوانم ئەم کارانە بەتەنها ئەنجام بدەم، لەگەڵک ئەمەشدا، هەندێک جار داپێی بەکار دەهێنم .کاتێک دەبینم کە هیچ چارەسەرێکیتر نیە بۆ دۆخەکەم، من ناتوانم باشتر بیمەوە و پشت بەخۆم ببەستم". وەڵامدەرەوەیەکی مێ کە کیشەی بیستن و ڕۆیشتنی هەیە، ڕومادی

وەڵامدەرەوەیەک کە کەمەئەندامیەکی جەستەیی هەبوو لە کەمپی جەددە کە مەودایەکی باش دوور بوو لە خزمەتگوزاریەکانی ئاو وئاوەڕۆ ئاماژەی بەوەدا کە ئەو بەتەنها دەژیێت هیچ پەیوەندیەکی لە ناو خیوەتگەکەدا نییە، و باسی لەوەکرد کە هیچ ئارەزوو ناکات خێمەکە جیبهێڵێت یان گرینگی بە پاکوخاوێنی کەسی خۆی بدات.

"من زەوقی ئەنجامدانی هیچ شتێکم نییە، ماوەی ساڵێک دەبێ من جەستەی خۆمم نەشوشتوە، دەتوانم بیشۆم بەڵام سەلیقەی ئەوەم نیە تەنانەت گرینگی بەخۆشم بدەم".وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کەمئەندامی جەستەیی هەیە، جەددە کەمپ

**دەست گەییشتن بە ئاوی خاوێن وەک ئالێنگاریەک ئاماژەی پێنەدرابوو لە لایەن وەڵمدەرەکانەوە. تەنها بەشداربوویەک کە ئاماژەی بە زەحمەتیەکانی خۆیدەکرد لە دەست گەییشتن بە ئاوی خاوێندا بریتی بوو لەکەمئەندامێک کە لە گەرەکێکی دووردەستی موسڵ دەژیت و گەرەکەکە بەبێ خزمەتگوزاری دەناسرێتەوە.**

هۆکارەکانی توانا پێبەخشین لە گەییشتن بە خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ پاکوخاوێنی تەندروستی کە لەلایەن کەسانی کەمئەندامەوە دیاریکراون، بریتین لە ئیمکانیەتی گەییشتن بە خزمەتگوزاریەکان، ئامێرە هاوکارەکان و چاککردنەوەی خزمەتگوزاریەکان.

کاتێک پرسیار کرا سەبارەت بەو هۆکارانەی کە دەتوانن پاڵپشتی کەسانی کەمئەندام بکەن لە زاڵبوونیان بەسەر بەربەستەکانی پەیوەست بە گەیشتن بە خزمەگوزاری ئاو ئاوەڕۆ و پاک وخاوێنی، هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان کە لە کەمپەکاندا دەژین ئاماژەیان بەوەدا کە ئەم خزمەتگوزاری و ئاسانکاریانە نزیکتر لە خیوەتەکانیان دروست بکرێن، هەروەها، توانای دەست گەییشتن بە ئامێە هاوکارەکان، هاوکاریان دەبێت لە زاڵبوون بەسەر بەربەستە مادیەکاندا، سەرەڕای ئەمەش، هەندێک لەو وەڵامدەرەوانەی کە لە کیلۆ ٧ دا دەژین ئاماژەیان بە پێویستی چاککردنەوەو نۆژەنکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان داوە.

### 1.3.3 دەست گەییشتن بە چاودێری تەندروستی

**کەسانی کەمئەندام ڕووبەڕووی گەلێك زەحمەتی دەبنەوە لە کاتی هەوڵدانیان بۆ گەییشتن بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی، ناوەندی و پسپۆری ورددا لە ناوچەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوەدا. هەندێک لە کەمئەندامان دەستیان نەگەییشتوە بە ئامێرە هاوکارەکان کە ئەمەش کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لە سەر زۆربەی بوارەکانی ژیانیان[34].**

کەسانی کەمئەندام کە لە ناچەکانی ئاوارەییدا دەژین ئاماژە بەوەدەدەن کە ناتوانن دەستیان بە بنکەکانی چاودێری تەندروستی بگات بەهۆی سنووردارێتی ژمارەی ئەم سەنتەرانەی کە لە کەمپەکاندا یان لە شوێنە نافەرمیەکاندا هەن، کەمی ستافی تەندروستی، کەموکوڕی لە داوودەرمان، نەتوانینی پێشکەشکارانی چاودێری تەندروستی بۆ پێشکەشکردنی چاودێریەکی تەندروستیانە و پسپۆرانەی گشتگیر و لەنێویشیاندا کەمئەندامی عەقڵی. پاڵپشتیکردنی تەندروستی و دەروونی. بەهۆی ئەم ئالێنگاریە جۆراوجۆرانەوە، هەندێ لە کەسە کەمئەندامەکان هەست بە بێئومێدی و دڵەڕاوکێ دەکەن و دەگەڕێن بەدوای چاودێریەکی تەندروستی گونجاودا.

"لەڕاستیدا، من ڕقم لە بنکە تەندروستیەکانە، لەبەر ئەوەی من قسەمم لەگەڵ هەموویان کردووە سەبارەت بە پاڵپشتیکردنیان بۆ حاڵەتەکەی من، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەبووە، لەبەر ئەوە من جارێکیتر ناچمەوە ئەوێ". وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کێشەی بیستنی هەیە، کەمپی کەبارتۆ

ژمارەیەکی زۆری وەڵمدەرەوەکانی ناوچەکانی ئاوارەیی و ناوچەکانی گەڕانەوەش ئاماژەیان بەوەداوە کە بێبەشن لە ئامێرە هاوکارەکان و بێتواناش لە دابینکردنی خەرجی ئەم ئامێرانە، سەرباری خەرجیەکانی داو ودەرمان وچارەسەر کە ڕەنگە پێویستیان پێی هەبێت:[35] هەروەک بەربەستە مادیەکانیش ڕێگرن ، وەک مەودای دووری نێوان خیوەتەکان و بنکە تەندروستیەکان و کەمی ئامێری هاوکار و خەرجیەکانی گواستنەوەی کەسانی کەمئەندام لەکاتی چوون و گەییشتن بە چاودێری تەندروستیدا.

" من لە کاتی جەنگدا هەردوو قاچەکانم لەدەست دا و ناتوانم بەپێ بچم بۆنەخۆشخانە ئەگەر هاتوو پێویستم بە چارەسەرکردن هەبوو.. سەرجەم بنکەکانی چاودێری تەندروستی لە خیوەتەکەی منەوە دوورن ". وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کەمئەندامی جەستەیی هەیە، کەمپی کەبارتۆ

**هۆکارەکانی تواناوەبەرخستن بۆ گەییشتن بە خزمتگوزاری چاودێری تەندروستی کە کەسانی کەمئەندام دەستنیشانیان کردوون، بریتین لە چارەسەرکردنی تێچووەکان و زیادکردنی دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی.**

34 پرسیارە خراوە ڕووەکان:" ئەو ئالێنگاریانە چێن کە ڕووبەڕوت دەبنەوە لە دەست پێگەییشتن و بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی و داو ودەرمان و ئامێری هاوکار و خزمەتگوزاریەکانی دووبارە ئامادەکردنەوە؟ تکایە بە نموونە وەڵام بدەرەوە. ئەو هۆکارانە چین کە گەییشتنت بە چاودێری ترندروستی ئاسان دەکەن؟"

35 ئێم سی ئێن ئەی 8 ڕایدەگەیەنێ ئەو خێزانانەی کە بەلایەنی کەمەوە یەک ئەندامیان هەیە کە کەمئەندامن دۆزرانەوە کە دوو ئەوەندەیە ڕاپۆرتی تەندروستی بدەن وەک هۆکاری سەرەکی بۆ وەرگرتنی قەرز بە بەراورد لەگەڵ خێزانەکانی تر (٪26 بەرامبەر ٪13).

کاتی پرسیاریان لێکرا سەبارەت بەو هۆکارانەی کە پاڵپشتی کەسانی کەمئەندام دەکەن لە زاڵبوونیان بەسەر بەربەستە کانی تایبەت بە چاودیری تەندروستی، ژمارەیەکی زۆر لە وەڵامدەرەو کەمئەندامەکان ئاماژەیان بەوەدا کە ئەوان پێویستیان بە هاوکاریکردن هەیە لە دابینکردنی خەرجیەکانی چاودێری تەندروستی وئامێرە هاوکارەکان و داو ودەرمان. وایان دانا کە پێشکەشکردنی هاواری بۆ کەسانی کەمئەندام لە سەر بنەمای دۆخەکەیان یەکێکە لە ئەولەویەتەکان. هەروەک کەسانی کەمئەندام باسیان لەوەکرد کە پێویستیان بەوەهەیە بتوانن بگەنە کادیرە بەئەزموونە تەندروستیەکان کە دەتوانن چاودێری دۆخەکانیان بکەن و لەهەمانکاتیشدا زەمانەتی بەردەوامی ئەم چاودێریە تەندروستیەیان بۆ بکەن لە کاتی ئاوارەبونەکەیاندا. هەندێک لە و وەڵامدەرەونەی کە لە کەمپ و خیوەتگەکاندا دەژین پێشنیاری ئەوەیان کرد کە هەبوونی کادیری تەندروستی کارکەر لە سەرحاڵەتەکان کە دەتوانن چاودێری حالەتی کەمئەندامیەکانیان بکەن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک(هەفتانە یان مانگانە) سودێکی زۆری دەبێت. ژمارەیەکی زۆر لەو کەمئەندامانەی کە لە کەمپ و خیوەتگەکاندا دەژین باسیان لە پێویستی بوونی ستافێکی پزیشکی  زیاتر وکردنەوەی بنکەی تەندروستی تر و دابینکردنی داو ودەرمان کرد. یەکێک لە وەڵمدەرەوەکانی کەمپی حەسەن شام پێشنیازی ئەوەیئ کرد کەلێکۆڵینەوەبکرێت بەمەبەستی تیگەییشتن لەم هۆکارانەی بوونەتە هۆکاری دروست بوونی کەلێن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی  لە ناو کەمپەکاندا.

## 1.3.4 دەست گەییشتن بە پەروەردەو فێرکردن

**ژمارەیەکی زۆری کەسانی ئاوارەی کەمئەندام کۆمەڵێک هەلی کەمی دەست گەییشتن بەخوێندنیان هەبوو ئەویش بۆ منداڵان بوو. هەندێک لەم هۆکارە توانا وەبەرخەرانەی  کە هانیاندەدەن دەستیان بگات بە هەلی خوێندنی فەرمی بێت یان نافەرمی کە کەمئەندامەکان دەتنیشانیان کردبوون بریتین لە دابینکردنی ئامێری هاوکار و هاوکاریکردنی کەسی کەمئەندام.**

بەشی هەرە زۆری بەشدارانی توێژینەوەکە (٢٨) کەس لە ٣٩ کەس کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە) ئاماژەیان بەوەداوە کە هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانەوە. هەندێک لە بەشداران (٨ کەس لە ٣٩ کەس) تەنها چوونەتە قوتابخانەی سەرەتایی[36]. دواجار تەنها ٣ لەبەشداران گەییشتوونەتە  قۆناغی ناوەندی، یەک بەشداریشیان قۆناغی زا نکۆی تەواو کردووە نمرەی ماستەری هێناوە لە قانوندا[37].

لەکاتی پرسیارلێکردنیان سەبارەت بەم هۆکارانەی کە دەشێ ببنە پاڵپشتی کەسانی کەمئەندام لە زاڵبوونیاندا بەسەر بەربەست وئاستەنگەکانی تایبەت بە پەروەردەو فێرکردن، ئەم کەمئەندامانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازکرا ئاماژەیان بە پێویستی دروستکردنی هەلی گەییشتن بە پەروەردەو فێرکردنی گشتگیردا بۆ کەسانی کەمئەندام لە هەردوو ئاستی سەرەتایی و ناوەندی لە شوێنەکانی گەڕانەوەدا، هەروەها فەراهەمکردنی هەلی فێرکردنی نافەرمی لە نێو خیوەتگەکاندا، سەرەڕای پێویستی کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئەو کەمئەندامانەی کە نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانەوە. هەروەک باس لە گرنگی دۆزینەوەی چارەسەر کرا بۆ بەربەستە ماددیەکان، وەکو دەست گەییشتن بە ئامێرە هاوکارەکان، هەبوونی توانای سود وەرگرتن لە پاڵپشتی کەسی تایبەتمەند کەبتوانی هاودەمی کەسانی کەمئەندام بکات و هاوکاریان بکات لە چوون و هاتنیان هەروەها سود وەرگرتن لە فێرکردنی ماڵەوە.

## 1.3.5 گەییشتن بەزانیاریەکانی تایبەت بە خزمەتگوزاری و هاوکاریەکان

**کەسانی کەمئەندام ناچاردەبن پشت بەو کەسانە ببەستن کە چاودێریان دەکەن بۆ گەییشتن بە زانیاریەکان سەبارەت بەهاوکاریەکان، ئەمەش وایان لێدەکات کە پشت بە پێشکەشکارانی چاودێری ببەستن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستکردنی ئالێنگاری زیاتر بۆ ئەو کەمئەندامانەی کە بەتەنها دەژین**

لە خێوەتگەکانی ئاوارە ناوخۆییەکاندا، زۆریک لە کەمئەندامان زانیاری لەبارەی پێشکەشکردنی هاوکاریەکانەوە بەدەست دەهێنن لە ڕێگەی پێشکەشکارانی چاودێریەوە کاتێك لەلایەن ئیدارەی خیوەتگەکانەوە پەیوەندیان پیوەدەکرێت بۆ گەیاندنی زانیاریەکان. پشت بەستن بە پێشکەشکارانی چاودێری بۆ دەستکەوتنی زانیاری سەبارەت بە هاوکاریە بەردەستەکان رێگە بۆ کەسانی کەمئەندام بەنموونە (نابیست) خۆشدەکات کە زانیاریەکانیان دەست کەوێت بەڵام ناچاردەبن کە پشت بە پێشکەشکارانی چاودێری ببەستن. بەڵام هەندێک وەڵامدەرەوەیتر لەرێگەی تۆرەکانی پاڵپشتیکردنەوە بەنموونە وەک برادەران زانیاریان پێدەگات . ئەم چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجامدراون ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم کەئەندامانەی بەتەنها دەژین هەندێک جار کێشەی گەییشتن بە زانیاریەکانیان هەیە  سەبارەت بە هاوکاریە بەردەستەکان.

> "من دەستم ناگاتە زانیاریەکانی تایبەت بە هاوکاریە بەردەستەکان.
> لەوانەیە {ئیدارەی کەمپ} وابیربکەنەوە کەمن مردووم یان
> ڕەنگە هەرنەشزانن ئاخۆ من لەم کەمپەدا دەژیم یان نا".
> وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کێشەی ڕۆیشتنی هەیە، کەمپی جەددە

> " من دەستم ناگات بەو زانیاریانەی تایبەتن بە هاوکاریە
> بەردەستەکان. ناوەکانی ئێمە لە نێو لیستی دابەشکردنەکانیاندا
> نییە، چونکە ئێمە لێرەدا هیج واسیتەیەکمان نییە. هیچ کەسێک
> بانگی ئێمە ناکات".وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کەمئەندامێتی
> جەستەیی هەیە، شوێنی نافەرمی کیلۆ٧

هەندێک لە کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی گەڕانەوەدا ئاماژەیان بەوەداوە کە زانیاریان سەبارەت بە هاوکاریە بەردەستەکان لە رێگەی رێکخراوەکانی تایبەت بە کەمئەندامانەوە پێگەییشتوە، وەک رێکخراوی شەنگال بۆ کەمئەندامان. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرینەی  ئەو کەسەکەمئەندامانەی کە لە ناوچەکانی گەڕانەوەیاندا دەژین ئاماژەیان بەوەدا کە هیچ زانیاریەکیان پێنەگەییشتوە سەبارەت بە هاوکاریەکان بەهۆی نەبوونی رێبازێکی گشتگیری تایبەت وە زانیاری بڵاوکردنەوە بۆ کەمئەندامان، زەحمەتی گەییشتن بە هەندێک گەرەک وشوێن لەلایەن پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکانەوە، هەروەها بوونی کەموکوڕی لە ئامادەی حکومەت بۆ پاڵپشتیکردنی کەسانی کەمئەندام.

36 دوو لە وەڵامدەرەوەکان بەدیاریکراوی باسیان لەوە کرد کە پەیوەندیان بە پەیمانگە تایبەتیەکانی ئەنبارەوە کردوە کە هەلی دەست گەییشتن بەخوێندنی کەسانی نابیست و نابینایانیان فەراهەمکردبوو.

37 بەربەستەکان بۆ پەروەردە کە لەلایەن وەڵامدەرەوەکانەوە ئەزموونیان هەیە وەک منداڵێک پێش ئاوارەبوون بریتی بوو لە دووری بۆ ئاسانکاریەکانی فێربوون، پێویستیی ئەوەی کە لە لایەن کەسێکەوە هاوکاری بکرێت، ئاسانکاریی ناپێویست، هەڵوێستی نەرێنی لەلایەن مامۆستایان و هەڵسوکەوتی خێزانەوە کە پەروەردە لەپێشینە نەبوو.

**کەمئەندامان هەست دەکەن کە داواکاریەکانیان لەلایەن پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکانەوە شیاوی پێزانین و تێگەییشتن نین، ئەمەش بۆتەهۆکاری ئەوەی کە کەمئەندامان هەمیشە هەست بە نائومێدی و دابڕان و تەنهایی بکەن[38].**

کاتێک پرسیاریان لێکرا سەبارەت بەوەی ئاخۆ پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەکانی ئاوارەیی وگەڕانەوەدا لە داواکاریەکانی کەسانی کەمئەندام تێدەگەن و گفتوگۆیان لەگەل دەکەن سەبارەت بەم کێشەو بابەتانەی کە بۆ ئەوان گرینگن، زۆرینەی وەڵامدەرەوەکان ئاماژەیان بەوەدا کە سەبارەت بە داواکاری و ئەولەویەتەکانیان هیچ کاتێک لەلایەن پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکانەوە راوێژیان پێنەکراوە. هەندێک لە کەمئەندامان گەییشتونەتە ئەو بڕوایەی کە هاوکاریکردنی کەمئەندامان یەکێک نییە لە ئەولەویەتەکانی پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان، ئەمەش وایکردوە کە کەمئەندامان هەست بە نائومێدی و بێهیوایی بکەن.

> " ئێمە هیچ کاتێک لەلایەن هیچ پێشکەشکارێکی خزمەتگوزاریەکانەوە راوێژمان پێنەکراوە. چیتر هیچ خەرجی وهاوکاریەک نەماوە، و ئەمەش ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆیە کە لە ڕێگەیەوە فشارمان لێدەکەن تاکو بگەڕێینەوە شوێنەکانی خۆمان و کەمپەکە دابخەن."وەڵامدەرەوەیەکی نێر کەکێشەی بیرچوونەوەو تەرکیزکردنی هەیە، کەمپی حەسەن شام.

**هوکارەکانی تواناوەبەرخستن و هاوکاریکردن بۆ گەییشتن بە و زانیاریانەی کە کەسانی کەمئەندام دیاریان کردوون بریتین لە دابینکردنی تێچوەکانی پاڵپشتیکردنی تاکەکەسی.**

هەندێک لەوکەمئەندامانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدرا باسیان لەوەکرد بوونی کەسانی پسپۆر کە بتوانن چاودێری حاڵەتە تاکە کەسیەکانیان بکەن ڕەنگە هاوکاربێت لە چارەسەکردنی هەندێک بۆشایی پەیوەست بەو زانیاریانەی کە لەسەرەوە باسکران. هەروەها هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان هەستیان کرد کە ئەگەر ئەم بەربەست و ئاستەنگانەی کەمئەندامان رووبەرووی دەبنەوە بکرێنە ئەولەویەتی دەستەلاتەکان وئیدارەی کەمپەکان، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر هەندێک پارەی زێدەگی تەرخان بکرێت بۆ پاڵپشتیکردنی کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوە، سودێکی زۆری دەبێت.

## 1.4 بەربەستەکانی تایبەت بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی، ئاساییش و سەلامەتی

**ئاوارە و گەڕاوەکانی کەمئەندام هەست دەکەن کە ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوورخراونەتەوە بەهۆی هەڵوێستی نەرێنی تاکەکانی کۆمەڵگا و بوونی کەم و کوڕی لەپەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و گەییشتن پێی. لە زۆرینەی جارەکاندا ئەندامانی خێزان سەرچاوەی سەرەکی پاڵپشتیکردنی کەسانی کەمئەندامن.**

**کەسانی کەمئەندام هەست بە نەنگی و جیاکاری دەکەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری هەستکردنیان بە دابران و دوورکەوتنەوەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی[39]**

لە عێراقدا، کۆمەڵەکان هەمیشە بێبەشن لە ڕۆشەنبیری چۆنییەتی بەشدارپێکردنی کەسانی کەمئەندام و لەباوەشگرتنیان بەشێوازێکی رێزدارانە. بەگوێرەی راپۆرتێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆچبەران" کەسانی کەمئەندام و ئەم رێکخراوانەشی کە نوێنەرایتیان دەکەن لە عێراقدا: بەربەستەکان، ئالێنگاریەکان وئەولەویەتەکان"، کەسانی کەمئەندام رووبەرووی شەرانگیزی، گاڵتەپێکردن و قسەی نەشیاو دەبنەوە بەهۆی تێنەگەییشتنی خەڵک لە کەمئەندامێتی. سەرەڕای ئەمەش، هاوکات لەگەڵ تێگەییشتنێکی سنووردایان بۆ نەهجی پشت بەستوو بە مافەکانی کەمئەندامێتی، تاکەکانی کۆمەڵگا سۆز وبەزەیی بۆ کەسانی کەمئەندام دەردەخەن بەجۆرێک واهەژماریان دەکەن کە کەسانی بێتوانان و ناتوانن پشت بەخۆیان ببەستن وبەشداری بکەن لە ژیانی کۆمەڵگادا[40]. لە لایەن زۆرێک لەو کەمئەندامانەی کە لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا دەژین باس لەوەکراوە کە روو بەرووی هەستکردن بەنەنگی وجیاکاری و لەهەمانکاتیشدا نیشاندانی سۆزوبەزەیی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا و خێزانەوە بوونەتەوە.

> "دانیشتبووم لەگەڵ کۆمەڵێک پیاودا و گوێم لێبوو یەکێک بەویتری دەگووت: " لێی گەڕێ و وازی لێبهێنە، ئەو هیچ نییە، ئەو کەسێکی کوێرە و ناتوانی وەک پیاوێک لە هیچ شتێکدا پشتگیریمان بکات". وەڵامدەروەیەکی نێر کە کێشەی بینینی هەیە، کەمپی حەسەن شام

> " من حەزدەکەم لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ ببم بەڵام، خەڵک بەردەوام پێم دەلێن "کەڕە" هەستم بریندار دەکەن، بۆیە ناچمە دەرەوە. موستەحیلە بتوانرێ (هیچ شتێک بکرێت لەبەرامبەر ئەمەدا لەبەرئەوەی خەڵک ناوەستن لە بیرکردنەوەو سەیرکردنی کەمئەندامان بەشێوازێکی جیاواز، من دەتوانم ئەوە لە چاویاندا بخوێنمەوە کاتێک ئەوان قسەدەکەن و من بێدەنگم". وەلامدەرەوەیەکی مێ کە کێشەی بیستنی هەیە، موسڵ

هەستکردن بە نەنگی و جیاکاری و ئەوشەڕانگێزیەی کە زۆرینەی کەمئەندامان ڕووبەرووی دەبنەوە لەڕووی دەروونیەوە کاریگەری خراپیان لێدەکات وایان لێدەکات هەست بە پەراوێزخستن و تەنهایی بکەن. سەرەڕای ئەمەش، ئەم جۆرە هەڵوێستانە دەبنە رێگر لەبەردەم بەشداریکردنیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. زۆربەی ئەو کەسە کەمئەندامانەی کە لە ناوچەکانی ئاوارەیی و گەڕانەوەدا دەژین، باسیان لەوەکردووە کە بەشداری ژیانی کۆمەلایەتی ناکەن، و هەڵسوکەوت و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتیشیان کورت دەبێتەوە لەگەڵ پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان و ئەندامانی خێزانەکەیدا.

38 پرسیارەکە بەمجۆرە خرایە ڕوو: " ئایا پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکانی ئەم کەمپە لە پێداویستی و ئالێنگاریەکانی بەردەمی کەمئەندامان تێدەگەن؟ بۆچی؟

39 ئەم پرسیارانە خرانەڕوو:" ئایا تۆ دەتوانی بەشداری لە چاڵاکیە کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیریەکان بکەیت لەو ناوچەیەی تیایدا دەژیت؟ ئەگەر ناتوانیت، بۆچی ناتوانیت؟ ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێیە، لە چ جۆرێکیان؟ ئایا ئەم هۆکارانە چێن کە گەییشتنت بەم چاڵاکیانە ئاسان دەکەن؟ ئایا هیچ جارێک هەستت بە نەنگی و هەڵوێستی نەرێنی کردووە لەنێو کۆمەڵگادا؟ بە چ ڕێگایەک؟

40 کەسانی کەمئەندام و ئەو رێکخراوانەش کە نوێنەرایەتیان دەکەن لە عێراقدا: بەربەستەکان و ئالێنگاریەکان و ئەولەویەتەکان، رێکخراوی نێودەولەتی بۆ کۆچ و کۆچبەران، ٢٠٢١.

**ئەوئالێنگاریانەی کەڕووبەڕووی کەسانی کەمئەندام دەبنەوە لە پەیوەندیکردنیاندا ڕێگریان لێدەکات لە بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی وکۆمەڵگادا**

هەروەک ئەم بەربەستانەی پەیوەندیکردن بەکۆمەڵگا کە کەمئەندامان ڕووبەڕووی دەبنەوە لەمپەری زیاتر دەخاتە بەردەم بەشداریکردنیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، و هەندێک لەو کەسە کەمئەندامانە باسیان لەوەکرد کە بەیەکجاری بڕیاریانداوە ماڵەکانیان بەجێ نەهێڵن. هەندێک لە کەسانیناببیست هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانەوە و زمانێکی ئاماژەیی ئەووتۆ بەکار دەهێنن کە جگە لە ئەندامانی خێزانەکایان هیچ کەسێکیتر لێی تێناگات، ئەمەش بۆتە هۆکاری دروست بوونی ئالێنگاریتر لەپەیوەندیکردنداو بۆتە هۆکاری تێکەڵ نەبوونیان لەگەڵ ئەوانیتردا. هەروەها هەندێک لە کەم ئەندامان باس لەوەدەکەن کە نیگەرانن لە تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگا بەهۆی حەزەر وەرگرتن و ترس لە تۆڵەسەندنەوە.

> "من لەگەڵ خەڵکی ئێرەدا تێکەڵ نابم، هەروەک گووتم، لەبەرئەوەی من نابیستم، کەواتە خەڵک لێم تێناگەن". بەشداربوویەکی نێر کە کیشەی بیستن وبیرهاتنەوەی هەیە، کەمپی حەسەن شام

> "من تێکەڵ نابم، ئەوە بەشێکە لە کەسایەتی من، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوەی لەدوای شەڕی داعشدا ڕوویدا فێریکردین کە بەحەزەر تر بین و تەنانەت باشتر وایە خۆمان لە تێکەڵاوبوون بەدووربگرین و دەرگای خۆمان دابخەین". وەڵامدەرەوەیەکی نێر، کەکێشەی بینینی هەیە، کەمپی کەبارتۆ.

هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان باسیان لەوەکرد کە ئەوان ئامادەنین لەگەڵ کەسانیتردا تێکەڵ بن چونکە ئەمە "بەشێکە لە کەسایەتیان". لەکاتێکدا کە دەشێ کارەکە بەڕاستی بەمجۆرە بێت، لەوانەش وای دابنێین کە گریمانەکردنی ترس لە سەیر کردن بەنەنگی وجیاکاریکردن لە لایەن کۆمەڵگە و ئەندامانی خێزانەوە لە هەندێک حاڵەتدا تەنها بیرکردنەوەی ی ناوەکی کەسەکە بێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک کەس وا سەیری خۆیان بکەن کە ئەوان کەسانی گۆشەگیرن و چێژ لە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی وەرناگرن.

**پاڵپشتیکردنی ئەندامانی خێزان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێرێت لە ژیانی کەسانی کەمئەندامدا. ئەو کەسە کەمئەندامانەی کە بەتەنها دەژین پێویستیان بە پاڵپشتیکردنێکی کۆمەڵایەتی گەورەتر هەیە و لەوانەیە دووچاری زەحمەتی زیاتریش ببنەوە لەکاتی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانیاندا[41].**

خێزانەکان سەرچاوەی سەرەکی پشتگیریکردنی کەسانی کەمئەندامن لە ناوچەکانی ئاوارەیی وگەڕانەوەدا. زۆربەی جارەکان ئەندامانی خێزان وەک دایک و باوک وخوشک و براو و هاوسەر پشتگیری کەسە کەمئەندامەکان دەکەن لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکاندا، و زاڵبوون بەسەر بەربەستە جەستەیی و پەیوەندیەکاندا، هەروەها لە دابینکردنی پشتگیری دەروونی و هاندانیاندا.

> "دایکم پشتگیریم دەکات، ئەو دەمشوات، و دەمبات بۆ توالێت، ودایبیەکەم دەگۆڕێت، هەندێک کات قسەم لەگەڵ دەکات و پێم دەڵێت تۆ دەتوانی بەهێزتر بیت . ئەو پاڵەوانی منە". وەڵامدەرەوەیەکی مێ کەکێشەی ڕۆیشتن و بیستنی هەیە، ڕومادی

> " خوشکەکەم پشتگیریم دەکات و قسەم لەگەڵ دەکات چونکە ئەو دەتوانێ زمانی ئاماژە بەکاربهێنێ. ئەو زۆر بەڕێز ومیهرەبانە و هەوڵدەدات ژیانەکەم بۆ ئاسانتر بکات. وەڵامدەرەوەیەکی نێر کە کێشەی بیستن و بیرچوونەوەی هەیە. کەمپی حەسەن شام

مەزەندەکردنی ئەوەی کە کەسانی کەمئەندام لە لایەن خێزانەکانیانەوە چاودێری دەکرێن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بەشێوەیەکی زیاتر پشت بە کەسانیتر ببەستن و مافیان پێشێل دەکرێت لەوەی کە سەربەخۆییەکی خودیان هەبێت[42]. دوابەدوای ئەمەش دەشێ کەسانی کەمئەندام وایان لێ بێ کە زیاتر پشت بە ئەندامانی خێزانەکەیان ببەستن. سەرەڕای ئەمەش، لە هەندێک حاڵەتدا، واسەیری کەسانی کەمئەندام دەکرێت کە بوونەتە بارێک بەسەر خێزانەکانیانەوە بۆیە هەست بە تەنهایی و گۆشەگیری دەکەن تەنانەت کاتێکیش کە لە ژێر یەک بنمیچیشدا دەژین لەگەڵ ئەندامانیتری خێزاندا.

> "مێردەکەم مردووە ومنی بەجێهێشت لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا. ئەوان ناچاریان کردم کە ماڵەکەیان بەجێبهێڵم و بچمە ماڵی پورم، چونکە هیچ کەسێک نەبوو بتوانی چاودێری ژنێکی نابینا بکات". وەڵامدەرەوەیەکی مێ کە نابینایە، ناوچەی نافەرمی کیلۆ ٧

یەکێک لە هەواڵدەرە سەرەکیەکان کە چاوپێکەوتنی لە گەڵدا ئەنجام دراوە تیشکی خستە سەر ئەو ڕاستیەی کە هەندێک لەم خێزانانەی کەمئەندامێکیان هەیە، یاری بەو کەسە دەکەن لەپێناوی بەدەست هێنانی هاوکاریەکی زیاتر لە توێژەرەکانو ڕاگەیاندن. هەندێک لەم کەمئەندامانەی کە سەرۆکی خێزانن هەندێجار دووچاری فشارێکی زۆر توند دەبنەوە و هیچ پشتگیریەکیشیان پێناگات لە لایەن هیچ کەسێکەوە . دواجار، لەوانەیە کەسانی کەمئەندام کە هیچ کەسێکی خێزانەکەی خۆیانیان لەگەڵ دانییە ئەوە بەشێوەیەکی زۆر سنووردار دەستیان دەگات بە تۆرەکانی پشتگیری کردن، هەروەها بەشێوازێکی تایبەت کەسانی لاواز دەردەچن چونکە ئەوان ڕووبەڕووی مەترسیەکی ڕووڵە هەڵکشان دەبنەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە مەحروم بوونیان لە هەر جۆرە پشتگیری و پاڵپشتیکردنێکی تواناکانیان لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانیاندا.

41 پرسیاری ئاراستەکراو: " ئایا دەتوانی چ جۆرە پاڵپشتیەکی کۆمەڵایەتیت هەبێت لەو شوێنەی کەتیایدا دەژیت(خێزان، پیشکەشکارانی چاودێری دەرەوەی خێزان، هاوڕێیان، ئەندامانی کۆمەڵگا، کارمەندانی ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، و ئەوانیتریش)؟ تکایە بەنموونە وەڵام بدەرەوە".

42 سەردانی عێراق: ڕاپۆرتی بنکەی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤە ئاوارەکان لە ناوەوەی وڵاتدا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢١.

کاتێک پرسیار خرایەڕوو سەبارەت بە ئاساییش و سەلامەتی[43] [44]، زۆرینەی کەسانی کەمئەندام کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە لە چوارچێوەی ئەم ڕاپۆرتی توێژینەوەیەدا هیچ حاڵەتێکیان نەبینیوە یان ڕوونتر بڵێین ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەکی سەرەکی نەبوونەتەوە کە پەیوەست بێت بە ئاساییش و سەلامەتیانەوە لەم شوێنەی کەتیایدا دەژین لە ئێستادا. ڕەنگە هەندێک لەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەبێت دوور بکەونەوە لە گفتوگۆکردنی بابەتی ئاساییشی هەستیار وەک حەزەر وەرگرتنێک، بۆیە ڕەنگە پێویستی بەوە هەبێت لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتر سەبارەت بە ئەزموونەکانی توندوتیژی لە لایەن کەسانی کەمئەندامەوە[45]. لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان باسیان لەوە کرد کە هەندێک حاڵەتی توندوتیژی وتوندوتیژی جێندەریان بینیوە یان گوێیان لێ بووە.

> " لە ڕاستیدا گوێم لێبووە کە ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی ئێرە هەڵدەستن بە فرۆشتنی جەستەی خۆیان بە پیاوانی خێزانەکانیتر تەنها بۆ ئەوەی بتوانن پارەیەک بەدەست بهێنن بۆ تێرکردنی منداڵەکانیان، بۆیە ئێستا واهەست دەکەم کە هەموویان بەمجۆرە سەیرم دەکەن کە من ژنێکم دەتوانم ئەم کارانە ئەنجام بدەم یان ئەنجامم داوە".وەڵامدەرەوەیەکی مێ کە کێشەی بیستن و بینینی هەیە، کەمپی حەسەن شام

**هۆکارەکانی توانا وەبەرخستن بۆ یەکانگیری کۆمەڵایەتی و ئاساییش و سەلامەتی کە کەسانی کەمئەندام دەستنیشانیان کردوون بریتین لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی کە بتواندرێ بەردەست بێت.**

کاتێک پرسیاریان لێکرا سەبارەت بەو هۆکارانەی کە ڕەنگە هاوکاری کەسانی کەمئەندام بن لە زاڵبوون بەسەر بەربەستەکانی تایبەت بە بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، زۆرێک لە کەمئەندامەکان وتیان کە ئەوان نازانن بەوردی ئەبێ چ کارێک ئەنجام بدرێت بۆ ئەم مەبەستە و لەو بڕوایەدابوون کە هیچ شتێک ناتوانێ ئەم دۆخە چاک بکات. هەندێک لە وەڵامدەرەوەنابیستەکان باسیان لەوەکرد کە دەست گەییشتن بە چاودێری تەندروستی و ئامێرە هاوکارەکان دەتوانن بەهۆیەوە ئاستی بیستنیان باش بکەن ڕەنگە ئەمە هاوکاریان بێت لە چارەسەرکردن و لابردنی ئەو بەربەستانەی کە پەیوەستن بە پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی و دەستکردن بە بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. سەرەڕای ئەمەش، پێشنیاری فێرکردنی زمانی ئاماژە پێشکەش کرا بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگا لە پێناو تێکەڵکردنی کەسانی نابیست بە ژیانی کۆمەڵایەتی نێوکۆمەڵگاکانەوە[46].



وێنەی پیاوێک لەناو دوکانەکەیدا لەسەر ویلچەرێک. پیاوێک لە پاشبنەمای دوکانەکەدا سەیری کاڵاکان دەکات.

43 ئەم پرسیارانە خرانە ڕوو: ئایا ئەم کێشەو بابەتانەی پەیوەست بە ئاساییش و سەڵامەتی چین کە ڕووبەڕوویان دەبیتەوە لەم شوێنەدا، ئەگەر هەبن؟ئایا ڕەگەزە سەرەکیەکانی چین؟ئایا لە دەوروبەری خۆتدا هیچ ئیستیغلالکردنێک، توندوتیژیەک یان مامەڵەیەکی خراپت بەرامبەر بە خۆت بینیوە؟ ئەگەر کارەکە بەمجۆرەیە، ئایا تۆ دەتوانی پارێزگاری لە خۆت بکەیت لە بەرامبەر ئەواندا؟ چۆن؟

44 کەسانی کەمئەندام لە کاتی ئاوارەبوونی ناوەخۆییدا: ڕاپۆرتی بنکەی تایبەتی پەیوەست بەمافەکانی مرۆڤی ئاوارەبوو لە ناو وڵاتدا، ئایاری ٢٠٢٠، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە کەسانی کەمئەندام ڕووبەڕووی مەترسی ڕوو لەهەڵکشانی توندو تیژی ئامانجدار و خراپ مامەڵەکردن دەبنەوە، و ڕەنگە ئەم کێشەیە بەئەندازەیەکی گەورەتر کەڵەکە ببێت لە حاڵەتەکانی ئاوارەبووندا بەهۆکاری نەنگی، و لەدەستدانی تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی. کاتێک کە کەسانی کەمئەندام بەئەندازەیەکی گەورە پشت بە پێشکەشکارانی چاودێری دەبەستن، ئەوا ئەمە مەترسی ئیستیغلال کردن و خراپ مامەڵەکردن زیاتر دەکات، ئەمە حاڵی کەمئەندامەکانە بەتایبەتیش ئافرەتانی کەمئەندام.

45 بەگوێرەی پوختەی دەرەنجامەکانی توێژینەوەی "شکاندنی بەربەستەکان: ئەزموونەکانی توندوتیژی بەرەمبنای جێندەر هەروەها بەربەستەکانی ڕێگر لە هاوکاریکردنی گەران بەدوای کەسانی کەمئەندام و بەساڵاچوو لە عێراق"(Heartland Alliance ، 2022)، زیاتر لە نیوەی (٦١٪) ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بەرەمبنای جێندەر

46 سەیری ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ و کۆچبەران بکە لە عێراق: نابیستەکانی عێراق ، کەمینەیەکی ڕۆشەنبیری زمانەوانی: مافەکانیان و تێڕوانینیان بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی زیاتری نابیستەکان، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر لە عێراق.

## 2. نیازی گواستنەوە

**زۆربەی ئاوارەی ناوەخۆیی کەمئەندام ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەڕەسەنەکانی خۆیان، بەڵام بەهۆی وێرانبوونی خانووبەرەکانیان و هەروەها پێکەوژیانی کۆمەڵایەتی و کێشەی پەیوەندیدار بە ئاسایش و نەبوونی تۆڕەکانی پشتگیری ڕێگرییان لێ دەکرێ. بەم شێوەیە، بە داخستنی کەمپەکان ئاوارەی ناوەخۆیی کەمئەندام ناچار دەکەن کە بە شێوەیەکی پێشوەختە شوێنەکانیان چۆل بکەن و تووشی مەترسی زیاتر دەبنەوە.**

### 2.1. ئەو ناوچانەی بۆی ئاوارەبوونە

**گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان چارەسەرێکی گونجاوی پەسەندە بۆ زۆربەی ئاوارە کەمئەندامەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتێکدا کە بارودۆخی ئەو ناوچانەی بۆی دەگەڕێنەوە خراپە بۆیە زۆربەی ئاوارە کەمئەندامەکان لە ئێستادا حەز بە جێهێشتنی ئەو شوێنانەی ئێستای دەرەوەی زێدی ڕەسەنیان ناکەن.**

گەڕانەوە بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان چارەسەرێکی گونجاوی پەسەندە بۆ زۆربەی ئاوارە کەمئەندامەکان کە لە کەمپەکاندا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، لەگەڵ 12 بەشداربوو لەنێوان 18 کەسی کەمئەندام کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، لە کەمپەکاندا دەڵێن هەرچۆنێک بێت ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان. ئەگەرچی، لە خوارەوە زیاتر ڕوونکراوەتەوە، بەشداربووی چاوپێکەوتنەکان هەستیان بەوە کرد کە هێشتا مەرجەکانی گەڕانەوە لە ناوچە ڕەسەنەکانیان لەبار نییە، هەر بەو شێوەیە زۆربەی ئاوارە کەمئەندامەکان ئاماژەیان بەوە کردوە کە لە ئێستادا ڕەچاوی گەڕانەوە بۆ ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان ناکەن[47][48].

هەروەها هەندێک لەو بەشداربوانەی چاوپێکەوتنەکان کە لە کەمپەکاندا نیشتەجێن و هەروەها ئەو وەڵامدەرانەی لە ناوچەی کیلۆ 7ی هەرەمەکی نیشتەجێن، باسیان لەوە کردوە کە بەهۆی ئەو کێشانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە نەزانن بۆ کوێ بچن (وەک کێشەی خانووبەرە و ئاڵینگاری ئاسایش لەو ناوچانەی بۆی دەگەڕێنەوە). هەرچەندە داتای تەواو لەسەر ئاستی زانینی کەسانی کەمئەندام سەبارەت بە ڕێڕەوی چارەسەرە بەردەوامەکانی بەردەست کۆنەکراوەتەوە،[49] بەڵام دەکرێت وا دابنێین کە ئەو کەمئەندامانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە زانیاری گشتگیریان نیە دەربارەی ڕێگاکانی چارەسەری گونجاو کە بۆ ئەوان لەبەردەستە، و لە ڕێگەی گەیشتن بەو چارەسەرە بەردەوامانە. لە کۆتاییدا، یەکێک لەو کەسانە باسی لەوە کرد کە داوای لە باڵوێزخانەی کەنەدی کردووە و پلان دادەنێن بۆ کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات ئەگەر وەڵامێکی ئەرێنی وەرگرێتەوە.

**وێرانکردنی خانووبەرە و هەروەها یەکانگیری کۆمەڵایەتی و کێشەی پەیوەندیدار بە ئاسایش و نەبوونی تۆڕەکانی پاڵپشتی لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیاندا، بەربەستی سەرەکین بۆ گەڕانەوەی کەسانی کەمئەندام.**

دواین دۆزینەوەی MCNA ئەوە دەردەخات کە وێرانکاری خانووبەرە بە بەربەستێکی سەرەکی دەمێنێتەوە بۆ گەڕانەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارەکان. هەمو ئەوانەی ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ، لەگەڵ 40٪ ی ئەو ئاوارانەی کە لە کەمپەکاندا دەژین و 31٪ ی ئەو ئاوارانەی کە لە دەرەوەی کەمپەکاندا دەژین باسیان لەوە کردوە کە بە هۆی وێرانبوونی خانوبەرەکانیان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.[50] هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان پێش ئاوارەبوونیان خانوویەکیان بەکرێ گرت و نیگەران بوون لەوەی کە ناتوانن خانوویەکی نوێ بەکرێ بگرن، ئەویش بەهۆی کەمی داهاتەوە. بەردەست بوونی خانووی بێبەرامبەر لەکەمپدا و دەرەوەی کەمپدا یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە بڕیاری کەسانی کەمئەندام بۆ مانەوەیان لە ئاوارەبووندا.

دووەم بەربەستی باو بۆ گەڕانەوە پەیوەستە بە یەکانگیری کۆمەڵایەتی و هەروەها سەلامەتی و ئاسایشی شوێنی مەبەست. ژمارەیەک لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ترسی تۆڵەسەندنەوەیان دەربڕی بەهۆی پەیوەندی هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان بە داعش و هەروەها هەستکردن بە نائارامی لە ناوچەی زێدی خۆیان. (وەک شەنگال و هەندێک لە شوێنەکانی ئەنبار).[51]

> "من هەوڵم نەداوە کە کامپ بەجێ بهێڵم، من دوو کچەکەم لە دەست داوە و ئەوان ئێستا لە زینداندان چونکە سەر بە داعشەوە بوون، بۆیە ناتوانین بگەڕێینەوە لەبەر کەیسی تۆڵەسەندنەوە" بەشداربوی ئافرەتی کەمئەندامی جەستەیی، کەمپی حەسەن شام

> "هیچ شوێنێکی تر نییە بۆی بڕۆین، ئێستا دۆخەکە لە شەنگال زۆر هەستیارە و هەست بە سەلامەتی ناکەین بۆ گەڕانەوە" بەشداربووی پیاو ی، کەمئەندامی نابینای، کەمپی کەبەرتۆ

یەکێکی تر لە فاکتەرەکان کە ڕۆڵیان هەیە لە بڕیاری هەندێک لە ئاوارەکانی کەمئەندام بۆ مانەوە لە ئاوارەیی، نەبوونی خزم ودۆست یان تۆڕی پشتیوانییە لەو ناوچانەی بۆی دەگەڕێنەوە.

> "من هیچ شوێنێکی ترم نییە بۆی بڕۆم، باوکم کۆچی دوایی کردووە و هیچ کەسێک لە شوێنی ڕەسەنی ئێمە نەماوە" بەشداربووی ئافرەت، کە کێشەی بینایی هەیە، کەمپی جەدە

یەکێک لە بەشداربوانی چاوپێکەوتنەکان ئاماژەی بەوەدا کە مانەوە لە کەمپ ڕێگەی پێداوە دەستبکات بە کارێکی خۆبەخش لە قوتابخانەی زمانی کوردی. ئەمە هۆکاری مانەوەی بۆ دروست کرد و داهاتێکی پێ بەخشی، هەرچەندە سنوردار و بەشێوەیەکی ڕێک و پێک نەبوو - لە کاتێکدا ترسی ئەوەی هەبوو کە مەحاڵە دەرفەتێکی هاوشێوە لە ناوچەی زێدی خۆیدا دەست بکەوێت. لە کۆتاییدا، یەکێک لە ئەندامانی خێزانێکی یەکێک لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ڕایگەیاند کە ئەو ئامادەیە لە کەمپ بمێنێتەوە چونکە دەرفەتێکی باشتری دەداتێ بۆ ئەوەی هاوسەرێک بدۆزێتەوە و خێزان دروست بکات- بە بەراورد لەگەڵ ناوچەی زێدی خۆیان.

47 وەڵامدەرەوەکان راپۆرتیان نەداوە کە ڕەچاوی یەکگرتنی ناوخۆیی دەکەن.

48 ئەم دەرەنجامانە لە گەڵ ئەنجامەکانی ئێم سی ئێن ئەی ئای ئێکس کە دەریدەخات کە 96٪ ی ئاوارەکان ناو کامپ و 90٪ ی ئاوارەکانی کامپ بەنیازن لە شوێنی ئێستای خۆیان بمێننەوە لە 3 مانگ دوای کۆکردنەوەی داتا (و 84٪ و 83٪ پلانیان داناوە بۆ مانەوە لە شوێنی ئێستایان لە 12 مانگ دوای کۆکردنەوەی داتا) ئێم سی ئێن ئەی ئێکس، حوزەیران - ئۆگۆستی 2021، گات. زانینی ئەوەی کە کۆکراوەی داتا لە مانگی حوزەیران - ئابی 2021 ئەنجام دراوە، بەو شێوەیە وەڵامدەرەکان ئامادەنەبوون لە ناوچەکانی ئاوارەبووندا بمێننەوە تا لایەنی کەم حوزەیران - ئابی 2022

49 پرسیار لە وەڵامدەرەوەکان کرا: ئایا پلانت هەیە لە کەمپەکە بمێنیتەوە یان بگوازیتەوە بۆ شوێنێکی تر لە ماوەی داهاتوو؟ ئەوان بە تایبەتی پرسیاریان لێ نەکرا دەربارەی گەڕانەوە، ڕاگواستن یان جێگیربوون لە شوێنی ئێستا.

50 MCNA IX ، کە لە مانگی حوزەیران-ئاب 2021دا ئەنجام درا.

51 ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە دەربارەی ترسەکانی پەیوەست بە جوڵە یان گەشتکردن بۆ شوێنی مەبەست قسەیان نەکردوە.

**داخستنی کەمپەکان لەوانەیە ئەو کەسانەی کەمئەندامیان هەیە ناچار بکەن کە بە شێوەیەکی پێشوەختە لە ئاوارەبوونەوە بڕۆنە دەرەوە و ببیتە هۆی ئاوارەبوونی دووەم.**

کاتێک پرسیاری ئەو فاکتەرانە کرا کەدەتوانن بڕیاری خۆیان بدەن بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی زێدی خۆیان یان گەڕان بەدوای چارەسەرێکی بەردەوامی تر[52]، زۆرینەی بەشداربوان ئاماژەیان بەکەمپ و داخستنی نافەرمیی شوێنەکان کرد وەک فاکتەرێکی سەرەکی کە دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنی ئاوارەبوون جێبهێڵن.[53] یەکێک لەو کەسانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە کە لەکەمپی حەسەن شام نیشتەجێن ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر ئەو کەمپە لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە کۆنترۆڵ بکرێت لەجیاتی لایەنی کوردی ئەوە کەمپەکە بەجێدەهێڵێت. چەندین کەس لە هەموو ناوچەکانی ئاوارەبوون ئاماژەیان بە بیستنی دەنگۆی داخستنی کەمپ کرد و وتیان کە وای لێکردوون هەست بە نادڵنیایی و نیگەرانی بکەن.

> " ئەو هۆکارەی کە دەتوانێت پاڵم پێوە بنێت بۆ ئەوەی لێرە بڕۆم داخستنی کامپەکەیە. ئەگەر دایبخەن، ئێمە بەجێیدێڵین، بەڵام خۆزگە بەوە ناخوازم".بەشداربووی ژن، کەمبیست، کامپی جەدە بەشدار

داخستن و یەکخستنی کەمپەکان کە لە ساڵی 2019ەوە لە عێراق بەردەوامە زۆربەی کات دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە لێی نادڵنیا بوون یان مەرجی گونجاوی ژیانیان تێدانەبوو، کە هەندێک جار بووە هۆی ئاوارە بوونی دووەم بۆ کەمپی پارێزگاکانی تر یان شوێنی نافەرمی.[54] بەو پێیەی زۆربەی ئاوارەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە پێیان وایە مەرجەکانی گەڕانەوەی سەلامەتی و خۆبەخشی و شکۆمەندانە هێشتا لە ناوچە ڕەسەنەکانی لەبار نییە ، داخستنی کەمپەکان کە لە نێوان فاکتەرە سەرەکیەکان باسکران کە دەبێتەهۆی گەڕانەوە و هاوکات دەبێتە هۆی گەرانەوەی پێشوەخت و نائامادەیی کەمئەندامان و بە سەختی دەتوانن ژیانێکی ئارام و بە شکۆ دەست پێبکەن لەو ناوچانەی بۆی گەڕاونەتەوە ،چونکە داهات و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان لەبەردەست نییە، لە ناوچەکانی زێدی خۆیان ڕووبەڕووی زیادبوونی مەترسیی پاراستنیان دەبنەوە[55].

### 2..2 ئەو ناوچانەی بۆی دەگەڕێنەوە (زیدی خۆیان)[56]

**دووبارە هەستکردن بە ئاسایش و هەروەها ئەگەری بەردەست بوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان، گرنگترین هۆکارن کە کاریگەریان لەسەر بڕیاری ئاوارەکانی کەمئەندام هەبووە بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچە سەرەکییەکانی خۆیان.**

زۆربەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە راپۆرتیان داوە کە ئەوان ئامادەن بە زووترین کات پەیوەندی بکەنەوە بە شوێنی ئەسڵی خۆیان. ئەو کەسانەی کەمئەندام کە لە موسڵ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ڕایانگەیاند کە بڕیاریانداوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بەزووترین کات ئەگەر هاتوو باری ئەمنی گونجاوبوو و رێگەی دا. بۆ ئەوەش زۆربەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە توانیویانە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ماڵەی کە پێش ئاوارەبوون لێی بوونە یان خێزانەکانیان خاوەندارییان لێکردوە، بەتایبەت ئەو خانووانەی نەڕووخاون و تەنیا زیانی کەمیان بەرکەوتوە. چەند کەسێک لە شەنگال و ڕومادی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و لە ماوەی ئاوارەبوونیان خانوویەکیان لە شارەکانی دیکە بەکرێ گرتووە. ژمارەیەک لە وەلامدەرەوەکان ئاماژەیان بەوەدا کە ئەوان لە هەندێک خاڵدا هەموو پارەکەیان خەرج کردووە و ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، لەبەر ئەوەی ناتوانن بە بەردەوامی کرێی خانوو بدەن، بۆیە ئەوە فاکتەرێکی سەرەکیە و کاریگەری لەسەر بڕیاری گەڕانەوەیان هەبووە. وەڵامدەرەوەکان پلانیان وایە کە لە ماوەی داهاتوودا لە هەمان شوێن بمێننەوە و هیچ نیازێکیان نییە بۆ گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی تر.

> "ئێمە هەموو ئەو پارەیەمان خەرج کرد کە هەمان بوو بۆیە بڕیارماندا بگەڕێینەوە، کرێکە لەوێ زۆر گران بوو" ئافرەت، کە بە زەحمەت دەیتوانی بڕوات، شەنگال



وێنەی 4: وەرگرتنی ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی سکاڵاکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و میکانیزمەکانی فیدباک وەک بەشێک لە دانیشتنەکانی دەرگا بە دەرگا لە گەڕەکی ئەلعەسکەری، کەرکوک، ساب

52 ئەو پرسیارەی کرا: "ئەو فاکتەرە گرنگانە چین کە ئێوە بڕیار دەدەن کە کەی کامپەکە بەجێبهێڵن و بجوڵێنن بۆ شوێنێکی تر؟ بۆچی ئەم هۆکارانە گرینگن؟ ".

53 ئاوارەی کەمئەندام چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە: سەرەڕای کەم کردنەوەی خزمەتگوزاریەکان، مانەوەیان لە کەمپ پێ باشتر بوو.

54 سەردانی عێراق: ڕاپۆرتی تایبەت بە مافی مرۆڤی ئاوارەکانی ناوخۆ، ئایاری 2020، ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

55 -2021 ئۆچا، پێویستییە مرۆییەکانی عێراق.

56 لەشارەکانی موسڵ و شەنگال و ڕومادی لەگەڵ ئەو کەسانەی کەمئەندام بوون گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و ئەو کەسانە ئاوارەی کامپە جیاوازەکانی پارێزگاکانی نەینەوا بوون (حەسەن شام و حاج عەلی و خازر و حەمام ئەلعەلیل و کامپی سەلامیە) و لە پارێزگای دەهۆک (کامپی کەبەرتۆ) و ئەو ئاوارانە بۆ ماوەی یەک بۆ دوو ساڵ 2019-2018 گەڕانەوەیان بۆ موسڵ ڕوویدا هەروەها ئەو کەسانەی کە لە شەنگال چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەمئەندامانداندا کردوە، تەنها یەکێک لەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ناوچەی ڕەسەنی کامپی IDPای جێهێشتووە (کامپی شەریعە لە پارێزگای دەهۆک، ئەوانی دیکە لە شوێنێکی دیکەی پارێزگای دەهۆک خانوویان بەکرێ گرت 2019-2018 گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی بنەڕەتیان ئەنجام درا لەکۆتایدا لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ڕومادی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، شارەکەیان بەجێهێشت بۆ بەغدا و هەولێر و لەوێ خانوویان بەکرێ گرت و لە ساڵی 2018-2017 گەڕانەوە بۆ ڕومادی.

# ڕاسپاردەکان

کەسانی کەمئەندام لەشوێنەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوەدا تووشی چەندین بەربەستی جۆراوجۆر دەبن کە ڕێگریان لێدەکەن لەگەیشتنیان بەچارەسەری بەردەوام و خزمەتگوزاری و بەشداری تەواو لەژیانی کۆمەڵگەدا. ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بریتین لە چالاکیەکانی حکومەت و دەزگا مرۆیی و گەشەپێدانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کە دەتوانن بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانە ئەنجامی بدەن. ئەم ڕاسپاردانە بەدروشمی جوڵانی کەمئەندامی ڕێنموویی دەکرێن: "هیچ شتێک بۆ ئێمە، بێ ئێمە ناکرێت" واتە دەبێت کەسانی کەمئەندام و ڕێکخراوە نوێنەرەکانیان چالاکانە بەشدار بن لە هەر کارێک کە کاریگەری لەسەریان دەبێت.[57]

ڕاسپاردەکان بە شێوەی خوارەوە پێشکەش دەکرێن:

**أ.** ڕاسپاردەکانی چارەسەری بەردەوام

**ب.** ڕاسپاردەکان بەپێی هەر کۆسپێکی گەڕانەوە

## أ. ڕاسپاردەکانی چارەسەری بەردەوام

### 1. ئاسانکاری بۆ بەشداری چالاک و ماناداری کەسانی کەمئەندام لەبوارەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە

چارەسەرە باوە بەردەوامەکانی کەمئەندامان هەم پرۆسەیە و هەمیش ئەنجام. بە بەشدارپێکردنی کەسانی کەمئەندام لە پرۆسەکەدا، هەروەها دەرەنجامەکان بۆ کەسانی کەمئەندام باشتر دەکەین. کردارە پێشنیازکراوەکان بریتین لە:

- بەرزکردنەوەی بەشداری چالاکانەی کەسانی کەمئەندام لە ڕاهێنانی کۆکردنەوەی داتا، میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی ڕاوسەرنج و سکاڵاکان، ڕاوێژی کۆمەڵایەتی و لێژنەکان و بڕیاردانی کۆمەڵایەتی. کەسانی کەمئەندام پێویستە سەرچاوەی زانیاری بن، خۆبەخش و هەماهەنگکاری سەرەکی بن.
- هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەسانەی کەمئەندام لەو ناوچانەی بۆی گەڕاونەتەوە.. ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن یارمەتی لایەنەکان بدەن بۆ ناسینەوەی کەسانی کەمئەندام و دەتوانن تێگەیشتن بۆ ئەو بەربەستانە دابین بکەن کە کەسانی کەمئەندام پێیدا تێپەڕیون. لەگەڵ ئەوەشدا، گەڕان بۆ پشتگیری کردنی گرووپە نافەرمیەکانی کەسانی کەمئەندام بۆ کۆبوونەوە لەو ناوچانەی بۆی ئاوارەبوونە.
- دیاریکردنی ڕێگەی تایبەت و گونجاو بۆ بەشداری کردنی کەسانی کەمئەندام، ئەگەر بەشداری کارایان پێویستی بە پاڵپشتی زیاتر هەبێت.

### 2. دڵنیابە لەوەی کە زانیاری لەسەر یارمەتی و خزمەتگوزاریەکان بەردەستە بۆ کەسانی کەمئەندام لە ناوچەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە

پەیوەندی و زانیاری بەردەست و گشتگیر نەک تەنها سود بە کەسانی کەمئەندام دەگەیەنێت، بەڵکو سوود بە ئەندامانی تری کۆمەڵگا دەگەیەنێت لەوانە گرووپە زمانییە کەمینەکان، منداڵان و ئەوانەی کە خوێندەواری کەمیان هەیە. پێشنیارەکان بریتین لە:

- بنیاتنانی تواناى سەرەکی لایەنە پەیوەندیدارەکان (ئیدارەی کەمپەکان، نوێنەری دەسەڵاتدارانی ناوخۆ، لایەنی هەماهەنگکاری کۆمەڵایەتی خاڵەکانی پەیوەندی کردنی کۆمەڵگە) لەگەڵ چارەسەری بەردەوام بۆ ستافی بەرنامەڕێژ لەسەر شێوازی پەیوەندی بەردەست لە ڕێگەی دانیشتن و کۆبونەوەکانی هۆشیاری و هاوبەشیکردنی ڕێنوێنی.
- هەمووجارێک بەکارهێنانی فۆرماتی هەمەجۆر (زارەکی، چاپ، زمانی ئاماژە،، بینراو، ئاسان بۆ خوێندنەوە/زمانی سادە) بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر هاوکاریکردن، خزمەتگوزاریەکان و لەپێناو سکاڵا و میکانیزمەکانی خستنەڕووی ڕاوسەرنجەکان.
- بۆ نمونە، لە خۆگرتنی وەرگێڕانی زمانی ئاماژە وەک بەشێک لە پلانەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری سەرەکی لەسەر یارمەتی و خزمەتگوزاری بۆ نابیستان.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کەمئەندامن لە هەر شوێنێک بۆ تێگەیشتن لە بەربەستە تایبەتەکان بۆ گەیشتن بە زانیاری لەو شوێنە. پێکەوە چارەسەرەکان پەرە پێبدەن.

### 3. پشتگیری کەسانی کەمئەندام بۆ ئەوەی بڕیاری ئاگادار بدەین سەبارەت بە ڕێگا چارەسەری بەردەوام کە بۆیان بەردەستە.

هەر دەستێوەردانێک کە ئامانجی چارەسەری بەردەوام بێت، دەبێت بنەماکانی دەستگەیشتن و جیاکارینەکردن تێکەڵ بکات. کردارە تایبەتەکان ئەوخاڵانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- دڵنیابوون لەوەی کە کەسانی کەمئەندام ئاگاداری مافی خۆیانن بۆ چارەسەرێکی بەردەوام، کەبگونجێت لە گەڵ بنەماکانی ڕێنماییکردن لەسەر ئاوارەبوونی ناوخۆیی و پلانی نیشتمانی بۆ کۆتایی هێنانی ئاوارەیی بە دەرکردنی کردارە پێشنیارکراوەکان بۆ زیادکردنی پەیوەندی بەردەست.
- پشتیوانیکردنی کەسانی کەمئەندام لە گەیشتن بە زانیاری و ئامۆژگاری یاسایی سەبارەت بە چارەسەرە جۆراوجۆرە بەردەستەکان (گەڕانەوەی خۆبەخشانە و دووبارەتێکەڵکردنەوە و تێکەڵبوونی ناوخۆیی و دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە شوێنەکانی تری عێراق)
- پشتیوانیکردنی کەسانی کەمئەندام بۆ دەستنیشانکردنی ئەو یارمەتییە دیاریکراوانەی کەپێویستیان پێیەتی بۆ گەیشتن بەڕێڕەوی چارەسەر بۆ ئەوەی بە ئاگاداری و ئازادیەوە بڕیار بدەن لەسەر چارەسەرێکی بەردەوام کە پەسەندکراوی خۆیان بێت.
- پشتگیریکردنی کەمئەندامان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو یارمەتییە دیاریکراوانەی کە پێویستیانە بۆ گەیشتن بە ڕێگای چارەسەری بەردەوام کە پەسەندکراوی خۆیان بێت و پاڵپشتیکردنیان لە گەیشتنیان بە حکومەت و ئەکتەرەکانی تر کە دەتوانن ئەم یارمەتییە دابین بکەن.
- ئەنجامدانی دەستپێشخەریی داکۆکیکردن لەبەرامبەر حکومەت و لایەناکەنی چارەسەری بەردەوام بۆتیشک خستنە سەر ئەو ڕاستییەی کە کەسانی کەمئەندام پێویستیان بە پشتیوانییەکی ئامانجدار هەیە لە بەدەستهێنانی چارەسەرە پەسەندکراوەکان.

57 ئەم ڕاسپاردانەش هاوکاتن لەگەڵ ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی IOM "کەسانی کەمئەندام و ڕێکخراوەکانی نوێنەرایەتییان لەعیراق: بەربەستەکان و بەربەستەکان و ئەولەویەتییەکان" و لەڕاپۆرتی "کەسانی کەمئەندام لەچوارچێوەی ئاوارەبوونی ناوخۆدا. ڕاپۆرتی تایبەت بە مافی مرۆڤی ئاوارەکانی ناوخۆ، ئایاری 2020، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان"

- پێکەوە بەستنەوەی ئاوارە کەم ئەندامەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەم ئەندام و هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە کەم ئەندامان یان خزمەتگوزاری تەندروستی تایبەتمەند کە دەکەوێتە ناوچە سەرەکیەکانی کەمئەندامان.

**4. دروستکردنی بەڵگەی زیاتر لەسەر ئەزموونی کەسانی کەم ئەندام و ئامۆژگاری تەکنیکی بۆبەهێزکردنی چارەسەرە گشتگیرە بەردەوامەکانی کەمئەندامی**

ئەم ڕاوێژە خێرایە ئامانجی ئەوە بوو کە ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ دیالۆگی زیاتر و کرداری زیاتر لەسەر چارەسەرە گشتگیرە بەردەوامەکانی کەمئەندامی و بەڵگەی زیاتر و ئامۆژگاری تەکنیکی پێویستە. کردارە پێشنیارکراوەکان بریتین لە:

- بە شێوەیەکی سیستەماتیک کۆکردنەوەی داتای چەندێتی کەمئەندامی ورد (کەبریتییە لە هەڵسەنگاندنی بەردەست و ڕاهێنانی کۆکردنەوەی داتای تەرخانکراو و هەڵسەنگاندنەکە تیشک دەخەنە سەر کەسانی کەمئەندام و پێداویستیەکانیان).
- کۆکردنەوەی داتای جۆریی، ڕێگەدان بە تێگەیشتنی زیاتر لە ئەزموونی زیندووی کەسانەی کەمئەندام
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو پێداویستی و بەربەستانەی کە لەلایەن کەسانی کەمئەندامەوە ئەزموون کراوە بۆ ئاگادارکردنەوەی بەرنامەڕێژی. بۆ نمونە، شیکردنەوەیەکی قووڵی پێداویستیەکان و بەربەستەکان کە کەسانی کەمئەندام ئەزموونیان کردووە. (ئەو کەسانەی کەمئەندامی هزرین، کەسانی کەمئەندامی بێ چاودێر و ئافرەتانی کەمئەندام).
- دڵنیابە لەسەر ئەو زانیاریەی لە ڕێگەی ڕاهێنانەکانی کۆکردنەوەی داتا کۆکراوەتەوە. مەبەست لە کۆکردنەوەی داتا دەگەیەنرێتە کۆمەڵگا و بەدواداچوون ڕوو دەدات بۆ هاوبەشی پێ کردن و تاوتوێ کردنی ئەنجامەکان ئەگەر کرا. تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت، ئەنجامە تایبەتەکان، و دەرهاوێشتەی داتاکانی پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام دیاریبکە.
- بەکارهێنانی پاڵپشتی تەکنیکی بۆ کەمئەندامان لەپێناو ناساندن و دابەشکردنی ئەو ڕێنوێنی و سەرچاوانەی کە بەردەستن دەربارەی ڕێگەچارە بەردەوامە گشتگیرەکانی کەمئەندامان و بەرەوپێشبردنی ڕێنوێنی بۆ هەر کەموکوڕیەک کە ماوە.

### ب. ڕاسپاردەکانی بەردەم هەر کۆسپێکی گەڕانەوە

## شوێنی نیشتەجێبوون (خانووبەرە) :

**5. خستنەڕووی ئەو بەربەستانەی کەسانی کەمئەندام بینیویانە بۆ بەدەستهێنانی پەناگە.**

بەردەست بوونی پەناگە و خانووبەرە زۆر گرنگە بۆ بەشدارییێکردنی کەسانی کەمئەندام، لەبەر کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی بەربەستی جەستەیی،کە وا لە تاکەکان دەکات بیکەن بۆ پاراستنی خۆیان و گەیشتن بە بژێوی ژیانیان.

کردارە تایبەتەکان بریتین لە :

بە هاوکاری حکومەت، پاڵپشتی کەسانی کەمئەندام بکەن لە دەستگەیشتن بەو میکانیزمانەی کە دەبێتە هۆی گەراندنەوەی خانووبەرە و مافی زەوی و موڵکەکانیان یان قەرەبوویان بکەن بۆ بەدەستهێنانی خانووی نوێ یان چاککردنەوەی خانووی ئێستایان .

لەگەڵ کەسانی کەمئەندام و خێزانەکانیان کۆببنەوە بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو کە شوێنی حەوانەوە[58] و پێداویستییە تایبەتەکانی کەسانی کەمئەندامی تێدابێت.

لە کامپەکاندا شوێنی ئەو خێزانانە بکەنەوە کە ئەندامێکی خێزانەکەیان کەمئەندامە، و پێویستە پێشەنگ بن لە پاڵپشتیکردنی تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو، ئاسانکاریەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاریەکان..

## بژێوی ژیان:

**6. ئەولەوییەت بدەن بە ڕاهێنانی پیشەیی سەرەکی و هەلی بژێوی ژیان بۆ کەسانی کەمئەندام لە ناوچانەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە .**

بۆ بەرزکردنەوەی ڕێبازی پاراستنی ماف بۆ کەسانی کەمئەندام و پرۆگرامی گشتگیری بژێویژیان، دڵنیا بەروە کە کەسانی کەمئەندام خاوەنی هەڵبژاردنی خۆیانن و خۆبەڕێوەبەرییان بەهێز بکرێت، و پێویستە لەو دەرفەتانەی بژێوی ژیان خۆمان بەدووربگرین کە تەنیا دەرفەت بۆ کەمئەندامان دەرەخسێنێت. کە پێشنیارکراوەکان بریتین لە:

- ئەنجامدانی دانیشتنی تایبەتی هۆشیاری و پرۆژەی بژێوی ژیان بۆ ستاف و بەڕێوەبەران لەسەر گرنگی بەشداری کردنی کەسانی کەمئەندام لە هەلی بژێوی ژیانی ئاسایی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانەی کە کەسانی کەمئەندام تووشی دەبن لە دەستەگەیشتن بە پرۆژەکانی بژێوی ژیانی ئێستا و هی نوێ.
- بەشداری کردنی فاکتەری کەمئەندامی بۆ پرۆگرامی پێشخستنی بژێوی ژیان و دیزاین کردن، لەوانە دانانی بودجە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و زیادکردنی توانای دەستگەیشتن بە پرۆژەکانی بژێوی ژیان.
- دەستنیشانکردن و بەئامانجگرتنی تایبەتی کەسانی کەمئەندام بۆ بەشداریکردن لەپرۆژەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و بژێوی ژیان، ئەمەش بریتییە لە گەڕان بەدوای کۆمەڵێک کەسی کەمئەندام وەک ئافرەتانی کەمئەندام و کەسانی کەمئەندام و کەمئەندامی هزری و نابیست.

58 بە پێی سی ئاڕ پی دی، ئامانجی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەسانی کەمئەندام دەتوانن مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بە یەکسانی لەگەڵ کەسانی تردا پیادە بکەن. شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و کەلوپەلی پێویست، هەمواركردنەوەی گونجاوە کە بارێکی ناگونجاو یان ناجێگیری بەسەرلایەنی دابینکەری خزمەتگوزاری ناسەپێنێت.

## خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان:

**7.** چارەسەرکردنی بەربەستەکان کە کەسانی کەمئەندامە تووشی بوونە لە پێناو گەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە ناوچەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە

بەردەست بوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان پێکهاتەیەکی سەرەکیە لە دروستکردنی چارەسەرە گشتگیرە بەردەوامەکانی کەمئەندامان

کردارە پێشنیارکراوەکان بریتین لەوانەی خوارەوە:

دڵنیابوون لەوەی کە بازاڕەکان، شوێنەکانی دابەشکردن، ئاو و ئاوەڕۆ، پەروەردە، تەندروستی لەگەڵ چارەسەری دەروونی کۆمەڵایەتی و ئاسانکارییە سەرەکیەکانی تر لە ناوچەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوەدا بە ئاسانی و بە سەلامەتی لە لایەن کەسانی کەمئەندامەوە لەبەردەست بێت.

بۆ نمونە، لە ڕێگەی کارکردن لەسەر دروستکردنی ڕامپەکان، هەڵبژاردنی شوێنی ئاسان و بەردەست لە ڕێکخستنی کەمپەکە، شوێنی خانووەکان نزیک بێت لە ئاسانکاریەکان لەکاتی گونجاو.

دیاریکردنی چارەسەرە فریاگوزارییەکان بۆ گەیاندنی یارمەتی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو کەسانەی کەمئەندامن کە بە سەختی دەگەنە خاڵەکانی دابەشکردن و خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی تر، و لەگەڵ گرنگیەکی تایبەت بۆ ئەو کەمئەندامانەی هیچ کەسێکیان وەکو هاوکاری لەگەڵ نییە کە ناتوانن پشت بە چاودێرەکەی ببەستێت بۆ گەیشتن بە هاریکاریەکان. نموونەکان بریتین لە دابین کردنی خزمەتگوزاری گەڕۆک، خزمەتگوزاری دەرگا بە دەرگا لەلایەن هەماهەنگکار (focal point) ی کۆمەڵگەی باوەڕپێکراو، و لەو شوێنەی کە ئیمکانی هەبوو بەشداری بە کەسانی کەمئەندام بکەن بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان.

بەرزکردنەوەی دەستپێشخەرییەکان کە ئامانج لێیان دڵنیابوونە لە بەردەوامی چاودێریکردنی کەسانی کەمئەندام لە چوارچێوەی ئاوارەبوون و گەڕانەوە. بۆ نمونە، دامەزراندنی پرۆسەیەکی ئیحالەکردن بۆ دابینکەرانی خزمەتگوزاری تەندروستی و چارەسەری دەروونی کۆمەڵایەتی و هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان لە ناوچەکانی گەڕانەوە بۆ تێگەیشتن لە پێداویستی و ئەولوییەتی کەسانی کەمئەندام.

سەرچاوەی دابین کردنی ئامێرە یارمەتیدەرەکان لەوانە کورسی بەتایە، گۆچان، قاچ و دەستی دەستکرد، گۆچانی سپی، چاویلکە و ئامێرەکانی بیستن.

پشتگیریکردنی کەسانی کەمئەندام لە گەیشتن بە موچەی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەویش بە هاوبەشپێکردنی زانیاری لەسەر ماف و میکانیزمی ڕێگەدان بە دەستگەیشتن بە پێدانی ئەو موچەیە.

## یەکانگیری کۆمەڵایەتی

**8.** ئەولەوییەت بدەنە بەردەستبوون و یەکانگیری کۆمەڵایەتی گشتگیر و پرۆگرامی بەشداری کۆمەڵگا.

بەشداری چالاکانەی کەسانی کەمئەندام لە ژیانی کۆمەڵگەدا پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەی هەمەجۆر و یەکانگیرە. هەروەها بەشداری چالاکانەی کەسانی کەمئەندام بەرەنگاری گێچەڵ و هەڵوێستی نەرێنی دەبێتەوە. کردارە پێشنیارکراوەکان بریتین لە:

پشتیوانیکردن لەو دەستپێشخەریانەی کە کاربۆ بەرزکردنەوەی بەهاکانی خۆڕاگری و نەبوونی جیاکاری لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا دەکەن، بۆ نموونە بە سادەکردنی ئەم بابەتانە بۆ جۆرەکانی تری چالاکی هۆشیارکردنەوە.

پێشخستنی وێنەی ئیجابی و نوێنەرایەتی کەسانی کەمئەندام لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی چالاکیەکانی بەرزکردەنەوەی هۆشیاری، دەستپێشخەری چالاکی پەیوەندیکردن کە بە بەشداری نوێنەرانی کەسانی کەمئەندام ڕێکخراوە.

دروستکردنی شوێنێکی تەرخان کراو کە کەسانی کەمئەندام بتوانن تیایدا کۆببنەوە و لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بن. ئەمە دەتوانێ بۆ نمونە بریتی بێت لە دروستکردنی "شوێنێ دۆستایەتی نابیستان" لە شوێنەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە، کە خەڵکی نابیست دەتوانن کۆببنەوە و تێکەڵ بەیەکی بن.

دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە چاودێریان نیە و هەروەها کەمئەندامان و دانانی میکانیزمێک بۆ بەدواداچوونی ئاسایی (بۆ نمونە لە ڕێگەی کارمەندانی بەڕێوەبردنی کەیسەکان) بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاری و یارمەتی و هەروەها دەستپێشخەریەکانی ئاستی کۆمەڵگا.

## سەلامەتی و ئاسایش

**9.** ئەولەوییەت بدەنە ئەو کەسە بەتواناییانەی کە یارمەتی کەسانی کەمئەندامان دەدەن بۆ ئاسانکردنی سەلامەتی و ئاسایشییان.

پەناگەی بەردەست، دەرفەتی بژێوی ژیان بۆهەمووان، دەستگەیشتن بە زانیاری و بوارەکانی تر هەموو ئەمانە یارمەتی کەسانی کەمئەندام دەدەن بۆ باشترکردنی سەلامەتی و ئاسایشیان. جگە لەوە:

ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی قوڵ بۆ سەلامەتی و کێشەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایش کە لەلایەن کەسانی کەمئەندامەوە ئەزموونکراوە (بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزیشەوە) بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتر و ئاگادارکردنەوەی بەرنامەسازی.

چالاکی بەرزکردنەوەی هۆشیاری ئەنجام بدەن بەئامانجگرتنی ئەو لایەنانەی کەکاردەکەن لەگەڵ کەسانی کەمئەندام لەسەر سەلامەتی و مەترسییەکانی پەیوەندیدار بەئاسایش کە دەکرێ کەسانی کەمئەندام بگرێتەوە، و ڕێگەکانی هێورکردنەوەیان.

# پاشکۆی ا: داتای لاوەکی پێداچوونەوەی بۆ کراوە

- سەردانی کردنی عێراق: ڕاپۆرتی پەیامنێری تایبەت بە مافی مرۆڤی ئاوارەکانی ناوخۆ، ئایاری 2020، ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان
- کەمئەندامان لەچوارچێوەی ئاوارەبوونی ناوخۆدا: ڕاپۆرتی پەیامنێری تایبەت بەمافەکانی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکان، ئایاری 2020، ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.
- 2021 کەسانی کەمئەندام و ڕێکخراوە نوێنەرایەتییەکانیان لە عێراق: بەربەست و ئاڵنگاری و ئەولەویەت، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران 2021
- ستراتیژی گشتگیری کەمئەندامی IOM لە عێراق 2019-2021
- ئاوارەبوون لە عێراق: پێداچوونەوە بە جۆری بەربەستەکانی گەڕانەوە، IOM، 2021
- شکاندنی بەربەستەکان: ئەزموونەکانی توندوتیژی ڕەگەزی و بەربەستەکان بۆ یارمەتی گەڕان بەدوای کەسانی کەمئەندام و کەسانی بەتەمەن لە عێراق (ئەنجامەکانی بەکارهێنانی زمانی سادە)، ڕێکخراوی هارتلاند ئەلاینس، 2022
- بەشداری شیکردنەوەی (جێندەر، کەمئەندامی و تەمەن) لە شەنگال و حەویجە، بنیاتنانی ئاییندەیەکی ئاشتییانە و چاودێریکردن، 2019
- ڕاپۆرتی جیهانی تایبەت بە کەمئەندامان، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و بانکی جیهانی، 2011
- کەمئەندامی لە چوارچێوەی مرۆییدا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هاندیکاپ/کەمئەندامان، 2015
- دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە مرۆییەکان بۆ کەسانی کەمئەندام: شیکاریی باردۆخی لە پاراستنی بنتیو لە شوێنی مەدەنی، باشووری سوودان، مرۆڤایەتی و بەشدارپێکردن و IOM، 2017
- بەشدارپێکردنی کەمئەندامان لە پرۆگرامی پەناگە و جێگیرکردنەکان، ڕاپۆرتی نەخشەکێشانی بنچینە، تەمموزی 2019، کۆمەڵی پەناگەی جیهانی
- ئێم سی ئێن ئەی (هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە کۆمەڵ) VIII، کە لە مانگی تەمووز-ئەیلولی 2020دا ئەنجام دراوە، REACH
- MCNA (هەڵسەنگاندنی پێویستی فرە کۆمەڵ) IX، کە لە مانگی حوزەیران-ئابی 2021 ئەنجام دراوە، REACH
- ڕاپۆرتی ڕاگوازتن لە عێراق 123 (ئاب - ئەیلولی 2021)، IOM
- عێراق CCCM پێداچونەوەی گشتی دانیشتوانی IDP لە کەمپ، کانوونی یەکەمی 2021
- عێراق CCCM پێداچونەوەی گشتی شوێنە نافەرمیەکان، ئەیلولی 2021
- پێداچونەوەی پێویستییە مرۆییەکانی عێراق، ئۆچا، شوباتی 2021
- پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی عێراق، ئۆچا، شوباتی 2021

# پاشکۆی ٢: ەی داتائامرازەکانی کۆکردنەو

### پرسیارنامە - ئاوارە ناوەخۆییەکان و گەڕاوەکان

بەروار:

شوێن:

پێشوازیی کردن لە بەشداربووان و پێشەکیی:

بەیانیت/دوانیوەڕۆ باش، سوپاس بۆ ئەو کاتەی بە ئێمەت دا و هاوکات بۆ هاوکاری کردنتان. ناوم (....)ە و ئەمە هاوکارم (.......)ە. پێکەوە دیراسەیەکی ڕاوێژکاری ئەنجام دەدەی لەبری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە عێراق.

### مەبەست لە توێژینەوەکە

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە عێراق بەدوای دەستنیشانکردنی ئەو بەربەست و کۆسپانەی کە ئاوارە و گەڕاوە کەمئەندامەکان لە ناو کەمپەکان و ناوچەکانی گەڕانەوەدا لە بوارەکانی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزان و زانیاریدا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە عێراق ئەم زانیاریانە بەکاردێنێت بۆ بەرنامەسازی لەداهاتودا، ئێمە ناتوانین بەڵێن بدەین کە لە بەرامبەر ئەم گفتوگۆیەدا پشتگیریتان پێشکەش بکەین، بەڵام ئێمە کات و وەڵامەکانت بە هەن وەردەگرین.

### پاراستنی نهێنی و ئاشکرا نەکردنی ناو

ئەم زانیارییەی پێمانی دەدەیت بە نهێنی دەمێنێتەوە، واتە زانیاری و وەڵامەکانت نادرێت بە هیچ کەسێک کە پەیوەندی بەم توێژینەوەیە نییە. زانیاری سەرەتاییت وەکو (ناو، ناونیشان و ژمارەی پەیوەندی) لە ڕاپۆرتەکەدا هاوبەشی پێناکرێت. هەروەها دەمانەوێت ئاگادارتان بکەینەوە کە IOM زانیاری کۆکراوە بەکاردێنێت بۆ بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتێک.

### کۆتایی

ئایا هیچ پرسیارێکت هەیە پێش ئەوەی بەردەوام بین؟

پرسیاری داهاتوو دەربارەی تۆیە:

| ١. دیمۆگرافی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1.1 ناو | | | | |
| 1.2 ڕەگەز | هی تر / مێ / نێر | | | |
| 1.3 تەمەن | | | | |
| پرسیارەکانی داهاتوو دەربارەی ئەو گرفتانەیە کە ڕەنگە هەتبێت ئەویش کێشەی تەندروستییە و بەو هۆیەوە نەتوانی چالاکی دیاریکراو ئەنجام بدەیت: | | | | |
| 1.4 a. تەنانەت ئەگەر چاویلکەش لە چاو بکەیت، بە زەحمەت دەبینیت؟ | نەخێر – هیچ کیشەم نییە. | بەڵێ – کەمێک کێشەم هەیە. | بەڵێ –زۆرم کیشەم هەیە. | بە هیچ شێوەیەک پێم ناکرێت |
| 1.4 b. ئایا کێشەی بیستنت هەیە، تەنانەت ئەگەر ئامێری بیستن بەکاربێنیت؟ | نەخێر – هیچ کیشەم نییە. | بەڵێ – کەمێک کێشەم هەیە. | بەڵێ –زۆرم کیشەم هەیە. | بە هیچ شێوەیەک پێم ناکرێت |
| 1.4 c. ئایا لە ڕۆیشتن یان سەرکەوتن لە قادرمە کێشەت هەیە؟ | نەخێر – هیچ کیشەم نییە. | بەڵێ – کەمێک کێشەم هەیە. | بەڵێ –زۆرم کیشەم هەیە. | بە هیچ شێوەیەک پێم ناکرێت |
| 1.4 d. ئایا کێشەت هەیە لە بەبیرهێنانەوە یان تەرکیز کردن؟ | نەخێر – هیچ کیشەم نییە. | بەڵێ – کەمێک کێشەم هەیە. | بەڵێ –زۆرم کیشەم هەیە. | بە هیچ شێوەیەک پێم ناکرێت |
| 1.4 e. ئایا کێشەت هەیە لە خزمەتکردنی خۆت وەکو خۆ شۆردن یان جل لەبەر کردن؟ | نەخێر – هیچ کیشەم نییە. | بەڵێ – کەمێک کێشەم هەیە. | بەڵێ –زۆرم کیشەم هەیە. | بە هیچ شێوەیەک پێم ناکرێت |
| 1.4 f. لەڕێگەی زمانی ئاسایی خۆت، ئایا لە پەیوەندی و گفتوگۆکردن، بۆنمونە تێگەیشتن لەبەرامبەر یان ئەوەی کە لێت تێبگەن کیشەت هەیە؟ | نەخێر – هیچ کیشەم نییە. | بەڵێ – کەمێک کێشەم هەیە. | بەڵێ –زۆرم کیشەم هەیە. | بە هیچ شێوەیەک پێم ناکرێت |

کۆمەڵە پرسیارێکی داهاتووەمان دەربارەی گرنگترین هۆکارەکانی تۆیە لە کاتی بڕیاردان بۆ جێهێشتن یان مانەوە لەم شوێنە.

| ٢. نیازەکانی گواستنەوە و ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر بڕیاری گواستنەوە و ڕۆیشتن لەو شوێنەوە هەیە. (تەنها ئاوارەکان) | |
|---|---|
| **پرسیار** | **تێبینی بۆ توێژەرەکە:** |
| 2.1 پێش ئاوارە بوونت بۆ ئەم کەمپە لە کام شوێن دەژیایت ؟ | پارێزگا و قەزا + شوێن (شار، شارۆچکە و هتد) دیاری بکرێت |
| 2.2 ماوەی چەندە لەم کەمپەدا دەژیت؟ | بەدەستهێنانی وەڵامی تایبەت بۆ نموونە: ماوەی 3 مانگە یان 1 ساڵ دەبێت و هتد. |
| 2.2 ئایا هیچ هەوڵێکت داوە بۆ جێهێشتنی ئەم کەمپە؟ ئەگەر نا، بۆچی؟<br><br>ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت، بڕۆ بۆ 3 پرسیاری داهاتوو لە خوارەوە | بەڵێ/نەخێر |
| ئەگەر بەڵێ، بۆ کوێ چوویت؟ | ئەگەر بەڵێ بوو، پارێزگا و قەزا + شوێن (شار، شارۆچکە و هتد) دیاری بکرێت.<br><br>بپرسە ئایا شوێنێ ڕەسەنی خۆیەتی، مەبەست ئەو ناوچەیەی کە کەسەکە پێش ئاوارەبوون تێیدا دەژیا، هی تر. |
| ماوەی چەند لەو شوێنە مایەوە پێش ئەوەی بڕیار بدەیت بگەڕێیتەوە بۆ کەمپەکە؟ | بەدەستهێنانی وەڵامی دیاریکراو، بۆ نمونە: 3 مانگ، 1 ساڵ و هتد.<br><br>پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لەوانەیە خەڵک لە شوێنەکانی دیکەی ئاوارەبووندا بژین، و هەوڵیان داوە بگەڕێنەوە یان بچنە دەرەوەی کەمپەکە و لەکۆتاییدا لە هەندێک لەو شوێنانە نیشتەجێ بوونە. |
| چ فاکتەرێک کاریگەری لەسەر بڕیارەکەت هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ کامپەکە؟ تکایە چیرۆکەکەت  باس بکە.<br><br>ئایا هیچ هۆکارێک هەبوو کە بڕیاری گەڕانەوەت دواخست؟ | |
| 2.4 ئایا پلانت هەیە لە کەمپەکە بمێنیتەوە یان لە ماوەی داهاتوودا بڕۆیت بۆ شوێنێکی تر؟ | |
| 2.5 ئەگەر پلانت دانا بۆ ڕۆیشتن، بە تەواوی لەبەرنامە دایە بۆ کوێ بڕۆیت (ناوچەی ڕەسەنی خۆت، ئەو ناوچەیەی کە پێش ئاوارە بوون لێی دەژیایت، هی تر)؟ | پارێزگاو قەزاو ناحیەکە دیارییکە<br><br>دیاریکردنی جۆری ناوچەکە: شوێنی ڕەسەنی کەسەکە، ئەو ناوچەیەی کە کەسەکە پێش ئاوارەبوون تێیدا دەژیا، ئەوانی تر |
| 2.6 پلانت هەیە کەی بڕۆیت؟ | بەدەستهێنانی وەڵامی تایبەت، بۆ نمونە: *دانانی پلان بۆ گواستنەوە لە مانگی داهاتوودا.<br><br>*دانانی پلان بۆ گواستنەوە لە 3 مانگی داهاتوو* دانانی پلان بۆ گواستنەوە لە 12 مانگی داهاتوو<br><br>* دانانی پلان بۆ مانەوە لە کەمپەکە تا ئەو کاتەی بگونجێت*هی تر (دیاریکردن) |
| 2.7 ئەو فاکتەرە گرنگانە چین کە تۆ ڕەچاوی دەکەیت کاتێ بڕیار دەدەیت کە کامپەکە بەجێ بهێڵیت و بگوازیتەوە بۆ شوێنێکی تر؟ بۆچی ئەم هۆکارانە گرینگن؟ | تێبینی بۆ توێژەرەکە:<br><br>هۆکارەکان بۆ نموونە دەتوانن بریتی بن لە داخستنی کەمپ و گەڕانەوەی ئەندامانی خێزان یان چاودێرەکە و هەستکردن بە باشتر بوونی سەلامەتی و ئاسایشی ئەو شوێنەی بۆی گەڕاوەتەوە یان تیایدا نیشتەجێ بووە و هەستکردن بە ئینتیما بۆ هەمان گروپی قەومی/ خێڵەکیی/ ئایینی هتد<br><br>ئەگەر پێویست بوو، پرسیار ی بەدواداچوون بکە بۆ ئەوەی بزانیت ئەگەر هەندێک لە فاکتەرەکان پەیوەندیدارن بە کەمئەندامی یان نەخێر (دەستگەیشتنی باشتر بە خزمەتگوزاری بۆ کەسانی کەمئەندام، ئەگەری وەرگرتنی پشتگیری پەیوەندیدار بە کەمئەندامی هتد) |

| ٢. نیازەکانی گواستنەوە و ئەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر بڕیاری گواستنەوە و ڕۆیشتن لەو شوێنەوە هەیە. (تەنها گەڕاوەکان) | |
|---|---|
| پرسیار | تێبینی بۆ توێژەرەکە: |
| 2.1. ئایا ئەو ناوچەی کە ئێستا لێی دەژیت ناوچەی ڕەسەنی خۆتە؟ | بەڵێ/نەخێر |
| 2.2. ئەگەر نا، شوێنی ڕەسەنی تۆ کوێیە؟ | پارێزگا و قەزا + شوێن (شار، شارۆچکە و هتد) دیاری بکرێت |
| 2.3. ماوەی چەندە لەو ناوچەیە دەژیت؟ | بەدەستهێنانی وەڵامی تایبەت بۆ نموونە: ماوەی 3 مانگە یان 1 ساڵ دەبێت و هتد. |
| 2.4. ئایا پێش ئەوە بێیت بۆ ئەو شوێنە، لە کامپی ئاوارە ناوەخۆییەکان دەژیایت؟ | بەڵێ/نەخێر |
| 2.5. ئەگەر بەڵێ، کامیان؟ | |
| 2.6. ئەگەر نا، پێشتر لە کوێ دەژیایت (ناوچە و جۆری خانوبەرە)؟ | پارێزگاو قەزا + شوێن دیاری بکرێت<br>جۆری خانووبەرە: خانووی کرێ، بینای تەواونەکراو، پەناگە، هی تر |
| 2.7. هۆکاری سەرەکی چی بوو کە وای لە تۆ کرد بڕیار بدەیت بگوازیتەوە بۆ ئەم شوێنە؟ | |
| 2.8. لە مانگەکانی داهاتودا، پلانت هەیە لە هەمان شوێندا بمێنیتەوە/ بگوازیتەوە بۆ ناوچەی ڕەسەنی خۆت (ئەگەر جیاواز بێت لە شوێنی ئێستای تۆ) / دەچیت بۆ کەمپی ئاوارەکان / هی تر؟ بۆچی؟ | ئەگەر بگوازیتەوە بۆ ناوچەیەکی تر، پارێزگا و قەزا + شوێن + جۆری ناوچە (شوێنی ڕەسەن و سەرەکی خۆی، ناوچەکانی تر...) دیاری بکرێت |

**دوا کۆمەڵە پرسیارەکان دەربارەی ئەو بەربەستانەی کە لەوانەیە لەم شوێنەدا تووشی بیت، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە لەوانەیە یارمەتیدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم بەربەستانە.**

| ٣. گشتی | |
|---|---|
| پرسیار | تێبینی بۆ توێژەرەکە: |
| 3.1. ئەو گرفتە سەرەکیانە چین کە کەسانی کەمئەندام لەم شوێنەدا دوچاری دەبن؟<br>تکایە نموونەکان باس بکە. | بەشداربوو وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە: *بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستی جەستەیی بۆ چوونەژوورەوە و جێهێشتنی ماڵ/ پەناگەی خۆیان *بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە / مەحاڵە دەستیان بگات بە دابەشکردنەکان. ترس لە گێچەڵکردن لەکاتی چوون بۆ شوێنی دابەشکردنەکە/لە شوێنەکە.<br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری: بەردەست نەبوونی زانیاری بۆ سوودمەند بوون لە دابەشکردنەکە.<br>* بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نمونە – ناکرێ لە شوێنی دابەشکردنەکە خۆبەخش کاربکات بەهۆی کەمئەندامێتی.<br>پرسیار بکە بۆ نمونەکان. |
| 3.2. پرسیار لە سەر خۆدی خۆت بکەین، ئەو گرفتە سەرەکیانە چین کە لەم شوێنەدا دوچاری دەبیتەوە؟ بۆچی بۆ تۆ ئاڵنگارییە؟ چی شتێک هاوکاریت دەکات کە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریانە بکەیت؟ تکایە نمونە بهێنەوە. | بە هەمان شێوەی سەرەوە.<br>پرسیار لەو کەسە بکە، بزانە کام ئاڵنگاری لەهەموویان گرنگترە و بۆچی. |

| ٤. نیشتەجێبوون | |
|---|---|
| 41. تۆ ئێستا لە چ جۆرە خانو و پەناگەیەکدا دەژیت؟<br>لەگەڵ کێ دەژیت؟<br>بۆ گەڕاوەکان: ئایا هەر ئەو ماڵەیە کە پێش ئاوارەبوونت تێیدا دەژیایت؟ | دیاریکردنی جۆری خانووبەرە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە پەناگا و خانووبەرەکەدا دەژین، خزمایەتی |
| 4.2. چ ئاڵینگاریەکتان هەیە لە گەیشتن و ژیان لە پەناگا/خانووەکەت؟ کام لەم ئاڵینگاریانە گرینگترینن؟ تکایە نمونە بهێنەوە .<br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن بە پەناگە/خانووبەرە؟<br>بۆ گەڕاوەکان: ئەگەر پێویست بوو خانوویەکی نوێ بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی تێیدا بژیت، ئایا هیچ بەربەستێک هەیە لە دۆزینەوە و بەدەستهێنانی شوێنێک بۆ نیشتەجێ بوون؟ | بەشداربوو وەڵامی  پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە:<br>*بەربەستی فیزیکی: نمونە - بەربەستی جەستەیی بۆ چوونەژوورەوە و جێهێشتنی ماڵ/پەناگەی خۆیان *بەربەستی هەڵسوکەوت: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / مرۆڤدۆستانە و ئەکتەرەکانی تر قورسی  دەکەن / مەحاڵە شوێنەکەیان بەجێبێڵن.<br>پەیوەندی /بەربەستی زانیاری:  بەردەست نەبوونی زانیاری بۆ نمونە بۆ بەردەست بوونی پەناگە.<br>*دامەزراوەیی / کارگێڕی / بەربەستە یاساییەکان: نمونە - کەسانی کەمئەندام بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بۆ چوونە ژورەوەی پەناگە<br>پرسیار بکە بۆ نمونەکان |
| **٥. بژێوی ژیام** | |
| 5.1. ئایا ئێستا ئیشێکی بە داهاتت هەیە (ڕێکخراو یان نارێکخراو)؟ کامیان؟ ئەگەر نا، بۆچی؟ | کارەکە و جۆری دیاری بکە (هەمیشەیی، کاتی، ئاسایی، نارێک) |
| 5.5. لە بەدەست هێنانی داهاتدا ڕووبەڕووی چ بەربەستێک دەبیتەوە (ڕاهێنان، دامەزراندن، هەلی دروستکردنی کار)؟ کام لەو بەربەستانە گرینگترینن بۆ تۆ؟ تکایە نمونە بهێنەوە .<br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن بە داهات؟ | بەشداربوو وەڵامی  پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە: *بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستی جەستەیی بۆ چوونەژوورەوە و جێهێشتنی ماڵ/پەناگەی خۆیان *بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە / مەحاڵە دەستیان بگات بە دابەشکردنەکان. ترس لە گێچەڵکردن لەکاتی چوون بۆ شوێنی دابەشکردنەکە/لە شوێنەکە.<br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری:  بەردەست نەبوونی زانیاری بۆ سوودمەند بوون لە دابەشکردنەکە.<br>* بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نمونە - کەسانی کەمئەندام بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بۆ گەیشتن بە پەناگە.<br>پرسیار بکە بۆ نمونەکان |
| **٦. خزمەتگوزاری سەرەتایی** | |
| 6.1. ئایا هیچ جۆرە خواردنێک یان پاڵپشتیەکی پەیوەندیدار بە خواردن یان مەوادی ناخۆراکی لەو شوێنەی کە ئێستا تێیدا دەژیت وەر ئەگریت؟<br>چ بەربەستێک هەیە لە بەدەست هێنانی مەوادەکان لە دابەشکردن (بۆ نموونە، خواردن، پارە/کۆپۆن/کارت، دابەشکردنی مەوادی ناخۆراکی)؟ کام لەو بەربەستانە گرینگترینن؟ تکایە نمونە بهێنەوە .<br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتنت بە دابەشکردنەکان؟ | بەشداربوو وەڵامی  پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە: *بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستی جەستەیی بۆ چوونەژوورەوە و جێهێشتنی ماڵ/پەناگەی خۆیان *بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە / مەحاڵە دەستیان بگات بە دابەشکردنەکان. ترس لە گێچەڵکردن لەکاتی چوون بۆ شوێنی دابەشکردنەکە/لە شوێنەکە.<br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری:  بەردەست نەبوونی زانیاری بۆ سوودمەند بوون لە دابەشکردنەکە.<br>* بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نمونە - کەسانی کەمئەندام بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بۆ گەیشتن بە کاروپیشە.<br>پرسیار بکە بۆ نمونەکان |
| 6.2. ئایا هیچ ئاڵینگاریەکی هەیە لە دەستگەیشتن و بەکارهێنانی بازاڕدا؟ کام لەو بەربەستانە گرینگترینن؟ تکایە نمونە بهێنەوە .<br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن بە بازاڕەکان؟ | بەشداربوو وەڵامی  پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە: *بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستی جەستەیی بۆ چوونەژوورەوە و جێهێشتنی ماڵ/پەناگەی خۆیان *بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە / مەحاڵە دەستیان بگات بە دابەشکردنەکان. ترس لە گێچەڵکردن لەکاتی چوون بۆ شوێنی دابەشکردنەکە/لە شوێنەکە.<br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری:  بەردەست نەبوونی زانیاری بۆ سوودمەند بوون لە دابەشکردنەکە.<br>* بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نمونە - کەسانی کەمئەندام بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بۆ گەیشتن بە دابەشکردنەکە.<br>داوای نمونە بکە |

| | |
|---|---|
| 6.3. ئەگەر هەبێت، لە بەدەست هێنانی ئاوی پاکدا ڕووبەڕووی چ بەربەستێک دەبیتەوە؟ تکایە نمونە بهێنەوە .<br><br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن بە ئاو؟ | بەشداربوو وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە: بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستەکان لەسەر ڕێگا بۆ خاڵی ئاو<br><br>بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە / مەحاڵە دەستیان بگات بە دابەشکردنەکان. ترس لە گێچەڵکردن لەکاتی چوون بۆ شوێنی ئاوەوە / لە خاڵی ئاودا<br><br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری: : نمونە - دژواری لە گەیشتن بە زانیاری لەسەر ڕێگای گەیشتن بە خاڵی ئاو<br><br>بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نمونە - خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەولەویەتییان نییە/ بۆ تەرخانکردنی ئاوی زیادە ناسێنراون<br><br>داوای نمونە بکە |
| 6.4. لە بەکارهێنانی توالێت یان شوێنی حەمام کردن تووشی چ بەربەستێک دەبیتەوە؟ تکایە نمونە بهێنەوە .<br><br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتنت بە توالێت یان شوێنی گەرماو؟ | بەشداربوو وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە: بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستەکان لەسەر ڕێگا بۆ بەکارهێنانی توالێت<br><br>بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە / مەحاڵە دەستیان بگات بە دابەشکردنەکان. ترس لە گێچەڵکردن لە ڕێگای تاقگەکان<br><br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری: نمونە - گرفتەکان لە گەیشتن بە زانیاری لەسەر شوێن و هەبوونی توالێت/توالێتەکانی بەردەست<br><br>بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: : نمونە - کەسانی کەمئەندام بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بۆ بەکارهێنانی توالێتی بەردەست<br><br>داوای نمونە بکە |
| 6.5. چ ئاڵینگاریەک هەیە لە چوون و بەکارهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی لەوانە دەرمان، ئامێری یارمەتیدەر و خزمەتگوزاری شیاندنەوە؟ تکایە نمونە بهێنەوە .<br><br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتنت بە خزمەتگوزاری تەندروستی؟ | بەشداربوو وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە:بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستەکان لە ڕێگەی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی/ ئاسانکاریەکان، بەربەستەکان بۆ چوونە ژوورەوە یان جوڵاندن لە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی/ ئاسانکارییەکان<br><br>بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە / مەحاڵە دەستیان بگات بە دابەشکردنەکان. ترس لە گێچەڵکردن بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان.<br><br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری: : نمونە - ئەو کەسانەی کەمئەندامن (یان کەسانی پاڵپشت) زانیاریان نیە لەسەر خزمەتگوزاری بەردەست، یان چۆن دەتوانن خزمەگوزاری تەندروستی بەکاربێنن.<br><br>بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نمونە - کەسانی کەمئەندام بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بۆ گەیشتن بە ئاسانکاریەکانی تەندروستی، خزمەتگوزاریەکان<br><br>داوای نمونە بکە |
| 6.6. چەند ساڵ لە قوتابخانە خوێندوتە، بە خوێندنی باڵاوە، تاچ ئاستێکت تەواو کردووە؟<br><br>ئایا کاتی گواستنەوە دەبوایە خوێندنەکەت بوەستێنیت؟<br><br>ئەگەر بەڵێ، هۆکاری سەرەکی چی بوو بۆ ئامادەنوبونی هەمیشەییت یان واز هێنان لە خوێندن ؟<br><br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتنت بە پەروەردە؟ | بەشداربوو وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە: بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستەکانی ڕێگا بۆ شوێنەکانی قوتابخانە/فێربوون بەربەستەکان بۆ چوونە ژوورەوە یان گواستنەوە لە دەوروبەری قوتابخانە/شوێنی فێربوون<br><br>بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە بەشدارییان لە فێربوون قوورسە، ترس لە ئازاردان لە ڕێگا بۆ / لە ئاسانکاریەکانی پەروەردە<br><br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری : نمونە - نمونە - ئەو کەسانەی کەمئەندامن (یان کەسانی پاڵپشت) زانیاریان نیە لەسەر خزمەتگوزاری پەروەردەیان چۆن دەتوانن خزمەگوزاری پەروەردە بەکاربێنن.<br><br>بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نموونە - پەروەردە لەگەڵ پێداویستییە فێرکارییەکانیان ناگونجێت، منداڵانی کەمئەندام بەڵگەنامەی پێویستیان نییە بۆ گەیشتن بە پەروەردە<br><br>داوای نمونە بکە |
| 6.7. چ ئاڵینگاریەکت هەیە لە گەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی تر؟<br><br>تکایە نمونەی ئەو بەرەنگاریانە بێنەوە کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ببیتەوە.<br><br>چ فاکتەرێک ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتنت بەم خزمەتگوزارییە سەرەتاییانە؟ | |

## ٧. یەکانگیری کۆمەڵایەتی

| | |
|---|---|
| 7.1. ئایا دەتوانیت بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بکەیت لەو شوێنەی کە تێیدا دەژیت؟<br><br>ئەگەر نا، بۆچی؟<br><br>ئەگەر بەڵێ، کامیان؟<br><br>ئەو هۆکارانە چین کە ئاسانکاری دەکەن بۆ گەیشتن بەم چالاکیانە؟ | بەشداربوو وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە:<br><br>بەربەستی جەستەیی: نمونە - بەربەستەکان لە ڕێگەی چالاکیەکان / لەو بۆشاییەی کە چالاکی تێدا ئەنجامدەدا<br><br>بەربەستی تێڕوانین: نمونە - تێگەیشتن و بیروباوەڕی خێزان / کۆمەڵگا / قورسی لەلایەن ستافەوە، ترس لە ئازاردان و لە گێچەڵکردن/ بێزێزیکردن لەلایەن ئەوانەی چالاکی بەڕێوەدەبەن یان بەشداربووانی تر.<br><br>بەربەستی پەیوەندی / زانیاری : نمونە - نمونە - ئەو کەسانەی کەمئەندامن (یان کەسانی پاڵپشت) زانیاریان نیە لەسەر چۆنیەتی و لەکوێ دەتوانن بەشداری بکەن.<br><br>بەربەستە دامەزراوەیی / کارگێڕی / یاساییەکان: نموونە - هیچ چالاکیەک بە شێوەیەک دیزاین نەکراوە کە کەسانی کەمئەندام بتوانن بەشداری تێدا بکەن |
| 7.2. ئایا تا ئێستا لە لایەن کۆمەڵگاوە تووشی حاڵەتی نەنگی یان تێڕووانینی نەرێنی بوویتە؟ بە کام ڕێگایە؟ | |
| 7.3. چ جۆرە پشتگیریەکی کۆمەڵایەتی بەردەستە لەو شوێنەی کە تێیدا دەژیت (خێزان، ئەندامانی دەرەوەی خێزان، هاوڕێکان، ئەندامانی کۆمەڵگا، ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان، ئەوانی تر)؟ تکایە نمونە بهێنەوە. | |

## ٨. سەلامەتی و ئاسایش

| | |
|---|---|
| 1.8. لەو شوێنە تووشی چ جۆرە کێشەیەکی پەیوەندیدار بە سەلامەتی یان ئاسایش دەبیتەوە، ئەگەر هەیە؟<br><br>گرنگترینیان کامەیە؟ | کێشەکان دەتوانن بریتی بن لە هەبوونی گروپە چەکدارەکان لەناو کەمپەکە یان نزیک لە کەمپەکە، مەترسی ئەوەی کە پەیوەندی بەو گرووپە چەکدارانەوە هەبێت، بوونی مەترسی تەقینەوە؛ مەترسی هەراسانکردن یان هێرشکردن لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە، سنوردارکردنی جموجۆڵ - بەناچاری یان خۆسەپاندن لە ئەنجامی تێگەیشتنی سەلامەتی |
| 2.8. ئایا لە دەوروبەری خۆتدا شاهیدی هیچ جۆرە ئیستغلالێک، توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز، توندوتیژی و خراپ بەکارهێنان بوویتە؟ ئەگەر هەبووە، ئایا دەتوانیت خۆت لەوانە بپارێزیت؟ وە چۆن؟ | ئەم پرسیارە دەتوانێت زۆر هەستیار بێت بۆ پرسیار کردن. گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە ناچار نەکەیت بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بە نائاسوودەیی. |

## ٩. دەستگەیشتن بە زانیاری

| | |
|---|---|
| 1.9. ئایا تۆ دەستگەیشتنت هەیە بە زانیاری پەیوەست بە یارمەتی مرۆیی و خزمەتگوزاری کە لەو شوێنە دابینکراو ە؟ ئەگەر بەڵێ/نا، بۆچی؟ | بەشداربوو وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، پاشان توێژەر دەتوانێت داوای بەدواداچوونی زیاتر بکات: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە کە پەیوەندی بە کەمئەندامی هەبێت؟ ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە:<br><br>بەربەستی جەستەیی بۆ گەیشتن و تێگەیشتن لە زانیاریەکان<br><br>بەربەستی تێڕوانین: نمونە – دابینکەری خزمەتگوزاری ڕەچاوی ئەوە ناکەن کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان پێویستیان بە گەیشتن بە زانیاری هەیە لەسەر خزمەتگوزاریەکان<br><br>بەربەستەکانی پەیوەندی / زانیاری: نمونە - کەسانی کەمئەندام (یان کەسانی پاڵپشت) لەو زانیاریانە تێناگەن کە بۆیان دابینکراوە<br><br>بەربەستە دامەزراوەیی / ئیداری / یاساییەکان: نمونە - زانیاری بەشێوەیەک نادرێت کە کەسانی کەمئەندام بتوانن لێی تێبگەن . |
| 2.9. ئایا دابینکەرانی خزمەتگوزاری لەم کامپەدا لە پێداویستی و کێشەکانی کەسانی کەمئەندام تێدەگەن و دەیانزانن؟ بۆچی؟ | گرینگە وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە.<br><br>هەروەها بزانە کەسی خاوەن پێداویستیی تایبەت ڕاوێژی پێکراوە. بزانە ڕاوێژەکان سنووردار بوونە، یانە بزانە بە هیچ شێوەیەک لەلایەن دابینکارانی خزمەتگوزاری جیاوازەوە ڕاوێژیان لەگەڵ کراوە. |

ئایا هیچ شتێکی تر هەیە کە دەتەوێت هاوبەشی بکەیت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بەربەستانەی کە ئەزموونی دەکەیت، هەروەها بۆ ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیت دەدەن بەسەر ئەو بەربەستانە زاڵ بیت؟

سوپاس بۆ تۆ

## پرسـیارنامە - لایەنی پەیوەندیداری سـەرەکی دەرەوە

بەروار

شوێن

ناوی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە

ڕۆڵ/شوێنی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە:

### 1. پرسیاری گشتی

1.1 ئایا تێبینی هیچ ئاراستەیەکت کردووە لە ڕووی جوڵەوهاتوچۆی گەڕاوە/ئاوارەکانی کەمئەندام لە / بۆ ئەم شوێنە (هاتوو و گەڕاوەکان) یان ئایا دۆخەکە بە گشتی بەجێگیری ماوەتەوە؟ چۆن ئەم ئاراستەیە ڕوون دەکەیتەوە؟

1.2 لە بواری گەڕانەوە یان ڕاگواستن، پێت وایە ڕێژەی کەسانی کەمئەندام کە لەم ناوچەدا دەژین بە بەراورد لەگەڵ پێش ململانێکە گۆڕاوە؟ بۆچی؟ چ کاریگەرییەکی هەبوو بۆ سەر باری گوزەرانی کەسانی کەمئەندام؟

1.3 کام میکانیزم بۆ ناسینەوەی ئاوارە/گەڕاوەی کەمئەندام و بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان بوونی هەیە؟

1.4 ئایا هیچ میکانیزمێک لەئارا داهەیە بۆ ئاوارە/گەڕاوەی کەمئەندام بۆ گەیشتن بە زانیاری دەربارەی خزمەتگوزاری بەردەست و میکانیزمەکانی پاراستن؟

1.5 کێشە سەرەکیەکان چین کە ئاوارە/گەڕاوەی کەمئەندام لەم شوێنە ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟

1.6 چ ئاڵنگاریەکت هەیە (چ پەیوەندی بە سەرچاوەکان، بودجە، زانیاری، توانا، تێڕووانین، یان ئەوانی ترەوە هەیە) ئایا دابینکەرانی خزمەتگوزاری و دەسەڵاتداران ڕووبەڕووی چ ئاستەنگێک دەبنەوە کە لەلایەن ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان دیاریکراوە؟

### 2. شـوێنی نیشتەجێبوون

2.1 زۆربەی ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لە چ جۆرە خانوویەکدا دەژین؟

2.2 ئایا ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لەم شوێنەدا خانووبەرە یان شوێنی نیشتەجێبوونیان لەبەردەستە؟

2.3 کێشە سەرەکیەکان لەبەردەم ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لە ڕووی چوونەژوورەوەی خانوو لەم شوێنە چین ؟ (NB: هەوڵ بدە ڕەهەندی جیاواز وەرگریت: دەستگەیشتنی جەستەیی، مافی یاسایی، نەبوونی خانووبەرەی بەردەست، نەتوانینی بەکرێگرتنی شوێن و هتد)

2.4 کام جۆری ئاوارە/گەڕاوەی کەمئەندام ڕووبەڕووی زۆرترین ئاڵنگاری دەبێتەوە لە گەیشتن بە شوێنی نیشتەجێبوون؟

2.5 ئایا هیچ دەستپێشخەرییەکی دیاریکراو هەیە لەلایەن حکومەتەوە، دەزگا مرۆییەکان یان ئاژانسەکانی پەرەپێدان کە ئامانجیان باشترکردنی چوونەژوورەوەی خانووبەرە بۆ ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان بێت؟

### 3. ئاسایشـی خۆراک و مـەوادە ناخۆراکییەکان و بژێوی ژیان

3.1 ئایا ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لەم شوێنەدا بە ئاسانی دەستگەیشتنیان بە خواردن، نەختینە یان دابەشکردنی مەوادە ناخۆراکییەکان هەیە ؟ کام فاکتەر ڕێگرە یان ئاسانکاریدەکات بۆ دەست گەیشتن بەمە؟

3.2 ئایا ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان بە ئاسانی لەم شوێنەدا دەستگەیشتنیان بە بازاڕەکان هەیە؟ کام فاکتەر ڕێگرە یان ئاسانکاری بۆ ئەم دەستگەیشتنە دەکات؟

3.3 ئایا ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان بە ئاسانی لەم شوێنەدا دەستگەیشتنیان بە چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی داهات (IGA) هەیە؟ (ڕاهێنانی پیشەیی، دامەزراندن، پشتگیری گەشەپێدانی بازرگانی)

3.4 باوترین چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی داهات کە ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان دەستیان پێی دەگات چین؟ ئەم هۆکارانە چین کە ئاسانکاری بۆ ئەم دەستگەیشتنە دەکەن، وە ئەو هۆکارانەی کە ڕێگرن لە گەیشتن بە چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی داهات بۆ ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان؟

3.5 کام گروپی ئاوارە/گەڕاوەی کەمئەندام ڕووبەڕووی گەورەترین ئاڵنگاری دەبێتەوە لە گەیشتن بە چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی داهات؟

3.6 ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان دەستیان دەگات بە موچەی پاراستنی کۆمەڵایەتی (سوودمەندی، مووچەی خانەنشینی)؟

3.7 ئایا ئاڵنگاری هەیە لە ڕووی ناونووسین بۆ هاوکاری پاراستنی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە حاڵەتی کەمئەندامییان لەئەنجامی ململانێ/ لە کاتی ئاوارەبووندا تووش بووە؟

3.8 ئایا هیچ دەستپێشخەرییەکی دیاریکراو هەیە لەلایەن حکومەت، دەزگا مرۆییەکان یان ئاژانسەکانی پەرەپێدان کە ئامانجیان باشترکردنی دەستگەیشتنی ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکانە بۆ شوێنی دابەشکردنی خۆراک، یارمەتی نەختینە، بازاڕەکان، هەلی بژێوی ژیان؟

### 4. خزمەتگوزارییـە بنەڕەتییەکان

4.1 کێشە سەرەکیەکان چین کە ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لە شوێنەکەت ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ڕووی:

دەستگەیشتن بە ئاو و تەندروستی؟

دەستگەیشتن بە پەروەردە؟

دەستگەیشتن بە شوێنە گشتیەکان و گواستنەوە؟

دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی، لەوانە دەستگەیشتن بە ئامێرە یارمەتیدەرەکان و پشتگیری پزیشکی تایبەت، دەست گەیشتن بە تەندروستی دەروونی و پشتگیری دەروونی؟

4.2 ئایا هیچ دەستپێشخەرییەکی دیاریکراو هەیە لەلایەن حکومەت، دەزگا مرۆییەکان یان ئاژانسەکانی پەرەپێدان کە ئامانجیان باشترکردنی دەستگەیشتنی ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکانە بۆ خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان؟

### 5. یەکانگیـری کۆمەڵایەتی

5.1 ئایا هەست دەکەیت تێگەیشتنێکی گشتی هەیە لەبەشداری پێکردنی کەمئەندام و مافی کەمئەندامان لە لایەن خێزان و کۆمەڵگا و مامۆستایان و کارمەندانی مرۆیی و بەرپرسانی حکومەتەوە؟

5.2 ئایا ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان دەتوانن بەشداری بکەن لە چالاکیەکانی کۆمەڵگا کە لەم شوێنەدا ئەنجام دەدرێن (چالاکی کلتوری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی)؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

5.3 بە ڕای تۆ کام یەک لە جۆرەکانی کەمئەندامان لە هەموان بێبەش و دورخراوەترن، وە بۆچی؟

5.4 ئایا ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لەم شوێنەدا دەناڵێنن لە هەستکردن بە شەرمەزاری، گۆشەگیری، دوورخستنەوە و تێڕوانینی نەرێنی کۆمەڵگە؟

5.5 سەرچاوەی سەرەکی پشتگیری ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکانی ئەم شوێنە چیە؟ (خێزانەکان، چاودێران، کۆمەڵگا، ئەوانی تر)؟

### 6. سـەلامەتی و ئاسایش

6.1 ئایا هیچ کێشەیەکی تایبەت بە سەلامەتی یان ئاسایش هەیە کە ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لەم شوێنەدا ڕوبەڕووی ببنەوە؟

### 7. ئەوانی تر

7.1 ئایا پەتا و کۆت و بەندی کۆڤید-19 و ئەنجامەکانی کاریگەری هەبووە لەسەر دۆخی ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکان لەم شوێنەدا (دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان، هەلی داهات و هتد)؟

7.2 بەڕای تۆ گرنگترینی ئەو هۆکارانە چین بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەی بەردەوامی کەسانی کەمئەندامی گەڕاوە لەو ناوچانەی بۆی گەڕاوەتەوە.

7.3 ئایا هیچ خاڵێکی تر هەیە کە پەیوەندی بە دۆخی ئاوارە/گەڕاوە کەمئەندامەکانەوە لە شوێنی ئێستادا هەبێت؟

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، عێراق


iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

بارەگای یۆنامی (دیوان 2)
وانچەی نێودەوڵەتی،بەغداد،
عێراق

@IOMIraq


IOM UN MIGRATION

Australian Aid


© ٢٠٢٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، عێراق (IOM)

دووبارە بەرهەمهێنانەوە، هەڵگرتن یان بڵاوکردنەوەی هەر بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بە هەر شێوازێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی یان کۆپیکردن، بەبێ وەرگرتنی ڕێپێدانی نووسراوی پێشوەختە لەلایەن بڵاوکەرەوەکە، ڕێگە پێدراو نییە.